# پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

نەوزاد ڕەفعەت

# پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە



ناوی کتێب: پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە
شیعری: نەوزاد ڕەفعەت
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٣٦
دەرهێنانی هونەری: حاجی دلاوەر صادق
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: کارزان عەبدوڕەحمان
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣١٨)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# دارستانی ئەو بنارە

## ئێواران هەور دەسووتێت

کە زریانم دی نەدەسرەوت
زێم دی سەری دەدا لە بەرد، هاواریەکرد
هەرچی باڵندە و درەختی زەوی هەبوون
تێی وورووکان ژێرنەبۆوە
شار، ئاورینگی لێ دەبۆوە
زانیم هەواڵی کۆستێکم بۆ دێننەوە
تاوێرەکانی ئەم ڕێیە دەگێڕنەوە:
«بەلەشی پڕ برینەوە
بەقشلاخ و زوورگەکانی
ئەم خوارەدا شۆڕبۆتەوە
پۆڕ، هەوێردە، شوێن پێی کەوتوون
ئەشکەوت، بنار، دەنگیان داوە:
«بۆ کوێ هەڵدێیت؟»
دەگێڕنەوە: «ئاورێشی نەداوەتەوە»
ئەوا گۆلەکانیش دەڵێن:
«دیمان تەیرێکی سەیر هات
باڵەکانی لێک کردەوە
هاتە خوارێ، هەردوو چاوەکانی کوڵی
هەڵی گرت و لە دوندێکەوەی هەڵدێرا
لەوساوە گەڵاڕێزانە
لەوساوە مەل نەهاتوونەتەوە لانە
لەوساوە مێگەلێک ئاسک
دەمی نەناوەتە ئاومان
پەلەوەرێک نەهاتۆتە سەر کەنارمان
کەی دنیادیدە و ڕیش سپیی ئەم گەردوونە



ڕۆژگاری وایان بینیوە؟!
کەی کەشتییەوان
گێژنی وایان بڕیوە؟!
زانیم هەر دەستمی بگاتێ
دەسووتێت و ئاوا دەبێت
زانیم ئەو گەردن بلّندە بۆ من نابێت
(من پێش هاتنی باوبۆران
چلّەکانم بینی شکان
پێش سووتانی ئاوی جوێبار
ماسی و مەلم بینی خنکان
پێش بیستنی تەقەی تاپڕ
پۆلە پاساریم دی پێکران
پێش کەوتنی ئا ئەم بەفرە
ڕەوە کەوم بینی خۆیان
لە ڕەشاییی شاخ دەکوتا)
پێم نەوتی: لانەواز و بێ پەناش بیت
جلّەوی ئەسپی خان نەگریت
نەموت: ئەم خانە خۆشخوانێک ڕاناگرێت
بەیتوباوی ئەوین بلّێ و
عاشقەکانی هەموو وڵات دوای خۆی بخات؟
نەموت: تەیر، نابێتە دۆست و گراویی
ئەو قەفەسە ئاسنینە و
ئەو داوەی بۆی دەنرێتەوە؟
خۆمان شوومین؟
یا لە هەنیەمان نووسراوە:
دەبێت تا ماوین غاردەین و

نەگەینە ژێر ئەو ئاسمانە؟
نەگەینە ئەو دارستانە؟
دەوری ئاگردانێک نەدەین؟
دەبێت تا ماوین غاردەین و
نەگەینە پەنایەک بەفر و
کرێوە نەیگرێتەوە؟
من چاوم بۆ هەر ئەستێرەیەک هەڵبڕی
کەوت و ڕژا
هەر زێیەکم خۆشویست سووتا
چادری هەر مێرگ و زەنوێرێکم هەڵدا
لێم هەڵکەنرا
ئەوا تۆشم لێ ئاوابوویت
بێشەم دیوە، دارەکانی خۆی ناشتووە
داڵم دیوە، بەسەر لاشەی نێرییەوە هەڵنیشتووە
قۆچی نێری بەدیوارەوە کوتراوە
– نەشگریاویت؟
– پێکەنیوم
من تەنیا کە کازیوەی تۆم لێ ون دەبێت
هەڵدەوەرێم... تاریک دادێم
– خۆشت دەوێم؟
– ئەی نازانیت نیگەرانی شۆستەی ماتی شەوانتم و
چێنکە و شیناوەردی چاوە جوانەکانت
لە بینین و پەنجەکانم نابنەوە نا...؟
ئەی نابینیت گەر ڕۆژێک هەواڵت نەبێت
جێم لە زەوی نابێتەوە؟
بەکپی سەردەنێمەوە؟



من و تۆ ئەو شەوە فێری عیشقی خاک و
ماڵ و دەواری خۆمان بووین
کە تا بەیان...
لە دەشتەکاندا ماینەوە و باران لێی داین
– خۆشت دەوێم؟
– وەرە لە چاوی منەوە
تەماشای گەردنی بەرز و
شۆخی و سەرکەشیی خۆت بکە
لە چاوی منەوە جوانیی هەوری سووتاوی ئێوارەی
سەر دەریای چاوت ببینە
بڕوانە خۆت...
بڕوانە گەواڵە چرگی ئەو جۆگانەی
گەر لە لوتکەڕا بڕوانیت
باریک و بچووک دەچنەوە
جا دەزانیت بۆ هێندە عاشقی تۆم و
بۆ هێندە دامێنت دەگرم
دەزانیت بۆ لە دێرەوە
کۆستی تۆم بەکۆڵەوەیە و
تلەبەردی ئازارەکانت هەڵدەگرم
من پێش وەی چاو بەدنیادا هەڵبهێنم
دڵدارت بووم...
تۆ لە بێشکەی ڕووناکی عیشقی خۆت نام و
گرتمە ئامێزی خۆت و
کە دەشگریام
هەر بەتۆ ژێردەبوومەوە
نیوە شەوانیش پێم دەگرت

بەرکۆژەتم دەترازاند و
دەخزامە نێو باخەڵتەوە
گوایە عاشقەکانی دنیا
ڕووباریان تێک ناڕژێنەوە
دەشڵێن: کەی تۆ
دەتوانیت باوەش بەقەدی ئەم کۆسارانەدا بکەیت؟
ئەی ئەوە تەمی سووتانی من نییە دادەبەزێت و
بەسەر دەشتەکاندا دەخشێت؟
ئەی ئەوە دەستی من نییە دەنێژرێت و
تەیروتووی زەردەپەڕی لێ هەڵدەنیشێت؟
ئەوە من نیم دەتلاوێنم؟
گەر ئەو خەرتەلەی دەیبینیت
بەسەرمانەوە دەگەڕێت
بێت باڵەکانیم بداتێ
تەنیا ڕووەو تۆ هەڵدەفڕم
گەر ئەو خۆرە
ڕۆشناییەکم پێ ببەخشێت
من شوێن پێی تۆی پێ هەڵدەگرم
هەڵوەرێت ئەو گوڵەی ناهێڵێت
هەنگی تۆی لێ بنوێت
نغرۆبێت ئەو شارەی ڕۆژانی مردنت هەڵناسێت
دەچمە پشت شووشەی پەنجەرەی بەر کزەبا
ڕادەمێنم... دەڕوانمە دوور...
– چی دەبینیت؟
– دەبینم دێیت
مل بەدەشت و دۆڵدا دەنێیت

١٩٧٧- ١٩٧٨



## مەرگی کەژ

دیارە تروسکەی ئاگرێک...
بەفرێک، چرایەک نابینیت
دیارە بەردیش گوێت لێ ناگرێت
بۆیە هێندە دەڕوانیتە ئاسۆی دوور و خۆت دەدوێنیت
تاریکایی دەگریتە بەر
ڕەشەبای کپیت دەڕوێنیت
خۆت دەڕمێنیت
ئازاری کامە برینە پشکۆ و ئەژنۆت پێ دەگوشێت؟
کام ئازارە دەتباتە سەر گەلیی سامناک و
هەڵدێری نوشوستی و چۆکت پێ دەدات؟
دەترسم تۆش دابێیتەوە
یا خۆت لە شاخێ بەرزەوە
هەڵدێریت و نەتبینمەوە
شەو درەنگەو شەقامەکان کپن، چۆڵن...
منیش خەمبارم دە هەڵسە
بکەوە گۆرانی و بەزم و
هەموو وەڕسی و خەمەکان
بەسەمایەک بەبا بدە
دەسەنتوورەکەت هەڵبگرە و
سەرچۆپی بە پەنجە شێتەکانت بگرە
با ئەو ئەسپە سوورەی هاتۆتە سەرپاشوو و
بەهەردوو لەپ
بەربۆتە دەروازەی مێشکت
بەڕەڵڵابێ و بەناو شارە گەمژەکەتدا
غار بدات و بحیلێنێت

با شەختەی ڕووی گۆلی بیرکردنەوەت بشکێت
با تاوێک لوورەی کرێوی شەونخوونیمان خامۆش بێت
من کە لوورەی باوبۆران و سەگی ئاوایی دەبیسم
دادەخورپێم، مەلوول دەبم...
دەڵێم: ئاخۆ دەبێت کامە دڵدار بمرێت؟!
دەبێت دەستم کامە خۆشەویست بنێژێت؟!
دەڵێم: دیسان ئەستێرەم کەوتۆتە لێژی و
کۆستێک پشتم دەنەوێنێت
دادەخورپێم، تارماییەکم لێ دێتە زمان:
«داستانی مردنم ڕۆڵە
لە سنگتدا هەڵبکۆڵە
تا چیتر ئاران نشینی کەڕک لەبەر
مەرگی من نەبینێتەوە
ئەم داغە نەچێژێتەوە
لانەیەک لە شیش و پۆڵا و
کوختەیەک لەو بەردەڵانە دروست بکە
جا با هەر کرێوە بێت و
با هەر لافاوی دژ هەڵسێت»
ئەو شەوانە شێت دەبم و
شوێن پێی ئەوانە هەڵدەگرم
دارەکانیان بەبڕین دا
ئەو ڕووبارەشیان هەڵلووشی
هەر ڕۆژەی خۆی لەبن بەردێک دادەکوتی
– هێشتا کز نیت؟
– کز نابم و دەڕوانم ئا ئەو یاڵەی
کەو، پێش وەی بگیرێت، بمرێت...



ڕووە و ڕەشایی هەڵدەفڕێت
ئەو یاڵەی دەستی هەڵدەبڕێت
گەزۆی مزگێنیم دەداتێ...
دەڵێت: « ئەو خەرتەلە پێکرا
ئارامیی لێ هەڵدەگرتیت
ئەو خەرتەلەی زەمینی وێکهێنابۆوە»
دەڵێت: «ئیتر تیشکی فانۆس
بێ ترس لە پەنجەرەوە دێتەدەرێ
ئیتر کیژ دەچنە داران و
چاو لە شوان دادەگرنەوە
کۆترە باسکە
بەدەوری دڵدارەکەیدا
خول دەخوات و دەگمێنێت
چەم دەخوێنێت»
– پێکێک هەڵدەم؟
بکەومە گۆرانی و بەزم و
هەموو وەڕسی و خەمەکان
بەسەمایەک بەبابدەم؟
– ئەی زۆربا نیت؟
زۆربا ، شاخێک بیرەوەری و کارەسات دەگوێزێتەوە
زۆربا ، هەموو شەوێک خۆی لە...
بێشەی قژێک دەکوژێت و...
بەیانیش هەڵدەسێتەوە

١٩٧٧- ١٩٧٨

## دۆڵی کپ

چاو هەڵدێنم دەبینم تۆیت
بەرامبەرم ڕۆنیشتوویت و
چاوەکانت تێم دەڕوانن
تۆیت قژت داوەتە بەر بای
دەشت و دامێن ئەو کەژانەی
ئاشنای هەورەتریشقەو
هەڵهاتنەوە و ئاوابوونمن
دوێنێ شەویش پێکەوە بووین
پێکەوە شەونخوونیمان بەدیار ئەو زێیەوە کێشا
هاوڕێمانە و کە تەنگاو دەبێ دەبێتە
دەوەن و حەشارمان دەدات
پێکەوە بووین... پێکەوە کەژمان هەڵمژی
بەیتوباوی پیرەکەژی خۆشخوانمان بیست
شۆڕبووینەوە دۆڵی قووڵ و
گوێمان لە گڤەگڤی بای
دارستانی بێ خودانی
ئەودیو گردۆڵکەکان ڕاگرت
باڵندەکانی دەیانوت: «سبەی ڕۆژگارێ تووش دادێت
سبەی ئەو چۆمە بەرینەی تا بەیانی ژاوەی دەهات ڕادەوەستێت»
دەیانوت: «کێن؟ کێن ئەوانەی کە ڕۆژ هەڵدێت
بیر لە فانۆس و قوتیلە دەکەنەوە؟»
تۆش چوویتە سەر کەپکێ بەرز و ڕوانیتە دوور
بینیت وا با بەرد دەڕنێت و نایجووڵێنێت
دیت ئەو کۆرپە سەر بەکۆچکە بێ گوناحەی
ئەمڕۆ سبەی گەورە دەبێت
قەدی کلۆری دارێکی کردۆتە ماڵ
دوورمەکەوە



تاوێکی کە... دەورم دەدەن
لێم دێنە ژووری و هەواڵتم لێ دەپرسن
دەڵێن: «ئەو ڕۆژانەی ساردن
تووشن و بەفر تا چۆکان دێت
ئەو ڕۆژانەی هەور بەناو دۆڵە کپەکاندا دەخشێت
لادەداتە کامە هەوار؟
گەواڵە کۆترە شینکەی چاوەکانی
لادەداتە کامە بنار؟
چەند ساڵی تر ئەم تونێلە هەڵدەکەنێت؟
چەند ساڵی تر نەخشەی مەرگی خۆی هەڵدەگرێت؟
ئەی ئەو ئاوەی
تک تک بەدیوی ناوەوەی
نامرادیدا دێتە خوارێ دەگاتە کوێ؟
چەند ساڵی تر دەگاتە تۆ؟»
منیش کپ دەبم و ناوێرم بتدرکێنم
دەترسم ئەو چەند ئەستێرەی
بەسەر سەرمەوە دەسووتێن
ئەوانیش وەک ئاو دامرکێن
ناوێرم داریش بدوێنم
دەترسم دار بێتە قسە
دەترسم کە چەند لقێکی لێ هەڵپاچرا
بتدرکێنێت و یەکجاری نەتبینمەوە
تەرمتم بۆ بهێننەوە
بۆ وا ماتی؟! سبەی شەویش
شۆڕدەبینەوە دۆڵی قووڵ
کەژ هەڵدەمژین
ئێشک دەگرین
سبەش پێکەوە بێدارین

١٩٧٧- ١٩٧٨

## خەون

که باخەوانی باخ سووتاو و
کەشتییەوانی بەساڵداچووی کەشتی شکاو
خەمبار دەبن
خەو دەبینن:
باخەوان دەشتێک دەبینێت دەژییێتەوە
دارەکانی شین دەبنەوە
کەشتییەوانیش خۆی دەبینێت
تۆڕ هەڵداوێ و
بەدەستی پڕ ماسی و خەندەوە دێتەوە

١٩٧٨/٤/٢



## دارهەنار

منداڵێک: (ڕوودەکاتە دارهەنارێک)
تۆ پێم ناڵێیت
لە کەیەوە دڕکت داوە؟
دارهەنار: (بەپێکەنینەوە)
لەو ڕۆژەوە گوڵی سوور و
هەناری شیرینم بووە...

١٩٧٨

## پەنادان

کێوی، پێش وەی
لە مێگەل جیابێتەوە
فەرخەکانی خۆی فێردەکات
چۆن خۆیان لەم بەری دۆڵەوە هەڵدەنە
ئەو بەر و بەریش نەبنەوە
چۆن قۆچ بە بەرد تیژکەنەوە
تۆش پێش وەی داکات کە ڕک و
سەبووریم پێ دەبەخشیت و
جێم لە کوختەی گەرمی خۆتدا دەکەیتەوە

١٩٧٨



## کەڕک

ماسییەک گیرا... کە بەرەڵڵا بوو
فێربوو چۆن بەناو تۆڕیشدا بڕواو نەگیرێتەوە
دارێکیش ڕنرا... کە سەوز بۆوە
فێربوو چۆن گەڵا و لقەکانی خۆی بشارێتەوە
ئەی تۆ مرۆڤی بەفرستان نشین
تۆ فێربوویت پێش وەی زریان ڕات پێچێت
کەڕک لەبەرکەیت؟
خۆت بنووسێنیت بە بەردێکەوە؟
پێش وەی ڕەهێڵەی بارانێک داکات
خۆت بخزێنیتە ئەشکەوتێکەوە؟

١٩٧٨

## کەپەنک

پیرەهەنجیر: (سەر هەڵدەبڕێت)
تۆ بۆ ئەو مرۆڤە کپ و
کێوییەت کردۆتە داستان؟!
ڕووبار: (سەرێک دەلەقێنێت)
چونکە ڕۆژانی سەخت و تووش
کەپەنکێک
دەداتە کۆرپەی بەر زریان

١٩٧٨



## کێو

شاعیرێک کێوێکی خۆشویست
شەو بەدیارییەوە دادەنیشت
خەمی دێرینی ڕۆژگاری بۆ هەڵدەڕشت
ڕۆژێکیان کێو هاتەقسە:
«بۆوەی بمگەیتێ و بۆ تۆ بم
برۆ گوڵێکم بۆ بچنە لێم نەڕوابێت
گوڵێک دەستی لێ نەدرابێت
هاوڕێکانم نەیاندیبێت»
شاعیرە عاشقەکە ڕۆیی
ڕۆیی... ڕۆیی...
لەو ڕۆژەوەش ڕۆییوە نەهاتۆتەوە
کێوەش ڕۆژ لەبەر پەنجەرەی
خەون و ئومێدێکی دووردا دەکاتەوە

١٩٧٨

## شاعیر

شاعیرێک شیعرێکی دڕی
شیعرە تۆرا
شیعرە گریا
ئێوارەیەک... باڵندە لێی گردبوونەوە
لێیان پرسی: «بۆچی دەگریت؟»
وتی: «ئەو شاعیرە دەڵێت:
تۆ نازانیت
شەو لە کوێوە هەڵدەقوڵێت
زریانی ڕژد لە کوێوە دێت
بۆیە دەگریم»

١٩٧٨



## هاتنەوە

ڕیش سپییەکی دوورە کوێستان
هەردوو چاوەکانی لەتاو
زنج و تووتنەکەی داڕژان
کە پاش ڕۆژگارێک هاتەوە
گوندەکەی هەڕەتی لاوی و
سپیندارێکیش هەتاوی
بینایی پێ بەخشییەوە

١٩٧٨

## قەڵای دووەم

که دەرگای ئەم قەڵایەم لەسەر دادەخرێت
که شەو ناڕوات
شەو دەبێتە کۆسارێک و
تونێلێکم پێ لێنادرێت
ڕادەکشێم و خەودەبینم:
دەبمە مەلێکی بچکۆلە و
لە کونەباچکەی قەڵاوە
دێمەدەرێ و بۆت دەگەڕێم
که لیرێکی بێ بیوریش نادۆزمەوە
دەزانم هێشتا خمبابا نەکوژراوە
دەزانم سیمی خمبابا
دەوری هەموو دنیای داوە

١٩٧٨



## با

سەگوەڕێک دێت...
دەستێک دەرگام دەهەژێنێت
دەیکەمەوە
دەبینم تۆف و بارانە و
دارستان ڕەش دەچێتەوە
شتێک بە بەر پەنجەرەمدا تێدەپەڕێت
دەیکەمەوە
دەبینم هەر بارانە و با-ش
دارەکان دەشکێنێتەوە
ئەو بایە کوێی بریندارە؟!
بۆ ناسرەوێت؟!
بۆ ناهێڵێت مرۆڤێک خەوی لێ بکەوێت؟!
بۆ تیژ دەڕوا و
ڕووی یاڵەکان ڕادەماڵێت؟!
خەریکە کەژیش ڕاپێچێت؟!
ئەی ئەو زێیە چی بیستووە؟!
بۆ وا پەستە؟!
گەرەکیەتی کام تاوێر گلۆرکاتەوە؟!
(سەگوەڕێک دێت
دەبێت کام غەریب لە گوند و
ئاوایی نزیک بێتەوە؟!
تۆی ڕێت کەوتۆتەوە ئێرە؟!
ئەو ڕەشەبایە ڕاگرە
بیسووتێنە
نەوەک چادرەکانمان ببات

کوختەکانیش کۆرکاتەوە
بۆ دێیت و بۆ دەکشێیتەوە؟!
یا ئەو بایە بسووتێنەو
ئەو زێیە دامرکێنەوە
یا بەجارێک لێم ئاوابە و
جارێکی تر
ڕوو لە ئاقار و ئاوابیم مەکەرەوە

١٩٧٧



## دارستانی ئەو بنارە

بینیم کەژ سەریان نابوو بە...
گوێی دەشت و لێڕەکانەوە و دەیانچرپاند
بەسەرهاتی کوژانەوەی کەفوکوڵی
دەریایەکیان ڕادەگەیاند
ئێوارە بوو ، باڵندە جووت جووت بۆت گەڕان
شەویش داهات تووشت نەبوون
گەڕانەوە
دەنووکیان نایە ژێر باڵ و کڕ هەڵکورمان
ئێستاش شەوان
چادرەکان هەڵدەدرێنەوە
فانۆسەکان هەڵدەبنەوە و هەر تاریکە
هەر سەرمایە
گوێم لێیە ئەستێرەش دەڵێن:
«تا نەیەتەوە هەڵنابین... ناجریوێنین»
منداڵ دەڵێن: «تا نەیەتەوە هەڵناچین... گەورە نابین»
ئێوارە بوو شلکە چڵەکان ڕۆیشتن
ئەو چراو چڵانە بۆ کوێ چوون؟
بمگێڕەوە ژێر مێگەلی هەوری سپیی
ئەو ئاوانەی دەرژێنە دەریای چاوتەوە
بمگێڕەوە ژێر تاوو پەلکەزێڕینەی
ئەو خەوە کورتەی بینیم و
شەوێکی تر نایبینمەوە
بەر ویتەویت و چریکەی ئەو تەیرانەی
بەسەر سەرمەوە دەفڕین و
نازانم گیران یا تۆران!

بمگێڕەوە...
بۆ هەر لەودیو دیوارەوە دەمدوێنیت؟
دەمێکە کزەبا و ڕنووی ئێوارانم نەگرتوویت و
شەپۆلی شێتی چاوتم پێ نەکەوتووە
– کە دێیت با خشپەی پێت نەیێت–
با دوای شەوگاری غەریبی و لێکدابڕان
بتگوشمە سنگی خۆمەوە
من لەودیو تەمومژەوە
باوەشێک گلۆپ دەبینم دادەگیرسێت
تۆ نەبیت کێ گوێ لە هەڵبەستی کلۆڵ و
هەژاری وەکو من دەگرێت؟
ناهێڵم پەڕەسێلکەش بێت
دەنووک لە گۆلی پاش وەشتی چاوت وەردات
ناهێڵم ڕەوەندیش تاوڵی شیناوەردی چاوت هەڵدات
سەر دەخەمەوە سەرسنگت
بەقەد تەمەنی درێژی ئەو کۆسارە
ئەو چنارە
ئەو غەریبییەی دەیچێژم
هەڵت دەمژم
پێش هاتنیشت دەبینم:
چاوەکانت هەڵدەگلۆفیت
دنیا ڕوونە و یاڵەکان دەردەکەونەوە

١٩٧٦- ١٩٧٧



## چەمی بێدار

خۆم بێ چەترم
ڕەوە بارانی ترساوی ئەم ئاسمانە بیابانەش
پۆل پۆل دێن و لێم دەئاڵێن
خۆم بێ سێبەر و بێ کەپرم
دارەکانیش غاردەدەن و
یەک یەک بەسنگمەوە دەلکێن
دادەچڵەکێم
دەڕوانمە تروسکەی دوور
دەڕوانمە ئەوبەری دەریای بێ سنوور
بەژێر گلۆپ و درەختی
ڕێوبانەکاندا دەڕۆم و
شەقامەکان دەڕنمەوە
شەوگاری تاڵ دەخۆمەوە
دەچمە سەر ڕۆخی ئاو و خۆم ناخنکێنم
دەخۆمەوە...
خۆم دەدوێنم:
(کێ کەرتێکی شاخی کۆڵی من هەڵدەگرێت؟
تا بزانێت باری ئەم کۆستە چەند قورسە!
تا بزانێت بۆ چەمی من تا بەرەبەیان بێدارە و
دەڕوا و دەگری... دەگری و ئارام نابێتەوە!
تا بزانێت ڕێگاکان کوان؟!
تەم دای گرتوون؟! یان سووتاون؟!
گوڵەکان کوان؟!
– وەرزی سەرهەڵدانی فەرهاد[*] – نەهاتووە؟!
یان تۆراون؟!

کێ کەرتێکی شاخی کۆڵی من هەڵدەگرێت؟
تا بزانێت بۆ ڕۆدەچم!
هەڵدەستمەوە!
دەبمەوە دەریا و هەڵدەچم!)

(*) شیعرێکی هاوڕێی شاعیرم ئەنوەر قادر محەمەد- ە.



## چۆلەکە

– دایە بۆ کە باوکیان ناشتم
چۆلەکەکان بۆی نەگریان؟
بۆچی نەهاتنە سەر گۆڕی و
پەڕوباڵیان هەڵنەوەران؟
– ڕۆڵە باوکت
چۆلەکەی دەدایە بەر بەرد
ڕاوی دەنان
بێچووەکانی دەگرتن و
هێلانە وماڵی تێکدەدان

١٩٧٧

## هەڵگیرسان

ئەو گوندانەی
بەقەدی شاخەکانەوەن لە تۆ دەچن
نزیک دیارن و هەرچەند دەڕۆم نایانگەمێ
کە بانگیشیان دەکەم دەنگم
وەکو ڕەهێڵەی بارانێک هەڵدەوەرێت
ئەو گوندانە
ڕۆژگارێکی ئێجگار دوور و
ماچی ژێر بەفربارین و
چاوی تۆم بیردەخەنەوە
ئەو ڕۆژەم بیردەخەنەوە:
دەواری بەرەبەیان و ئاوابوونت بۆ هەڵدەدام
ئەوینێک بوویت
سێبەرت بۆ دەکردم و ئاوت دەدام
جۆگەکانیش دادەنیشتن
ناوی شتێکیان دەبرد و بێ دەنگ دەبوون
دەکوژانەوە و هەڵدەبوون
دەگریم گەر بزانم گریان
چەند ڕۆژێک دەتهێنێتەوە
خۆم دەکوژم گەر بزانم
مەرگم زێیە
تریفەی مانگ و سامالی تیا دەبینی و
ئێواران قژی پێ دەشۆیت
مەرگم ڕێیە و دەمباتەوە
ئەو هەوارەی خۆشم دەوێت
دەمباتەوە ئەو کەنارەی...



شەتڵەڕەیحانەی ژیانی تێدا دەڕوێت
دەمباتەوە
نامباتەوە
لای من هەر تۆیت
تاقە ڕووباری داوێن پاک
ئەو ڕووبارەی
خاک لافی پێوە لێدەدات
ئەو ڕووبارەی
مرۆڤ چۆکی بۆ دادەدات

## دەریا شینە

دەریا شینە
ئەی ڕەنگی چاوەکانی تۆ؟
دیمەنی دووری بناری
هەرد و چیاکان شیرینە
ئەی دیمەنی ئێوارەی چاوەکانی تۆ؟
دەبێت ئاسمان ئەوەندەی چاوی تۆ جوان بێت؟
دەبێت زەوی بەقەد چاوی تۆ فراوان بێت؟
کوا بژوێن و دەغڵ و زەنوێر
وەک نساری ژێر پەرچەم و
گۆی مەمکی تۆ تەڕ و سەوزن!
کوا چناری ڕۆخ جۆگەی تێر
وەک گەردن و
وەک بەژنوباڵای تۆ بەرزن!
(تا شەو نەییێت
نەکەی لە پەرژینی ڕەزی...
چاوەکانم بپەڕییەوە
تا شەو نەییێت
نەکەی لە ئاوی ڕووباری...
چاوەکانم بخۆیتەوە
ئەستێرەش تاکو شەو نەییێت
ناجریوێنێت
شەمدینان- یش تا شەو نەییێت
فرمێسکی ئاڵ نابارێنێت)
دنیا دەزانێت کێ مەلی چاوەکانتی
فێرە ئاو و زاخ کردووە



کێ کۆتری چاوەکانتی
فێرە چوونە باخ کردووە
تاشەبەردی شاخەکانم پێ بکێشە
داری بێشە و چۆمەکانم پێ هەڵکێشە
ئاوی هەموو جۆگە و کانی و دەریاکانم پێ بهێنە
بەهەوراز و هەڵەموت و ئەستەمدا هەڵم گەڕێنە
خۆشم دەوێیت
چۆن مشتێک خۆڵ
زێی ئەوینی...
ئەحمەد موختار جاف لێڵ دەکات!
کە باران خوڕ خوڕ دادەکات
ناچار دێمە ژێر چەتری تۆ
کە بەفرێکی زۆر تێدەکات
ناچار دێمە بەر خۆری تۆ

١٩٧٥

## مەرۆ

مەرۆ... کە بەفر دەبارێ و سەرمات دەبێت
گڕ لە باڵای من بەربدە
مەرۆ و هەر بۆ تاقە شەوێک
لادە ئاوەدانیی دڵم و
دەواری عیشقت هەڵبدە
مەرۆ...
چۆن چنار لە بەژنوباڵای خۆی دەتۆرێت!
چۆن فرمێسکی گریانی شەو
لە گۆنای گەرمیان دەتۆرێت!
چۆن گەڵا لە باخ دەتۆرێت!
چۆن بەفر لە دەسلەملانێ و
سنگومەمکی شاخ دەتۆرێت!
گەر بڕۆیت ئیتر بووکەکان
خەنە لە دەست و پێ ناگرن
کارمامزەکان گوان ناگرن
بڕۆیت ئیتر... قوتیلە هەڵناگیرسێت و
شەوانی لادێ نادوێنێت
ئیتر نالی شەوان شیعر ناسووتێنێت
ئیتر قەت بادی خۆش مروور
ڕێی شاری شارەزوور ناگرێت
بڕۆیت... ئیتر
ئیتر سیروان
بەم خاکەدا تێناپەڕێت

١٩٧٥



## سووتان

ئەو شەوانەی پیرەداری یادەکانت چرۆ دەکات
بارانێکی خوڕ دادەکات
باران ناهێڵێت بێ چەتر بێمە دەرێ و
خەمی دووریت لە شەقامەکاندا هەڵڕێژم
باران ناهێڵێت بێ چەتر بێمە دەرێ و
داخی دووریت بەشەقامەکان بڕێژم
ئەو شەوانەی پیرەداری یادەکانت چرۆ دەکات
بەفر دنیا دادەپۆشێت
دەریا بەرەو کانیی فرمێسکی من دەکشێت
دەستوپەنجەی ڕێزەداری شۆستەکانیش وەک دەستوپەنجەم دەتەزێت
بەفر دنیا دادەپۆشێت
بەفر ناهێڵێت بچمەوە ئەو شوێنانەی بیرمان دەکەن
ئەو شوێنانەی پووشووی یەکەم هێلانەمان لێ هێناون
ئەو شوێنانەی دەمێکە خۆر لێیی نەداون
ئەو شوێنانەی سەرمایانە
وەک ئاگری شەوانی شوانانی قەدپاڵ
وەک ماسییەکانی تانجەڕۆ سەرمایانە
وەک ئەو باخەی گوڵمان دەداتێ و ناداتێ
وەک ئەو خۆرەی دەستمان دەیگاتێ و نایگاتێ
سەرمایانە
بەفر ناهێڵێت بچمەوە ئەو شوێنانە و
لەجیاتی ماچی لێوی تۆ
لێوی یادێکت هەڵبمژم
لەجیاتی تۆ...
خۆم بەچەقۆی یادێکی شیرین بکوژم

١٩٧٥

## مەرگ لە زامی مندا دەڕوێت

(١)

چۆلەکەکان هەموو شەوێک
بۆ درەخت دەگەڕێنەوە
ئەستێرەکان ئاوادەبن و
هەموو شەوێک
لە گۆمی ئاسمانی شیندا هەڵدەبنەوە
هەموو بەهارێک بەفر
مەمکی وشکی ڕووبار پڕ شیر دەکاتەوە
شەونم جۆگەی تینوێتیی گوڵ دەخواتەوە
کەچی هەزار شەو دێ و دەڕوات
چۆلەکەیەکی چاوی تۆ
لەسەر لقێکی برژانگی چاوی مندا هەڵنانیشێت
ئەستێرەیەکی چاوی تۆ
لە ئاسمانی خەمی شەو و
مێرگی خەونی دووری مندا ناجریوێنێت
هەزار بەهار تێدەپەڕێ و
قەڵای دمدم
بۆ تاوێک بارانی تەڕ دەناڵێنێت
گوڵی بۆتان
بۆ تنۆکێک شەونمی ڕوون
جۆگەی فرمێسک هەڵدەکەنێت

(٢)

مەترسن گوڵ پاییزیش دێت
تۆوی لە خاکدا دەمێنێت
مەترسن ئاو هاوینیش دێت



خوڕەی لە ژانی دەریادا و
هەنسکی لە داباڕینی گریەی هەوردا دەمێنێت
مەترسن... مەترسن
دار گەڵاکانی دەوەرن
چرۆی نوێ دەگرێتەوە
هەتاوی کەل ئاوا دەبێت
شۆخ و کۆکتر هەڵدێتەوە

(٣)

من نەمامی ئەم شۆڕەبییەم چاندووە
پەڵە هەوری زامی خۆمم بۆ هێناوە...
ئاوم داوە...
دەبێت خۆشم
بیکەمە پردی ڕووباری...
پەڕینەوە و هەنگاونانم
ڕێبەندانان
لقوپۆپی بسووتێنم

١٩٧٤

## نامە

دوێنێ وتیان:
«نامەیەک بۆ خۆر بنێرە
بڵێ: جارێک
تەنیا جارێک بێتە ئێرە.»

١٩٧٢



## تۆ

گیانە هەموو خەڵک ناوی
دڵدارەکانیان لە درەخت هەڵدەکەنن
ئەی گیانە بۆ
من ناوی تۆ
لە ئێسقانم هەڵنەکەنم؟

# نیگەرانی

## کۆڕژن

ئەمجارەش نێچیری هەمان هەڵەت و ئەشکەنجەو ڕاویت
گورگی هەمان مەرگەسات گەمارۆی داویت
ئەمشەویش لە حەژمەت هەمان تای غەریبی
هاوارت شاراوشار دەڕوات
نزای پاش شەو ڕاشکانت
دەگاتە دوورترین چیا
دەڵێیت: خوایە!
هەورازەڕێ و دۆزەخی من
سزای چ خەتا و گوناه و تاوانێکمن؟
لەوەتی هەم ڕێزی هەتاوم گرتووە
تووکونەفرەتم لە چرا و دەغڵ و کانیاو نەکردووە
بەمنداڵیش هێلانەی پەڕەسێلکانم تێک نەداوە
لەقلەقێکم نەپێکاوە
دەمەهێڵە ئاسەوارم ببڕێننەوە
ئاگردانم کوێرکەنەوە
بمپارێزە لە خەنیم و خازی و ڕیا
خوای درەخت و چۆڵو بەڕیا
خوای مێروو و نەهەنگ و دەریا
من تەنیاباڵ و نەهەنگ و دەریا
من تەنیاباڵ و بێ ئەنوام
دەخیلت بم وەرە فریام
دڵێیت: خوایە!
نیگەرانی و باری ناهەموار و کەژی بەتەمی من
بەوەشاندنی چەند کوڵینگ



بەچەند شووشەبادە و ستران
بەچەند گۆلە فرمێسکی تر تەواو دەبن؟
بەچەند سووتان؟ بەچەند ڕۆمان؟
هەندێک مەلی خۆشبەختییان
لەخۆڕا لێ دێتە ژوورێ
زۆر نابات بازی دەگمەنی
مرادیان بەسەر سەرەوە لەنگەردەگرێت
هەشن وێنەی من بەردەوام
بەدوایدا وێڵ و عەوداڵن
بۆ شاپەڕێکی دەناڵن
وێنەی من بەڕێوبانەوەن
کۆچو کۆچباریان لەدواوەن.
تۆ ئەمشەو ئەو کەڵەکێوییەی
کە دەگێڕنەوە: لەوەتی بریندارە
گورگێک شاخاوشاخ، هەرداوهەرد
شوێن تکەی خوێنی هەڵدەگرێت
نەدەیگاتێ نەوازیشی لێ دەهێنێت.
ئەی کەڵی جوانی لە ناخڕا لە خوێن گەوزاو
کە فریادی تۆ لە گەلی و زناران دەنگ دەداتەوە
ئەی هەسپی شۆڕەسوارگلاو
کە کۆڕژنت لە دووررا دەزرنگێتەوە
هەندێک دەڵێن:
«ئەوە دەنگی گلۆربوونەوەی تاوێرە
گرمژنی هەرەسە بەفرە»
هەشن دەڵێن:
«نەخێر قوربان

هاتوهاواری ڕێبواری
ڕێ لێ ونبووی ناو زریانه
یا شریخەی بروسکەی دڵی پڕئێشی ئاوارانه»
ئای گەر کوتەکم پێ دەشکاو
هێز و گوڕی لاویم دەبوو
چۆن له تەکتا ملم له ڕێگاوبان دەنا!!
گەر با-ش بووایت باڵت شل بووبوو
نه جگەره و باده و چڕین دادت دەدەن
نه مانگی تازه هەڵهاتوو و جریوەی ئەستێرەکانیش
بڕێک تاریکیت ڕادەدەن
ئەو شەوانەش
خۆت لانک و خۆت کۆرپه و خۆت لانکژێنیت
هەر خۆشت خۆت دەلاوێنیت
هیوات بەگوڵاڵەی ئەودیو زستانی تەم گرتوو هەیه
هیوات بەکۆرپەی ڕۆژگاری هێشتاکەنەهاتوو هەیه
دەنا لەمێژبوو شەپۆلی زێی مێژوو ئاومالک ئاسا
له ڕۆخی خۆی جێی هێشتبوویت
دەستی شلی نائومێدیت
شۆڕکردبۆوه بەتەنیشتتا
برادەر گیان... ئاگادارم
کەڵەشێری بەربەیانیش دەخوێنێت تۆ
هەر زرینگەی کوڵینگەکەت دێت
خۆریش هەڵدێت
هێشتا چریکەی فریادت
گونداوگوند شاراوشار دەکشێت
تەتەرێکی دەم پڕلەباس و هەواڵه و



بەکەوشەن و بێ دەنگیدا هەڵدەشاخێت
ئاگادارم
نیوەت بەهەشته و نیوەشت دۆزەخێکی بێ تخووبه
نه بەهەشتەکەت پێ دەبڕێت
نه ئاگری دۆزەخەکەش بەیەکجاری دەتسووتێنێت
١٩٨٤

## تێکرژانەوە

پێشوەی قەدی دار
خاچ و پوازی لێ دابتاشرێت
خانی لەپ زێڕین گەمارۆ بدرێت
فەقیانەی سوارەی شکاک لە خوێنی سمکۆ وەربدرێت
پێشوەی خەیاڵی ئەحمەدی خانی گەوهەر هەڵڕێژێت
قوتیلەی شیعری حاجی قادری کۆیی داییسێ و
تەم و تاریکیی ئەوسا بنێژێت
زین هی من بووە
تاقەگراوی و ساوێنی خۆشی پاش ماندوێتیی ڕێ و
خەونی دێرین و کانیی ئاوات و ترۆپکم بووە
ئێستاش لەبیرمە شەوێک درەنگان
پاش ماڵنووستنان
لە تاو دڵتەنگی و ئەستەمترین ژان
هانای بۆ هێنام، دەنگی دام: «لەکوێیت؟»
منیش خۆرئاسا
دیواری شەوی یەلدای سامناکیم خستە ژێر کەوش و
بەقەد ساڵەهای نیگەرانی و خەم
ساڵەهای دووری و گەچران و ستەم
تا بەرەبەیان
باڵم لە قەدوباڵای وەرێنا
دەواری شینی سامالّم هەڵدا
ئەو شەوەش بوو کە بۆ یەکەمین جار
مێرگ و بەهاری ژێر شەختەم بینی
لە وەرزی تووشی سەرماوسۆڵەدا
گوڵاڵەم ناسی



پێرووم لێ باری
نەشم دەزانی
شەماڵی فێنکی چەمی ڕامووسان
ئاوری عیشق و بێ پەروایییمان
هێندە خۆش دەکات
هەموو میرنشین دەتەنێتەوە
سەدان خێومان لێ ڕاست دەبێتەوە
نەشم دەزانی
ڕووباری هەنگوین دەبێتە ژراو
گۆڵ بەرینیش بێت دەبێتە هالاو...
ڕۆژ هات و ڕۆیی...
وتیان: «ئەوێستا چلووی زستانە
وەرزی زریانە
کە تەم ڕەوییەوە
کە بەفر چۆوە
لەگەڵ بەیبوون و ڕێواس و خاو و
قاز و قورینگ و شەنگەبیزادا
دەگەڕێتەوە»
من چووم کا و پووش و خۆڵ و ژیلەمۆی
دڵی خۆمم بەکێوەکان وەرکرد
وتم: ئەوا شاخ ڕەشاییی تێکەوت
بەفری لێ نەما
خێڵەسات بەرەو کوێستان ملیان نا
ئەمڕۆ نا سبەی پێکدەگەینەوە
«نەگەڕایەوە؟»
نەشگەڕێتەوە

چاوی گورگی ڕێش سامناک بسووتێت
دۆڵی قووڵیشمان لەنێواندا بێت
چۆن با دەگاتە شارە دوورەکان
ئاوا دەیگەمێ و دەیهێنمەوە ناو باوەشی واڵا
هەتا سەرلەنوێ لەشم گوڵ بدات
چۆن پیرە هەڵۆ وا بەئاسانی
هێلانە و هێلکەی بەجێ دەهێڵێت!
سەرێک هەڵبڕن
بزانن دوندێک سەری نەویوە
ڕووبارێک ڕەوت و ڕێچکەی گۆڕیوە
چۆن کێو سەری خۆی لە هەور دەسوێت
کێو خۆی بەپەلکەچروو دەپۆشێت
منیش بەوتەرزە
ڕاست کەپەنکەکەم لێ ڕادەخەم و
شیر و ئەوین و قژی دەگمەنی بەخۆدا دەدەم!
ئەگەر لە داخی دووریشی مردم
ئەوا ئەو عەردەی بۆم هەڵدەکەنرێت
دەبێتە ئاسن
تا لەتەک ئەودا نەبێت نەمنێژن
شەویش درەنگان
وەک یەکەم ژوان
هەموو میرنشین هاڕە و شەقژنی
تێکرژانەوە و پێکگەیشتنەوەی
جەستەی عەودالْ و ڕۆحمان دەبیسن



## هێشتا درەختەکان سەوزن

تۆ ڕووبارمیت
عەردیت... پێمەوە نووساویت
چاومیت... هەمیشە لەگەڵمایت
تۆ ئارامی و سەرهەڵدانەوەی برینمیت
خۆڵەمێش و هەڵبوونەوەی ئاگری داغی دێرینمیت
جار جار سەرم پێ هەڵدەگریت
هەندێک جاریش
لەژێر تەمی ڕۆژگارەوە... دەتبینمەوە و
دەنگی دوعاو نزایەکی لە تاوێر بەتەمەنتر و
لە پەرستگاکان کۆنترم پێ هەڵدەبڕیت:
خوایە! گەر شەوێک نووستم و خەونێکم دی
لەو خەونەشدا بوومە هەڵۆ
بێدارنەبمەوە... نەبمەوە مرۆڤێکی بێ چنگوپەل
با هەر پەڕوباڵم هەبن
بێچووەکانم بەرز بفڕن
کێوی دووریت
من نە ئەو کێوە دوورانەم پێ دەبزوێت
نە تۆشم پێ لەبیر دەکرێت
ئەوەی تۆ خۆش بوێ و تیشکی
ئەستێرەی پێ بکەوێت... دەبێت
تا دەمرێت باری نوشوستی و
خەفەتی بەکۆڵەوە بێت
بۆیە ئێستاش
مامزی نازداری ئەوێ بەترسەوە
لە بژوێن و ئاقارم نزیک دەبنەوە

قورینگی کوێستانی ئەودیو
شەو بەدزی دەپەڕنەوە
بۆیە ئێستاش
پەیکی ڕێگای مەرگ و ژیان
بەپێوەیە... بەڕێوەیە
لقوپۆپ و چڵی عیشق
پشکۆ و بەفری بیرەوەریتیان پێوەیە
بیرەوەریی ئەو کاتانەی کە پێکڕا لە ڕێوباناندا
شەومان بەسەردا دەهات و
ناچار کۆسارمان دەکۆڵی و
خۆمانمان تیا حەشاردەدا
پێکڕا دەچووینە گەڕان و پیاسەی سووتان
وەک دوو دڵۆپە بارانی
سەر پەلکە گیایەکی سەوز
تێکدەئالاین
پێکڕا دەژیاین
گەر ڕۆژێکی تۆف و ناخۆشی زستانیش
ڕەت بوویتەوە و لە دەرگات دام
لە ڕوخسارت وردنابمەوە
دەتناسمەوە
بیستووتە پەڕەسێلکەیەک
بگەڕێتەوە و هێلانەی پاری خۆی نەناسێتەوە؟
چۆن ناهێڵم دار گوڵ بگرێت!
بەفر ببارێت!
ئەگەر بەفر
پاڵتۆ و قژیشم داپۆشێت
نایتەکێنم



نەوەک قۆپکێک یان دوندێکم لێ بتۆرێت
ئەی کە باڵندەیەک دەنوێت
باڵی خۆی نادا بەخۆیدا؟
تۆ و یادگاری کەونارات...
نیگاکانت...
ئەو بەندەن و دار و بەردە
ئەو ژیانە کارەساتە
لە دڵمدا زامی پڕ خوێن... زێی بێدارن
تەنیا خنکان لەو گێژەنەم ڕزگار دەکات...
ئەو ڕۆژەش کە لێک... هەڵبڕاین
هەسپ خەمبار و بێ سوارچاک گەڕانەوە
هاتنە سەر ڕووبار و لێیان نەخواردەوە
تروسکە تروسکی ئاگری شوانی شەوبەکێو دامرکا
سیرەی هەڵۆ و بازان بڕا
یەکەم بیبور درا لە باخ
درا لە بەژنی بەرزی شاخ...
هەر کەڵەشێری بەربەیان دەیانخوێند و کەل تاریک بوو
ئەو ڕۆژە بوو لە سوێیانت
بوومە پەڵەهەور و سووتام
ژیلەمۆشم بووە باران
گریام... مەگەر حەماغای دەربەن فەقەرە
ئاوا لەسەر دنیای چۆڵ و
– گڵکۆی تازەی لەیل– گریابێت
مەگەر چرای خانەقایەکی موکریان
ئاوا لە تاو کۆچی دووری مەولانا خالید سووتابێت
سۆراختم لە خۆم و ئاسمان و قووچەکی
نیشانی ڕێی ڕێبواران و

ئێلچیی شاری دوور دوور پرسی
لەوانەی کە دەیانوت:
«هەر لەو هەوراز و گەرووە ئاوابیت دەیگەیتێ»
لەو باڵندە نیگەرانەی کە شەو درەنگ
باڵ دەکوتێت و چریکەی شێتانەی دێت
گەر ئاو بام دەبوومە ڕووبار
بواری سەفەرم نەدەدایت
بەفربام بەبێ هەدادان خۆم دەباراند
تا سەر لوتکەکان دەهاتم
نەمدەهێشت کاروانت دەرچێت
بشبوورە گەر نەمتوانیبێت
بەبن سیمی نێوانماندا
لەسەر سنگ و چاوبخشم و بێمەوە لات
بێمەوە بەر سایەی باڵات
ببوورە گەر تۆزێک ئازارم دابیت و
هێشتبێتم تەزرەی ناوەخت
گوڵە حاجیلەت بکوتێت
پەلکەزێڕینەی چەماوەی پاش بارانی زۆر بژاکێت(*)
دەمزانی دەگەڕێیتەوە
هەڵدێیتەوە
ئاوەدانم دەکەیتەوە
ڕۆژگارێک بوو
هات و تارماییی ون نەبوو
لە مۆتەکە و خەون دەچوو
جێ سمی لە لمی قەراخ بیرکردنەوەمدا بەجێهێشت.
ئەستێرەکان ئاگادارن
نەوەریون



دەبیاندوێنن
داستانیان پێ بگێڕنەوە
ئەوان لەوەتی هەن کۆستی من دەبینن
پاش ئەو هەموو مەرگ و خوێنەش
هێشتا درەختەکان سەوزن
هێشتاکە ئەشکەفتێک ماوە
شۆفار بەدەرگای نەزانن
وا دەبینم کچە بۆڵی توورەکە بەکۆڵدا دەدەن
پێش قەتاری کۆچی ڕەوەندان دەکەون
گەر مامزێکی دەشتی بیتوێن یا لاجان بام
دەمێک بوو ئەنگاوترا بووم
گەر وەجاغی کوختەیەکی گۆڕقەرەج بام
لەمێژبوو کوێرببوومەوە
کێ دەتوانێت شوێن پێی باڵندە هەڵبگرێت!
دوای ڕەوە هەور بکەوێت!
ئاوری دڵی لاسەشۆڕ
بە باوباران دانامرکێت
یەک خۆر هەیە
یەک مانگ هەیە
یەک سەکران و
یەک لاسەشۆڕ و یەک خەزاڵ
لاس دەڵێت:
«گەر ڕیشیشم بگاتە پشتێنم هێشتا
دەست هەڵدەبڕم... دوعادەکەم گەنج ببمەوە
دیسان بەدوای خەزاڵدا عەوداڵ ببمەوە»
دەمزانی ئەمڕۆ نا سبەی
نینۆکەکانم دێنەوە

پەنجەکانم دەڕوێنەوە
شمشاڵی سۆزی غەریبیت دەبیسمەوە...
وەرە ژووریٚ
ئێمە بەردیشمان هەڵدەچێت
با سەرما و بەفری زستانی درێژخایەنی ئەم خاکە
زوقم و چلوورەی نساران
بەشەبەقی سەرهەڵدانەوە و بەختیاریت
بتوێنەوە
گیابەند و گیانی بن بەردان
یادی جۆگەلەی خاوێن و تۆوی مەردان
بژیێنەوە
کۆلکەداریش بدرێتە بەر ئاگری بلێسەداری
کێشان... دڵ و ئاگردانان
منیش بۆ خۆم لەگەڵ تۆدا
بەو ڕێیە پڕ مەترسییەدا
ڕووە و مەنزڵ شۆڕببمەوە
تا پێکەوە
لەژێر ئاسمانێکی شین و
ئارامدا بحەوێینەوە

---

(*) پەلکەزێڕینەی پاش بارانی زۆر
چەماوەتەوە بەرامبەر بەخۆر
دێڕە شیعرێکی گۆران- ە، بەدەستکارییەوە بەکارم هێناوە.



## تارماییی شاخی خەم

شەوێک لە شەوان خەونێکم بینی
کە گێڕاشمەوە
تەنیا با وەستا و گوێی بۆ ڕادێرام
تەنیا کوانووی خۆم، کانی و ڕێگاکان لێم گردبوونەوە
دارەکان کپ بوون، یەک یەک دەوریان دام
ئەو ئەستێرانە نزیک بوونەوە
کە لە دوورەوە دەجریوانەوە
وەرز بەهاربوو
هێشتاکە بەفری لوتکە هەڵۆکان لەدووررڕا دیاربوو
سەرلەبەیانیی ڕۆژێکی دژ بوو
خەون هاتەدی
خەون هاتەدی و
چیتر دووکەڵمان نەدی ئێواران
لە دووکەڵکێشی کوختەی دێهاتی دەشتەوە هەڵسێت
کزەبا وەری و چیتر شەنگەبیی نەخستە سەما
قورینگ تێپەڕی و پەڕوباڵی خۆی
لەگۆلی وان و زێ هەڵنەکێشا
حەیران کڕبۆوە و چوو لە سێبەری پەنا بەردێک خەوت
دەستوقامکی دەروێش عەبدوڵڵا-ش
لە سەما و شاییی شمشاڵ ژەندن کەوت
ئا ئەو کۆترانەش تۆ دەیانبینی چوونە کونەشاخ
کچی سەرکەش و گەردن بلندی دمدم بوون کاتێک
گەمارۆدرا و پێش وەی بگیرێن
بوونە کۆتر و دایان لە شەقەی باڵ و هەڵفڕین

خوێنی ئەوانەش هەڵدێران... ون بوون
بوو بەکازیبە و چەپکە ئەستێرە
بوو بەکولیک و گوڵاڵە سوورە
منیش توورەکەی برین و خەمم
بەپشتمدادا و بەدەم ڕێگاوە
چاوم دەگێڕا... سەرم بادەدا:
(زریان بۆ هەڵکات؟
بەفر بۆ داکات؟
کوا سپیندارێک بەپێوە ماوە لقوپۆپ دەرکات؟
بەهار بۆ کێ بێت؟ خۆر بۆ کێ هەڵبێت؟
زەوی بۆ کامە مێرخاس و دلبەر... بۆ کامە شەیدا
گوڵەخەزێمە و نێرگسەجاڕ و کنێر لەبەرکات؟)
هەشبوون تاسابوون، لێیان دەپرسیم:
«ئەوە زایەڵەی زەنگوڵەی قافڵە و
قەتاری کۆچی دۆست و یارانە؟
یا ناڵەناڵی بریندارانە
لەبن زنار و قەدپاڵانرا دێت؟
ئەوە هەورە؟ یا باڵندەیەکی تەفرەدراوە و
لەتاو بێزاریی گیانی خۆی هەڵدێت؟»
ئەی بەندی لەبەر ئازاری گیانی
خۆی نییە شەوان هەتا بەربەیان
دیوار دەداتە بەر مستەکۆڵە؟
لە شەوگاری تاڵ ناپرسێت... ناڵێت ئەو بەردەلانە
زنج یا زیندانی پێ دروست دەکرێت؟
ئەی کاتێک ئەسپێک سوارەکەی دەگلێت،
دەکوژرێت، دەمرێت، دەبێتە کەسەر



سەری لمووز و هەرچوارپەلی خۆی
لە خوێنی ناگرێت؟
لە دووریشەوە دەنگی گریانێک
پیرە یاڵیشی دەتاواندەوە:
«گەر پەلەوەرێک
لەسەر کەناری ئاوێک بپێکرێت
هەتا هەتایە
ناچێتەوە سەر ڕۆخی ئەو ئاوە
پەڕەسێلکەیەک
ڕۆژێک هێلانە و کونجی تێکبدرێت
تا دنیا ماوە
ناچێتەوە ژێر میچی ئەو ژوورە و
ڕووناکاتەوە سایەی ئەو ماڵە»
- تۆ گەڕایتەوە؟
بەدڵدارەکەت گەیشتیتەوە؟
- هێشتا زەوی
ئەسپێک بوو کەوی نەبووبوو
ئەوخەرەند و ئەو دۆڵانە
خوێنیان پێدا هەڵنەڕژابوو
هێشتا ناسۆری خەزاڵ و خەج و سیامەند
نەبووبوو بە بەیت و ستران
نامرادیی دڵتەزێنیان
نەبووبوو بەباس و داستان
من ئەو دۆزەخە فێنکەم
کردۆتە زێد و نیشتمان
کۆچ دەکەم...

گەواڵە هەور و تەمی لەگەڵما کۆچ دەکەن
سەرهەڵدەگرم
دارو بەرد و پۆلە باڵندەی لەگەڵما سەرهەڵدەگرن
من پێش هەور و پێش باڵندەی ناو وەرد و شۆ
پێش بڕینی ڕێگای دووری
بەینی بنجە گوڵ و..... چەقۆ
دەستم لە قەد و گەردنی ئاڵاندووە
چێژم لە ئازاری بەرزی وەرگرتووە
پێش بۆرانیش
تاشەبەردیم هەڵکۆڵیوە و هێلانەم تێدا کردووە
پێش بۆران ئەسپی کوێتی پشوونەدانم تاوداوە
بەتەنیا من...
بەتەنیا من... پەپوو و داڵاشیم ڕاوناوە



## تۆڕ

کە چاوم بڕیبە ئاسمان و
یەک تاقە ڕیشۆڵەی پارم
نەناسییەوە
سەیرم پێ هات
دۆش دامام و وتم: دەبێت
لە هەندەرانیش تۆڕ هەبێت؟!

١٩٨٣/١١/٢٢

## چراوگ

گوێت لێ بوو پێیان دەوتیت:
«ڕووباری پێشت تیژڕەو و بێ بوارە
کژ دژوارە
نابڕێت هەورازی ڕکی ڕێ
بەفرە و کوتەکت پێ ناشکێت
بگەڕێوە
شیرین بۆت نایەتە ڕایێ
سەرکێشی و لاساری دانێ»
کەچی ئەو عیشقە پیرۆزەی
ڕێی پێ گرتبوویت... هێندەی تر
هانی دەدایت پشوونەدەیت
چراوگی دڵت توورنەدەیت

١٩٨٣/١١/١



## نیشتمان

هەندێک کەڕەت نیشتمانم
سۆفەیەکە و لە تاو ترسی باشووکەیەک
خۆی لە باخەڵم دەکوتێت
یا وەک ئاسکی زستانێکی سەهۆڵبەندان
لە سەرمانا
خۆ لە کوختەکەی من دەنێت
هەندێک جاریش وەک زێ وایە
سەدان کۆسپ و یاڵ و هەڵەتی بێتە پێش
خۆی ڕێی خۆی دەدۆزێتەوە
بەڵەدە و ڕووگەی ژیان و مەرگی خۆی دەناسێتەوە
پڕوشکە ئاگرێکی سوورە و هەر کە دایگرت
هەموو دنیا
هەموو دنیا دەگرێتەوە

١٩٨٣

## سەفەر و قۆناخ

(١)

کە لە سەفەرێک هاتمەوە
هەواڵی نوێ و سەروسۆراخی ناسیاوو
برادەر و خزموکەسی هەندەرانم لێ مەپرسن
هەر لە دوورڕا
سەرنجی چاوەکانم دەن
لێیان وردبنەوە... ئاخۆ
پرشنگ دەدەن یان پڕ گریەن!

(٢)

کاتێک دوا داوەمووی ڕۆحم
لەگەڵ چەرخی چەپگەرد پچڕا
هەستم خۆڵەمێشی لێ نیشت
خەونم گەچرا...
هانام بردە بەر ئەستێرە و درەخت و زێ
وتم: هەر نەبێت پەنجەرەی ئەستێرەیەک
مشتێک ڕووناکیم دەداتێ
ئەگەر مردم پیرەدارێک
لە تاوان زەرد هەڵدەگەڕێت
قژی دەرنێتەوە و دەڵێت:
«حەیف لاوۆ
بریا من جوانەمەرگ بام
لە جیاتی تۆ»
زێش دۆڵاودۆڵ شۆڕدەبێتەوە و خەبەری



مەرگم بەدوورترین مەنزڵ دەگەیێنێ و
دنیا دەکاتە گریان و شین و بۆنسۆ

(٣)

قۆناخ دوورە و ڕێ هەورازە... بەفرە
دۆڵە... هەڵدێرە
دەترسین ئەمڕۆ نەگەینەوە جێ
گورگێکی برسی شوونمان هەڵبگرێت
ئەی بۆیە مرۆ
دەبێت پێش ئەوەی بکەوێتە ڕێ
خۆی تەیار بکات... پێشبینینی هەبێت
هەتا بێپەروا هەنگاو هەڵبێنێت

١٩٨٣

## بەفر

– ئەوە هێشتا بەفری لێ دێت
بەفرماڵەکە دەست دێ با
بچینە سەربان بیماڵین
نەوەک ژوورە ڕزیوەکەمان داتەپێت
– زەوقی تێک نادەم با تێکات
بەئارەزووی خۆی ببارێت
تا بەهارێ
لەبن تاوێران هەڵقوڵێت
ئارەقە و ماندوێتیی گیانی
هەردەگەڕ و کاروانییان ڕامماڵێت

باڵیسان ١٩٨٣



## سەردان

پاش ئەوەی دیم
بەفر و خوێن پێکەوە بارین
گەڵا و ستێر پێکڕا وەرین
پەنجەکانم لەبەر سۆبەی پڕدار تەزین
شەو جەنابی شێخی نەهری– م هاتە خەون
سیمای مات و چاوەکانی پڕ فرمێسک و گلەیی بوون
سەری هێنایە بن گوێم و بەئەسپایی دواندمی:
«. . . .
. . . .
. . . .»
کاتێک ویستم من بیدوێنم
دەستم برد دامێنی بگرم
خەبەرم بۆوە و لەرزم گرت
نەنووستمەوە
بەربەیانیش بینیم ئەوا
جێ سمی هەسپێک لە بەفری
بەرهەیوانی ژوورەکەمدا
دیارە بەرەو دوور چۆتەوە...
لەو شەوەوەش نەهاتەوە
لۆچی نێوچەوان و سیمای
مات و کزیم نەدیتەوە
لەو شەوەوەش
خەیاڵی ئازارم دەدات
خولیایەک جگەرم دەخوات

١٩٨٣/٢/٢٠

## عیشق

زێش نەوێرێت بیدرکێنێت...
چیای سیپان-یش بترسێت دەنگ هەڵبڕێت
من شایەتم
سیامەند پەلی دارەبەنێی لە دڵ ڕاچوو
خەج- یش لە حەژمەتی ئەو، خۆی
هەڵدێرا، ئەمیش شەهیدبوو

١٩٨٢



## پێکرانی بازی ڕەند

ئێوارەیەکی سارد
درەنگ
لەبەر دەرگای ژوورەکەمرا
بازی ڕەندم بینی پێکرا و
دنیا بەچریکەی هەژا
خوێن دارژا
هەموو زەوی سوورهەڵگەڕا
بەڵام کە شەو
چرای ماڵان هەڵکران و ڕدێن سپی
لەبەر ئاگر گردبوونەوە...
سەرگوزەشتەی بازی ڕەندیان گێڕایەوە
«خەمتان نەبێت
بازی فەڕ و بەختەوەری
بەقەد ژمارەی گەڵا و کەڤرن
بەقەدەر ئەستێرە زۆرن»
هاتمەدەرێ و چاوم بۆ ئاسمان هەڵبڕی
دیم وا هەزاران ئەستێرە
پێکەوە دەدرەوشێنەوە...
بزەم هاتێ و
ڕووبار ئاسا نوێ بوومەوە
دیسانەوە بووژامەوە
بووژاینەوە

١٩٨٢

## سڵکردنەوە

ئەو بلبلە
سەیرە سڵم لێ دەکات و
دوور... دوور... لە من
هەڵدەنیشێت!
نازانێت دڵی من هەزار
بلبلی وەک ئەو جوانی تێدا دەخوێنێت

گوندی نێرەگێن ١٩٨٢/٣/١٤



## گۆرانیی نوێ

ڕۆژێ سەدان چڵ گوڵ دەگرن
سەدان زێ ئاواز دەگۆڕن
ئەی کەی ئێوەش
گۆرانییەکی وا دەڵێن
خەم بهێنێ و بەباشی دا؟
بریندارکا و سارێژیش کا؟
گۆرانییەک
شیرین هیوای پێ بەفەرهاد
بژیێتەوە
لە نۆژەن ئاگری دڵی
بەخۆڵەمێش داپۆشراویان
خۆش کاتەوە

١٩٨٢/٣/٢١

## دیاری

دەزانم ئەمشەو لەقلەق و
ماسیگرە بەفرینەکان لەکوێ دەنوون
دەزانم ئەو سێ زەلامە غەریبەی کاتی خۆرئاوا
گەیشتنەجێ میوانی کێن
گورگەکان لە کام گردەوە بۆ مێگەل دێن
بەڵام چەند دەکەم نازانم
لاوی گوند و گراوییان
لەکوێ یەکتردەگرنەوە
لە کام پەنا
ڕاز و دیاری دەگۆڕنەوە

١٩٨٢/٣/١٧



## دوا ژوان

وەرە با ئەمشەو تێرت ڕامووسم
ئاوێزانت بم
گیانە ڕێ دوورە
کۆچ بەرەو ژوورە
ئەوا عێڵ دەڕوا
عێڵ باری تێکنا
کێ دەزانێت کەی پێک دەگەینەوە!
لە کامە جێ ژوان
جارێکی تر تێکدەئاڵێینەوە!

١٩٨٢/٣/٢

## گوڵ

ئەو هەموو گوڵە
لەبەر خاتری
چاوەکانی تۆ کراونەتەوە
گەر بۆتیان نەچنم
لێم زویر دەبن
بەهارێکی تر
بەدەشتەکاندا بڵاونابنەوە
ناگەشێنەوە

١٩٨١



## ڕەگ

دەڵێن: ڕۆژێکی بەفرانبار
پیرە پاشایەکی زۆردار
لە ئێشکچی و قەڵاداری ڕادەخوڕێت:
«ئەو بەفرە لە کفن دەچێت
مەهێڵن لێرە ببارێت»
ڕێکەوت ئەو وەختە دانایەک لەوێ دەبێت
سەر دەباتە بن گوێچکەی و دەچرپێنێت:
«کەی ئەم کێوانە هەڵکەنران
بەڕەگەوە گوێزرانەوە
ئینجا بەفر دەبڕێتەوە
جارێکی تر
لەم خاکە داناکاتەوە»

١٩٨١

## سیروان

سیروان کپە و ئارام دەکشێت
سیروان دەچڕێت
ئۆخژن بەگوندەکانی سەر قەراخی و
باڵندەی ئەوک پڕ گریە و
ئەو کناچانە دەبەخشێت
کە کلی چاوی خوماریان
بەفرمێسکی ئاڵ دەشۆرێت
سیروان سبەینان بووکێکە
تارای شەرمی
بەکزەبایەک لادەچێت
کاتێکیش یەک پشکەخوێنی
شاسوارێکی
عێڵی جافی تێکەڵ دەبێت
سەرتاسەری
سوورهەڵدەگەڕێت و هەڵدەچێت



## کانیی نەمر

**لاس**: ئەی پیری خێر
پیری خۆم لە پێناو تۆیە
لەپێناو عیشقی خەزاڵی چاوهەڵۆیە
هەر ڕۆژەی هەوارێک جێمە
بن تاوێرێک
تەوێڵی مردنێک ڕێمە
هەر شەوەش لەبن کۆمەڵە ئەستێرەیەک
بەدەم یەک ئاخ و خەونەوە
گیان دەدەم و دەژییێمەوە
دەبمە پووش و بەبارانێک شین دەبمەوە
**پیری خێر**: ئاگادارم... ئاگادارم...
ئاگاداری نیگەرانی و عەوداڵیتم
بەڵام ڕۆڵەگیان دەترسم
غەنیمت زەبرێکی وات لێ بوەشێنێت
تەنانەت دەنگ و هیمدادی
من و دۆست و یای خەزاڵ– یشت نەگەنێ
**لاس**: ئەوسا کانییەکی سوور، نەمر
لەو شوێنەوە هەڵدەقوڵێت
تا هەر ڕێبوارێک، کاروانێک، پۆلە مەلێک...
هاتە سەری و
لە سۆنگەی سووربوونی پرسی
بێتە قسە و لە نووکڕا بەیتی بەجۆشی
وەفاداریی ئەفسانەیی و
نسکۆی من و خەزاڵ بلێت

١٩٨١

## ڕیشی ڕیا

با پانتر بێت
گوێزانی شیعری شێخ ڕەزا
چەندان ڕیشی
پان و ڕیای وای تاشیوە
ئەودیوی دەیان دەمامکی وای بینیوە
شێخ ڕەزا ڕێگای غەریبیی نەگرتووە
شاری بەجێ نەهێشتووە
هەموو ئێواران ئەم وەختە
بەم گوزەرەدا ڕەت دەبێت...
شەوانیش تا تاریکوڕوون
تیشک و ئاورینگ و ئاگری کوورەی وشە
لەنێو ژووربییەوە دەپرژێت

١٩٨٠

## نەفرەت

– تۆ پێم نالێیت بۆ ئەو قەلە
وا ڕەشپۆشە و قڕاندنی
تەزوو بەلەشدا دەهێنێت؟!
سام دەنوێنێت؟!
– ئەوسا مەلێکی بەفرین بوو
نەغمەخوان و خوێن شیرین بوو
بەڵام ئەو ڕۆژەی کە ویستی
مەل و بەفر و هەموو شتە سپییەکانی
ئەم دنیایە بەکوشت بدات
چی دەنگخۆش هەن ڕیسوایان کات
تا هەر خۆی سپی و خۆشخوان بێت
تاقە جوان بێت
بەر بروسکەی
نەفرەتی خواوەندی جوانی کەوت و سووتا
ئاوا دزێو و بەدووم بوو و ڕەش هەڵگەڕا
ئاوا گۆڕا

١٩٨٠

## گورگ

ڕەنگە ڕۆژێک
ڕێکەوت کەڵێک
یا کەوێکم بێتە سەر ڕێ
سێرەیان لێ نەگرم بەڵام
قەت پیرە گورگ نابوێرم

١٩٨٠



## سەربەستی

– گەر ڕۆژێک بایەکی کۆیلە
سەری خۆی بۆ دانەواندی
چ فەرمانێکی گرنگی پێ دەسپێریت؟
– فەرمانی چی!
کۆتی لە مل دەکەمەوە و
دەڵێم: فەرموو بڕۆرەوە
لای چۆلەکە و پەپوولە و پونگی دەوجۆگان
هەرڕۆوە کن چرا و گەڵا و
نمەی ئارەقی گەردن و
قژی خاوی شۆڕەژنان
هەرڕۆوە کن هەوری خۆشڕۆ
سەربەست بە و بۆ کوێت پێ خۆشە
بێ خەم بڕۆ...

١٩٨٠

## زریان

– حەز دەکەیت ببیت بەخۆر یا زریان؟
– ببمە هەردووکیان
ببم بەخۆر تا لە بچووکترین
درز و کولانکەی
ڕۆژگارە ڕەش و تارەکانەوە
بچمە ژوورەوە
ببمە زریانیش تا خەڵک بڵێن:
«ئەها کوڕینە!
وا ئەو زریانە بۆ ئێرە دەکشێت
کە هەر درەختێک زڕ و وشک بێت
چەند بەتەمەن و توندوتۆڵیش بێت
نەچەمێتەوە
هەڵی دەکێشێت»

١٩٨٠



## مەهاباد

هەموو شەوێکی سی و یەکی مارت
بروسکەی دەنگێک
شاری مەهاباد ڕادەهەژێنێت:
«با پاش مەرگی من
کچان چاوی جوان بەگریان نەشۆن
خەمم بۆ نەخۆن
با لەجێی شین و پرچ کردنەوە
خۆڕنینەوە
هەڵسن وڵاخان بۆ سواران زین کەن
بۆ هەمان هەوار بەڕێیان بخەن»
سبەینێش هەموو خەڵک دەبینن
شار دار و بەردی
کووچە و دیواری
بەخوێن پاراون
بەزەبروزەنگی ئەرتەش تەنراون

١٩٨٠

## وەڕسی

دەبێت ئەو باڵندەیەی کە پاش وەیش دنیا تاریک دادێت
هێشتا بەئاسمانەوەیە و زوورگ بەزوورگ دەگەڕێت
بمکاتە جووت و هاوڕێی خۆی؟
دەبێت بهێڵێت لەگەڵیا بکەومەڕێ؟

١٩٧٩



## لوورە

دەستەیەک ڕاوچی
کونەگورگێکیان لە شاخ دۆزییەوە
بەکەوڵە گورگ و سەماوە بەرەو گوند گەڕانەوە
کەچی ئەو بێچووەگورگانەی لەوێ بەجێ هێڵڕابوون
کەوڵ نەکرابوون
ئەو گورگانەیان لێ کەوتەوە کە ئێستاکە شەوان
لوورە لووریان دێت
لوورەیان ئۆقرە لە خەڵکی دەشت و چیا هەڵدەگرێت

١٩٧٩

## گەمارۆدان

من و مێگەلە مامز پێکەوە
دەسووڕاینەوە لە چۆڵوبەرِیا
بێ سڵکردنەوە شۆڕدەبووینەوە
سەر ئاوی خوڕ و دەشتی پڕ گیا
پێکڕا دەگەڕاین
بێ ترس دەژیاین
بەڵام ئەو ڕۆژەی بینیمان وا شا
ئاسوودەییمان گەمارۆدەدا
شووڤمان هەڵدەگرێت بۆ وەی ڕاومان کات
مامزەکان تێکڕا شاخیان لێ ڕوا
منیش ئەو قەڵا سەختەم بنیات نا
کە ئێستا ئێوە پێی دەڵێن: چیا

١٩٧٩



## ئاسکەخەمبار

- چاو! چاو! چۆن ئەو سوارە
سەری لە دوو ئاسکە خەمبار ناوە و
ئەو دەشتەی پێ گێرە دەکات!
دەک خەجاڵەت بیت ئەسپسوار!
خۆ وەختە باڵی پێ بگرێت...
خۆ بەسەزمانەی نازانێت بۆ کوێ هەڵبێت!
خۆی لە کوێ نێت!
- سەخڵەت مەبە
ئاسکە خەمبار دەیان ڕاوچیی
وای بەحەسرەت مراندووە
دەیانی وای ڕیسوا و شەرمەزار کردووە
ئاسکە خەمبار
تەنانەت بەدۆزینەوەی دەزگیرانی دێرینی خۆی
بەخۆهەڵدان بۆ هەمێزی ئارامی ئەو
جادووەکەی بەتاڵ دەبێت و
دەبێتەوە کچی جاران
هەر بەتەنیا
بەسەرخستنەوە سەر سنگی
دڵدارە ڕاستەقینەکەی
دەبێتەوە هەمان کچی
بەختەوەر و شەنگ و جوان

١٩٧٩

# بەفری گەرم

## بەفری گەرم

چی بووە؟! لەو ڕۆژەوە هەم
لەوەتی باڵای گرتووم تەم
لەوەتی لە پەنجەی گەفی باوبۆران و
کۆڕە و پرمەی هەسپی تووڕەی شاخ تێدەگەم
کۆرژنی وا تەزووی ترسی بەجەستەدا نەهێناوم
پەتی ئەوەندە ڕقاوی
دەستی لە ئەوک نەناوم
کۆرژنێکە
لە گریەو نووزەی منداڵێک
لە چریکەی بازێک دەچێت
کە دەستەوسان و تەنگەتاو
بەرامبەر دزینی هێلکە و خوێنی بێچووی خۆی بناڵێت
لێی دەپرسم...
شەوی ئاوا...
لە پڕ لێم پەیدا دەبێت و بەئاستەم لە دەرگا دەدات
بەجل و ڕیشی بە بەفرو بارانەوە
بەهەمان بزەی خەماویی جارانەوە
خۆی بەژوورە تار و تەنگەکەمدا دەکات
لە کاروانسەرای ڕۆحمدا بارگە دەخات
ئەها ئەوا جیرەی دەرگاو خرمەی پێی هات!
ئاسکەوێڵە و هەڵدەکشێت ڕووەو شکێرێک
وەرە ژووری
زۆرم غەریبی دەکردیت
لەم سەردەمە نەهات و نابینایەدا
تەنیا تۆم دۆست و هاوردیت



دانیشە با پێکرا پێکێک بخۆینەوە
چ ڕووی داوە؟!
بۆ ئاوا پیش دەخۆیتەوە
لە ڕوخساری تێکقوپاو و چاوی سوور و ئاوساوتا
کارەساتێکی شاراوە و نهێنییەک دەخوێنمەوە
دە پێم بڵێ چ ڕووی داوە؟!
چ خەمێکە؟!
چاوت بەقەد خەرەندێک بەقووڵداچووە
چ تیغێکە هەتا سەر ئێسقان ڕۆچووە؟!
تۆ باخەوان و خودانی گشت باخ و جۆگەلەکانی
هەر لکەدارێک دەڕووشێ و هەر کانیاوێک
لەسەفەر و ڕەو دەکەوێت
ئاوا بەکوڵ شین دەگێڕیت؟!
هەر خەزەڵێک هەڵدەوەرێت
لێوت زەرد زەرد هەڵدەگەڕێت؟!
تۆ شای پەری و باڵندانیت
هەر پەڕێک بەخوێن سووردەکرێت
ون بوون تەنگت پێ هەڵدەچنێت؟!
ئەوەندەم سەرنجی تیژی پڕ تانەوتەشەر مەدەرێ
ئەوەندەم تێ ڕامەمێنە
من بەری زێی شاری وشکم نەگرتووە
توورەکە بەردم بەسەری هەسپە کەحێلی بەڵەدی
سواری قۆپکەی ئاگرەوە نەکردووە
ڕستی تانجیم بۆ کەروێشکی گەرمەلانی ئاقاری خۆم بەرنەداوە
دەشت بەدەشت شاخ بەشاخ پیری هەردەگەڕی
خۆرپەرستم ڕاونەناوە
هۆی شکستی و قاتوقڕی و کۆچی ناوادەی عێلات نیم

دالێیش ئاسا
لەسەر لاشەی پاش گرانی و کوشتار ناژیم
دەپێم بڵێ
بۆ پەستیت و بڵق بڵق ئاوت لە چاودا دەکوڵێت؟!
پەشیمانیت لەو فرمێسکە درشتانەی کە تا دەمی بەری بەیان
بۆ گراوی و کات و شوێنێکی ئیرەمیت
د
ە
ب
ا
ر
ا
ن
د
ن ؟!
لەو لاوک و سترانانەی کە ڕۆژانی نەهامەتی و بیرەوەریی
کارەساتی گەلیی زیلان بازانە تێت دەچریکاندن؟!
لە چەشتنی سەرماوسۆڵەی ڕەهێڵەی باران و نوا
لە ناخۆشیی ئەو ئێوارە ساردانەی کە لەپێناو خۆرێکی تردا
لە نێو بەفرو بەستەڵەکدا
لە تووڵەڕێی
هەڵەموت و
بەردەلانی
نشێوان و
کەندولەند و
زوورگ و هەڵەتدا
پێت دەگوا؟!



زەنگوڵ
زەنگوڵ
ئارەق
یاخود
تک
تک
خوێنی
سەدەهات
لێ هەڵدەقولا؟!
تەمەنی گەنجیت
دادەڕژا
گەلا
گەلا؟!
پەشیمانیت؟!
پەشیمانیت لەو تەمەنە درێژەی کە بەڕاز و داربەڕووت بەخشی؟!
بەرد نەرم بوو و تۆ هەر دەستی زیندانەوانت نەگوشی؟!
سەرت تەنیا بۆ بەستنەوەی قەیتانی کەوشت دانەواند؟!
دەڵێیت ناوێریت لای منیش ڕازی ناخت بدرکێنیت؟!
دەترسیت تۆزێک بەهێماش شتێکم تێبگەیێنیت؟!
لە پیرە هەڵۆیان پرسی:
«کێ ئەو دەنووکە قولاپەو چنگە دڕەی بۆ خوڵقاندوویت؟
کێ ئەو دڵە ئازایەی لە سنگدا چاندوویت؟
هێندەی لاسار و دڕ کردوویت؟
سیڕەی سەربەستیی فێرکردوویت؟»
وتی: «خەنیم
ترسی قەفەس و کۆیلە بوون
ترسی ڕام بوون و لەنێوچوون»

کریف ئەمشەو
تۆ ئەو هەڵۆ بەرزەفڕە سەوداسەرە و
ئەو باوکەشوورە پیرۆزە بریندارە
شەکەت و عاسێیەی گورگ
لێرە و لەوێ ڕاویان ناوە و
نازانێت بۆ کامە پەنا و پاسار هەڵبێت
هەر چۆک دادات
یەک نووچ بدات
هەر بەلادا بێت سیسارکی تێ دەئاڵێت
چاوی ئەبلەقی تۆقین و ڕەشێنەی سپی هەڵگەڕاو

بەسەرتاپای
گەوەو خێوداری ڕووت و لاپاڵ و ترۆپک و شێوی ماه و زەردی بەفرستاندا
دەگێڕێت و

برژانگی بەکلووە بەفر دەترووکێنێت
پڕ بەزەمین دەبارێنێت...
باڕژنی شاخ دەخرۆشێنێت
هۆ... باوکە شووری بەئەمەک
قەڵای گەمارۆدراو هەر تۆزێک زەفەرت پێ ببرێت
تەرم... عەرد و بان دادەگرێت
ئەڵوەن لێڵ و خاو و بێزار ڕێگا دەگرێت
زێی بادینان
سەرتاسەر سوورهەڵدەگەڕێت



خاکە لێوان
قاز و قورینگ و مراویی هەڵاڵەهێن
ئەڵقە... ئەڵقە... بەروە ئێلاخ
بەروە بڵندی و زنەی شاخ
بەئاسماندا تێناپەڕن
شەپۆل و شمقاڕ و شەهێن
شەکرە کۆتری نامەبەر
ه
ە
ڵ
ن
ا
ف
ڕ
ن
مەدوێ    مەدوێ
ئەوەتانێ
وا چاوی سوورت بەتۆپەڵ
پریشکی ئاگری کوورەی ناوەوەی پڕ ڕقت داوێت
ئاگادارم
کێشەیەکی نایەکسانە
کێشەی گۆڕهەڵکەن و مانە
زۆرانێکی ناهەوسەنگە
زۆرانی نێچیر و گورگە
ناکۆکیی چەقۆ و برینە
باجی سەر لە تۆقەڵەی ئاسمان سوینە
باجی دێوی سەر ڕووبار و ئاگری نەمری دزینە

ئاگادارم
بەڕێوەبوون
بەتاسەو ئەڵهاوە دەچوون:
زەمینێکی بەرینتر و
هەتاوێکی گەش و نزیک بدۆزنەوە
ئاسمانێکی فراوانتر
بکەنە دەوار و کەپر
لە خەوی قورسی پڕ مۆتەی شاری بەردینمان هەڵسێنن
مەشخەڵانی ئاگرێکی بەنێڵەنێڵ هەڵگیرسێنن
چوون تالانێک بگێڕنەوە
چوون گەنجینەی ڕەشی دزراو بهێننەوە
چوون باڵ بە فڕندانەوە بلکێننەوە
چوون بووکێکی بەندی: کۆیلە بگوێزنەوە
چوون کوولەکەی ڕۆحی دێوی خاک بشکێنن
دەمزانی ئەمشەو ڕەڤین و کۆچی مرۆی ماڵ لەکۆڵ و
پەراگەندەی هەمیشە کۆچبار لە ڕێیە
دەمگوت ئەمشەو بەفر گەرمە
گەرمە دەڵێیت چۆلەکەی ماندووی ترساوە
دەڵێیت پەنگرە لە دەستما
ئاخۆ چ خوێنێک ڕژاوە؟!
تێگەیشتم چیا قسەییێکی پێیە
بۆیە ئاوا ناڵە و هاوار و فیغانی لێ هەڵدەسێت
هەسپی تووڕەی سمکۆڵ دەکات، دەحیلێنێت، داناکەسێت
بۆیە...
لە بەیانیڕا باڵندە و دارەکان ناحەوێنەوە
هەور و تەم و دیوار و پەنجەرە و دەرگا و شەقامەکان سووردەچنەوە
سەردەمێکە ئەم نسکۆیە وەیشوومەیە



ئەم ڕەشەبایە دزێوە... هەرەسە دێوەزمەیە
قۆڵ و باسکی لە هەواری بێ ئەنوایان هەڵماڵیوە
داستان و ئەفسانەش شتی وایان بە خۆوە نەدیوە
ها... ئەم پێکە بخۆرەوە
جگەرەیەک داگیرسێنە
بەهار بەکوژرانی گوڵێک
پیر نابێ و نارەوێتەوە
بەداڕژانی یەک تاقە ئەستێرەش شەوی تاریک و تووش دانایە
چ ڕوودەدات؟!
شەوێکی پڕ خەیاڵات و ئەندێشەیە
بۆکوێم دەبات
ناهەمواریی ئەم بێشەیە؟!
ئەمشەو کەس لە دەرگای نەدام
...... نەهاتە لام
مەگەر... مەگەر
مەگەر ئەم نیوە پێکە یا
ئەم چەند جگەرەیەی ماومن بێنە هانام
سەرمایە... خۆزیا خەوتبام
ئای کە تەنیام!
تەنیام...
تەنیام...

١٩٩١

## سێ شەوی مەستی

(١)

درەختەکانی بەربای زستان بوویت
بەدەم کۆڤانی بیرکردنەوەوە دەهەژایتەوە
دەکولایتەوە و پێکت هەڵدەدا
جگەرەت بەیەک دادەگیرساند و
لەبەر خۆتەوە گۆرانیت دەچڕی
دەیان شتت بۆ پەرداخی نیوەی پێشت دەردەبڕی
پەڕەسێلکەی ڕۆح پەرەوازە بوو
بۆ بن سواندەیەک
بۆ ژێر میچێکی بچووک دەگەڕا
هیچ مزگێنییەک دادی نەدەدا
لەپڕ دوو داوە فرمێسکی لێڵت لە چاو دارژان
کە پاش تاوێکیش هێوربوویتەوە
دامرکایتەوە
چاوت سڕییەوە
لێوت هەڵقورتاند:
گینگڵی ئەمشەو
لە جیاتی گریان
نەبوو بەزریان
نەبوو بە بەفرێک
ئەم ڕەشبینییە تفتە داپۆشێت
هۆنراوەیەکی وای لێ نەڕسکا
نەمریی چیا
بەم چەند چرکەیە سەختە ببەخشێت
بازانە لەسەر دوندێک هەڵنیشێت



(٢)

ئەوا زوو زوو بروسکەیەک
لە تاریکیی نیوەشەودا
شەوق دەدا و دەگرمێنێت
خوڕژمی ڕەهێڵەی باران
لە خواردنەوە
لە خوێندنەوەم دەپچڕێنێت
ئەم بارانە
پریشکی گوڵدانی دڵی دڵدارانە؟
بانگی توورەیی ئاسمانە؟
یان گریانی بەدکارێکی پەشیمانەو
ئازاری کوشندەی ویژدان
چاوی کردووە بەهەوری چلەی زستان؟

(٣)

شەوانی وا پڕ وەڕسی
پڕ دڵەکوتەو برین و گێژەنی هۆش و مەترسی
بەدەم جگەرەکێشان و خواردنەوەوە
بەدەم بیستنی چڕینی ئەفسانەیی بێژەن–ەوە
گریانەوە
بۆ شوێنێکی دوور و بێ ناونیشان دەڕۆم
دەڕۆمەوە نێو قۆزاخەی جیهانێکی بەسەرچووی خۆم
ئەم قەپێلکە ئاسوودە و بچووکە نەبا
کێم دەهاتە هانا و فریا؟!
بۆ کوێ دەچووم؟!
چۆن لە دۆزەخی سەر دنیا ڕزگار دەبووم؟!

١٩٩٠

# ماڵ و خەوزڕان و بەرد

(١)

هەندە دەمان
ماڵم لێ دەبێتە زیندان
لێم دەبێتە
دڕکەڵانی ساتەکانی ماڵئاوایی و دەست... لێک... بەردان
ناچار بەلەز دێمەدەرێ و بەرهەڵدا دەسووڕێمەوە
لە کونجێک دەگیرسێمەوە
کەچی کە شەو تاریک و دەنگ دادێت و شار بۆنی مردنی لێ دێت
لە مەیخانە و شەقامەکان دەکشێمەوە
بەلارەلار
دەچمەوە هەمان کۆڵان و
هەمان ماڵ و هەمان نوێن
پێڵووی ئارامی و چێژێکی بێ ئەندازەم پێ لێکدەنێن

(٢)

نازانم شەوگار چ وەختەو
گوێم لە سەگێکە لەوپەڕی شار دەوەڕێت
بەیناو بەین کەڵەشێرێک
خۆزنامە دەخوێنێتەوە
گوایە ئێستا یان پاش تاوێک
ڕۆشناییەک دەردەکەوێت
منی خەوزڕاویش دەڵێم
دەبێت بەڕاست ئاسمانی ڕەش سوورهەڵگەڕێت؟
یا تا لەگەڵ درووود و نزا و تکادا
سووتووی سەدان شەوبێدار و خەڵوەتکێشانی بۆ نەبرێت



ئاسۆی تار ڕوون نابێتەوە و
لەودیو پەردەی پەنجەرەوە
جریوەیەک...
تەپەتەپی پێی ڕێبوارێک...
نیشانەیەکی ژیان و بوون نابیسرێت؟

(٣)

چیتر مەڵێن
خوشخوان و بلبل و قومری
تکایە ئێوەش دەم لێکنێن
با کەس کەمانچەش نەژەنێت
وس بن وا بەرد
بەقەد بێدەنگیی سەدەها دەنەڕێنێت

١٩٩٠

## باڵ گرتنەوە

بارانێکی خۆش دەبارێت
شەو درەنگە و لەنێو جێگاوە دەبینم:
جەستەی کرژهەڵاتووی شار
خوڕ خوڕ ئاوی لێ دەچۆڕێت
ترپەی ئاهەنگاویی باران
باڵ بە سیمرخی بیر دەگرێت
سیمرخی بیر
کۆتی کاتشوێن دەپچڕێنێت... تخووب دەبڕێت
بەرەو ئاسمانی منداڵی:
زەمانی پێش مەی و کەسەر و ژینتاڵی
بۆ دەرەوەی دیواری ئەم ژووره سارده
دەرەوەی جەوری ئەم بەندە:
ئەو جێیانەی هێشتاکە بەفری یەکشەوەن
پڕ پڵنگ و مێرگ و هەنگ و شینەشاوەن
بۆ گوێ ئاگردان و کۆڕی ڕەشماڵێکی بن زنارێک
بۆ هەوارێک
هەوارێکی بەقەدر لەپی زارۆیەک
گەرم گەرم
بۆ خۆم کۆتر ئاسا تێیدا هەڵبکورمێم
ئازار نەدرێم
سیمرخی خەیاڵ دەگەڕێت
سەربەست دەفڕێت
لەپڕ ترسێک کە نازانم لە کوێوە دێت
دەمهێنێتەوە هەمان جێ
ترسی ئەوەی
سبەی لافاو هەڵبسێت و
بەستی شار کاریتەی کوختەی ڕماو و بێشکەی پێدا بێت...

١٩٩٠

## ئاگر

«ئەگەر ڕۆژێک
تیری ژاراویی نەفرینی خواوەندی تاریکی لێی دام
ئەنگاوترام
لە ڕێگای هاتونەهاتی هێنانەوەی
ئاگری شەختەڕەوێنی
بەندی شوورەی قەڵای ئەژدیهادا گلام
لەنێو بەفرو بەستەڵەکم جێ مەهێڵن
زووم بنێژن
زووم بنێژن
با قەلەباچکە ئەو چاوە یاقووتانە هەڵنەکۆڵن
کە ساڵەها
نهێنیی جوانیی سبەینێ و
نێرگسەجاڕ و پەپوولە و خاڵخاڵۆکە و زەردەخەنەی
نەورۆزی پشت: سەرماوسۆڵە و چەقبەستنم پێ بینیون
زووم بنێژن
ئەم دەستانە
جارێکی دیش
کلیلی دەرگای زیندانی برادەرە ونەکان و
قاسپە و خوڕە و تامی ماچ و
بۆنوبەرامەی زەنوێر و زەمەندانم پێ دزیون.»
من خۆم بەم هەردوو چاوە دیم
ئەم چەند دێڕە
لە تاوێرێک هەڵکەنرابوون
لەو لاشییەوە
دەقێکی تر سڕرابووەوە
تەلیسمیم پێ نەکرایەوە
ئەویان پێم وایە بەئەنقەست تێکدرابوو

مارتی ١٩٩٠

## تەبایی

لە دێرەوە وام، دیمەنی:
کچی پرچ بڤی ڕەشپۆش
بۆینباخی ڕەش
ڕەشەبا و
بوولێڵی بەهەوری تاریک ڕەش هەڵگەڕاو
خولانەوەی تاقی ئاسمانی ڕەشداڵان
تەوێڵم پێ لێکدەنێت و
پڕ بەچنگ دڵم دەگوشێت
تەنیا ڕەشیی چاوی جوانی چراخانێک
ڕەشیی چاوێک
خۆرەتاوێک
بەژێرزەمینی سەردەم و
سپیاتییەک
بەزستانی سی و نۆ ساڵەم دەبەخشێت
تەباییەک دەخوڵقێنێت

١٩٩٠



## دیوار

دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار
دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار
دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار
دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار
دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار دیوار
بێهوودەیە کوڵینگ وەشاندن و عیشق و فرمێسکی من؟!
یا هێندەی نابات دیواری نێوان هەڵدەکەنرێت لەبن
پەپوولان ڕاودەنێمەوە و دەبینمەوە بەهەشتی ون؟!

١٩٨٩

## پەیژە

سەری دانام
پەیژە ئاسا
بەرەو ژوورتر
پێی سەرکەوێت
کەچی گەمژە
هەر پێی دانا
سەر بەرەو ژێر
بۆ دۆزەخ و
گەرووی هەڵدێر
هەڵخلیسکا
نەیدەزانی
هەموو سەرێک
بۆ پرد و پەیژە
دەست نادات
هەموو سەرێک
سەری ناخات

١٩٨٩



## باز

– چۆن لێرە دەحەوێیتەوە؟
شەوان دوور لە ڕەز و کانی و مێرگ و مێگەل
چۆن ڕۆژت لێ هەڵدێتەوە؟
– هەمیشە لێرە نیم
هەمیشە
لە نێوان بەرداشی خاوی
کات
و
شوێنی
ئێرە ناژیم
هەمیشە سیمرخی خەونم دێتە هانا
دەگەڕێمەوە شوێنەزا
دەسووڕێمەوە باز ئاسا
لەم بەردەوە بۆ ئەو بەرد و
لەم چیاوە بۆ ئەو چیا

١٩٨٨

## بازنەی شەو

(١)

ئای ئەمشەو مانگ
چەندە جوان خەرمانەی داوە!
چەند جوان بارانی ڕووناکی
بەسەر خڕ شاردا پرژاوە
سەیرە چۆن تا ئێستا ماوە!
مانگی هێژا
چۆن بەتیری ئیرەییی کوشندەی بەدێک
دەروون ڕەشێک نەکوژراوە!

(٢)

قەت شەوێکیان
بەتەقەی دەرگای ماڵەوە
دڵت لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکەنراوە؟
شەوێکیان خەوت زڕاوە؟
هێندەی چنگێکت لێ ماوە؟
سامناکی گەمارۆی داوی و
لە تاوان برۆت جووت بووە؟
سیمات دەیان چرچی و لۆچی تێکەوتووە؟
ڕووت لە دەشتی کاکی بەکاکیی غەریبیی خۆت کردووە؟
نەء؟!
کەواتە
کوا تامی تاریکوڕوون و
شیلەی یەکەم زەردەی هەتاوت چەشتووە؟



(٣)

وا ئەمشەویش
تیترواسکە هاوڕێکەم پەیدا بووەتەوە و
بەسەر سەرمەوە دەخوێنێت
ئاگام لێیە
هەواڵی تازەی دیتنی یەکێکم پێ دەگەیێنێت
دەبا پێی بڵێم بزانم
ئەمجارەیان
قەت هەواڵ و سۆراخێکی پیری فریادڕەس ناهێنێت!
نازانێت بۆ
ئێستا بەهاوار و دەنگی موریدی خۆیەوە نایێت؟
خۆری هومای
لە ڕۆژی ئەنگوستەچاو و سەرگەردانیدا هەڵنایێت؟

(٤)

شەو درەنگان
تاوێک لە خۆم و لە ئاسمان
وردبوومەوە و سەرم سوڕما
چۆن ئەو هەموو ئەستێرەیەم
لە نیگادا جێ بووەتەوە!
بزەم هاتێ
ئەی چۆن کە هەر بۆ کوێم مل نا
لەگەڵ خۆمدا
بە دڵێکدا
ئەو هەموو بەرد و کۆسارە دەگوێزمەوە!

(٥)

هەندێک شەو هەن
زرینگانەوەی شکانی:
ئـ.. یـ.. نـ.. جـ.. ا.. نـ.. ە.. یـ.. ە.. کـ.. ی
د.. ە.. گـ.. مـ.. ە.. نـ.. ی.. کـ.. ر.. یـ.. سـ.. تـ.. ا.. لـ.. یی
چەپکە خەونێک
ڕووشانی توێژی برینێک
شتێکی بچووکی دوێنێ
تا ئەستێرە ئاوادەبن
گەوزی مردنم پێ دەدەن
شا عەباس-یش هەموو شەوێک
سەر دەخاتە
سەر شمشێری خوێناویش و ئارام دەنوێت
تەنانەت مەلیش ناوێرن
بەلای باخوباخاتییەوە
بەلای کۆشک و تەلارییەوە
تێبپەڕن

١٩٨٩



## بازاڕ

(١)

یەکەمین ڕۆژی پیشانگا
خەڵکی شەیدا
وەک پۆلە مەلی کۆچەری
بەتاسەوە
بۆ دیدەنیی
پیشانگاکەی ماسک دەچوون
دەچوون دەموچاویان
خۆیان
بدۆزنەوە
لە ماسکی کارەسات دیو و پڕ تێکشکان
هەر دووەم ڕۆژ
نیگارکێشی هێدمەگرتوو
خۆی لە کۆڵان و بازاڕدا
لە باڕ و چایخانەکاندا
لە شەقامەکاندا بینرا
بۆ ماسکەکانی دەگەڕا
جاڕی دەدا:
«ماسکەکانم...
ماسکەکانم...
کوان؟! لێبووکە دزەکان کوان؟!
جادووگەران دەستیان بڕیم
خەونە خۆشەکانیان دڕیم
هەموو ماسکەکانیان دزیم
هەموو ماسکەکانیان دزیم»

(٢)

پەنجەیەکی بێ تاقەتیی نائاسایی
بەڕیشی ماشوبرنجی
داهێنا و پاشان شێتانە
بەرەو ماڵەوە خشییەوە
بەغارەغار گەڕایەوە
گەیشتە جێ و زوو پەنجەی بەزەنگەوە نا
دەنا ئەگەر برێکی تری پێچووبا
بازاڕی جێ نەهێشتبا
توند توند دەرگای لەسەر خۆی گاڵە نەدابا
بێ گومان ئەو ئێوارەیە
قالۆنچە یا گیاندارێکی ترسناکی لێ دەخوڵقا

(٣)

ئەمڕۆ ئێوارە مات بووم و
لێواولێو خوێنی تووڕەیی و نارەزاییم
لە دەمار و لەشدا گەڕا
لە حەژمەتان
ڕۆژنامەکەی دەستم تووڕدا
لەپڕ بینیم وا لە دووررا
پەریزادێک
بەبزەوە
ئاپۆرەی بازاڕی بێشە دەبڕێ و یەکسەر بەرەو ڕووم دێت
منیش برۆی شادی و سەرسامیم هەڵبڕی
زەردەخەنەیەک گرتمی
وایە لە چیاش جار بەجار
ڕێبواری وێڵی ژێر بەفر و نێو بەستەڵەکی بەفرانبار
ڕێکەوت دەرووی ئەشکەوتێکی دێتە هاوار



## زیندەخەو

پیرەمێرد وەختی چێشتەنگاو
ماندوو... داماو
ئانیشکی داو تاوێک بۆرژا
دی وا هەمان نێریی جارانە و لەبەر دوا
تیشکی زەرکەفتی خۆراوا
دیارە بەقەدی شاخێکی وەک ناولەپی مرۆڤ دەڕوات
دی و خوێنی لە لەشدا کولا
بەتاسەوە سەرنجی دا:
[ئای لەو نێرییە دەگمەنە!
وای چەند جوانە!
بڕوانە چۆن لەو دوورەوە ڕاوەستاوە!
بەفیزەوە سەر هەڵدەبڕێت
بەهەوراز و ڕەوەزاندا هەڵدەگەڕێت
نێریی یاخی بۆ کوێ دەچیت؟!
بۆ بەخەمانم دەکوژیت؟!
ئارەقی سەد
هەورازی ڕک و
هەڵدێری
کووڕی
هەزار بەهەزاری
تریشم لەبەر بچۆڕێت
سەد چەرمیشم لە پێ بدڕێت
سەد شەوی ساردی تریشم بهێڵێتەوە لە چیاو
بەفر و بارانم لێ بدات
گورگیش بمخوات

هەڵیش دێرێم
بست بەبست لە دوو شوونت دێم
بۆ کوێ دەچیت؟
باڵیش بگریت هەر هی منیت
نە چوشتیرە
نە بزنی بەکار و شیرە
نێریی قۆچ نیر و ئاموورە.]
کە چاوی چەپیشی نووقاند
ویستیشی سێرەی لێ بگرێت
باگاهاتەوە و بینی وا جگەرەکەی بووەتە سۆتەک
لە چوار لاوە
ئابلۆقەی داوە دیواری ژوورێکی تەنگ

١٩٨٩



## جەزبەی پیران

(١)

شەو کە بەدەم شەونخوونی و لە گەردوون وردبوونەوەوە
بەخەیاڵمدا دێتەوە و بیر لە چاوە دەریاکانی دەکەمەوە
پێم نەنگە چۆن خواوەندە ئەفرۆدۆتی شەنگ
لە ئاست ڕەشەڕاوی کێوی و مامزاندا
هەتا نهۆ
کڕ و بێدەنگ
دەستەوئەژنۆ ڕاوەستاوە!
چۆن قامچییەکی نەفرەتی بوون بە بەردی
لە دڕندە و ڕاوچی و پاشایەک نەداوە!

(٢)

کە بەڕۆژی خەمڕەوێنی چاوەکانیدا هەڵدەڵێم
جەزبە دەمگرێ و بەوپەڕی سووتانەوە
... هەستەوە لەگەڵیا دەدوێم
دەنووکی سۆز و گۆرانیم پێ لێکمەنێن
تیرم بۆ لە کەوان مەنێن
تاوێک گوێ هەڵخەن بزانن
مەلی قەفەس چی دەخوێنێت!
بازی هێلانەبزر چۆن دەچریکێنێت!

(٣)

تا چاوەکانیم نەبینی
تا سەرم قیت نەکردەوە
نەمزانی گوڵدانەکانی
ئاسمانی وڵاتی منیش پڕ ئەستێرەن

نەمزانی لە پەپوسلێمانە و کانی و
قەتاری ئێوارە کۆچی قازوقورینگان جوانتر هەن

(٤)

لەگەڵ ئەودا
لە پیاسە و گەڕانی دوور لە تەڵەی زمان و گوێ و چاودا
قاڵبی مۆمیابوون دەشکێت...
ورد دەبێت و
ڕۆح سەرلەنوێ دەپشکوێت
ڕۆحی ڕەها
لە بێچووە هەڵۆیەک دەچێت
کە بۆ یەکەم جار پەڕوباڵ
لە هەوری بڵندان دەسوێت

١٩٨٩



## ناخ

(١)

هەندێک بەیانی
ئەو وەختەی هێشتا
هەتاوی پیرۆز چاو هەڵدەگلۆفێت
هێشتا شار بۆنی هەوای خاوێنی شاخانی لێ دێت
بۆ خۆم لە سووچی چایخانەیەکدا
بەتاقی تەنیا
ڕووەو شەقامێک هەڵدەکورمێم و تێر وردەبمەوە
بەمەودای مێشک بیردەکەمەوە
دواییش پێش ئەوەی پەنگ بخواتەوە
یەق بداتەوە
بەدەموچاو و گوێ و لووت بتەنرێت
دێمە دەرەوە و بەرەو چۆڵیی تر
دنیای تر هەڵدێم
سوورە نەهەنگی ناخم خۆی وایە
لە کەنداوی پیس ناحەوێتەوە
ئەو دەڕوات... منیش لە دووی مل دەنێم

(٢)

هەر کە زانی وا خەریکە
هەستی نابینا دەبێت و
ئەو دیو پەردە و دەمامکەکان بەدی ناکات
هەڵۆی دڵی نیازی وایە دەستەمۆبێت
لوتکەی هاوڕێی لە کیس بچێت
هانا دەباتە بەر پیرە پیرۆزەکەی ناخی خۆی و

لە حزووریا بەچۆکدادێت
لەبەر دەمیا
چاوی تەڕی شەرمەزاری دەترووکێنێت
پیرەش دەستی میهرەبانی و فەڕی بەسەردا دەهێنێت
شتێکی بۆ دەچرپێنێت
ئیدی ئەمیش
هێدی... هێدی
توانا و هێز دای دەگرێتەوە
هەڵۆی دڵیش
دیسانەوە بڵند... بڵند...
بەسەر تەختی دێرینییەوە
دەفڕێتەوە

(٣)

خۆرەتاو و
ئەو هەموو چرا و گڵۆپ و ئەستێرانە
بێهوودە بۆ من دەسووتێن
لە کوێ دەڕۆست شەوستانی ناخی من دێن!
خۆمەزانم
بەتەنیا کە خۆری ڕاستەقینە هەڵدێت
شوورەی ئەستووری شەوەزەنگ
شەوەزەنگی ژوورێ و دەرێ
بەلادا دێت

١٩٨٩



**تەمەن**

هەن تەمەنیان باخچەیەکە
هەموو سەرلەبەیانییەک
گوڵێکی تیا دەپشکوێت
هەندێکیش لە هی من دەچێت
دارهەنجیرێکی زەردباوە
هەموو ڕۆژێک
هەنجیرێکی باقۆ دەبێت
دەمەو خۆراواش لەخۆڕا
تەپ دەکەوێت

١٩٨٩/٦/٢٠

## پرتەقاڵ

ئەمڕۆ ڕێکەوت
دیم ئەوا گزنگی داوە
دیم زەردبووە
ئەو پرتەقاڵە جوانەی کە خۆری ناوە
گەر دەستمی پێ گەیشتبا
گەر هی من با
لێم دەکردەوە و بەشی گشت تەمەزرۆیانم لێ دەدا
١٩٨٩/٦/٢٦



## حیکایەتی هەتاو

دەزانم چەند بڵێیت دووریت
ماسییەکی پرشنگداری ئەوەندە بێ هاوتا و سەیریت
کە هەر دەبێت
ڕاوچیی تیشکی بەختەوەری
بەچاوی پڕ عەزرەتەوە
مەراقەوە
لە شینایی پڕ نهێنی ڕامێنێت
بەچاوی عەودالییەوە
لە کەناری چاوەڕوانیت بوەستێت و
فرمێسک و ئارەق بڕێژێت
کەچی ئومێدم نابڕێت و هەموو ڕۆژێک
قولاپ و چەشەت بۆ داوێم
بەشۆخیتدا
بەبڵندیتدا هەڵدەڵێم
بەڵکو دڵی تاشە بەردت نەرم ببێت و جارێک لێم
تەواو نزیک ببیتەوە و چەشەم بخۆیت
پێم بڵێیت: تاقە جووتم تۆیت
١٩٨٩

## نەگونجان

(١)

شەبەقی داوە و خۆرەتاو
دنیای لە تیشک وەرداوە
تیشک لە شۆستە و شەقام و
دار و
بەرد و
هەور و خانووی شار ئالاوە
جارێکیش خۆرێک هەڵنەهات
تەمی ڕەشی سەر لابدات

(٢)

ئێوارە کز و ڕووژاکاو
بێزار و سەروقژشێواو
بەرەو دەرگای مەیخانەیەک ڕووم وەرگێڕا
لە ڕێگاشدا
مشتی تووڕەم ڕادەوەشا
کەچی کە چوومە ژوورەوە و
پاش دانیشتن چاوم گێڕا
بینیم هایهوو! زۆر لەمێژە
لە من کز و بێزارترێک
بێ وارترێک
یەکەمین پێکی هەڵداوە
بەمژی قووڵی جگەرە
چۆتە ژێری و
بۆ یۆتۆپیا...
ئەسپی دارینەی تاوداوە

١٩٨٩/٤/١٥



(٣)

گەلێک ئاوات و خەونم هەن
خۆشترینیان
ئەوەیە: شەوێک دڵنیا
لە سەربانی ماڵی خۆمرا
بەئارەزووی خۆم لە دنیا
لە ئەستێران وردبیمەوە و
بێ ترس بدرەوشێمەوە
لەگەڵ خودم و جیهاندا بگونجێمەوە
خۆ دەزانم
ئەم خەونەش دوورە و وا ئاسان نایەتەدی
چەندان خەونی وا بابردی
بەڵام دەڵێن:
کۆتەرەداریش بچێنرێت
لەوانەیە ڕۆژێک دابێت
پشکۆبدات و گوڵ بگرێت

١٩٨٩/١١/١٨

# گۆدۆی چاوەڕێ

(١)

کات: بەیانییە و مام گۆدۆ-ی چاوخەواڵوو
لە جێگای خۆیرا دەبینێت:
جووتێک لەقلەق
لەبەر بەرۆچکەی شیرەتێن
لە هێلانەی دوورە دەستی جوانی شێوێن
لەسەر یەک قاچ
قیت و دڵنیا وەستاون: لێک ڕاماون
هەناسەیەک هەڵدەکێشێ و سەر بادەدات:
[دەبێت ڕۆژێک دابێت ئێمەش
ماڵێکی وا بەرز و هێمنمان دەستکەوێت؟
یا لە دوا کاروانسەرادا
هەر لە دوا ماڵدا
لە گۆڕدا
لەژێر خۆڵدا
گیانی ماندوو و سەری جەنجاڵمان دەسرەوێت؟]
١٩٨٩/١٢/٢٥

(٢)

ئێستا درەنگانی شەوە
هەر خێزانەو نوقمی خەوە
مام گۆدۆ-ی ڕیش بستێک هاتووش
لەسەر شۆستەیەکی سارددا
لە پاڵ دیواری شێداری ئێستگەکەدا
هەنیەگرژ و لێوبەبار هەڵتروشکاوە
ئەژنۆی بەسنگییەوە ناوە
بەیناوبەین
خرینگۆهۆڕی قورینگ و قیرەی پۆلە قازی کێوی
لە کەژاوەی سەران دێن و پەردەی بێدەنگی دادەدڕن
ئەمیش چاوێک بەئاسمانی بێ کۆتاییدا دەگێڕێت:
[ئەمشەو کۆچیان بەسەر شاری گۆڕستاندا تێدەپەڕێت
کاروانی تیژڕەوی هەور
بەرەو بڵندان هەڵدەکشێت
منیش ئەگەر باڵم هەبا
ئاوا بێ پەروا ڕێم دەگرت لەگەڵیاندا]
شەوی ٢٦-١٩٨٩/٣/٢٧

(٣)

وا پەڕەسێلکە تاک و جووت
بەویسەویس
لەژێر میچ و هەیوانی ماڵان دەگەڕێن
دەنووک لە جۆگە و گۆم دەدەن
دەچن و دێن
هەر پەڕەسێلکەی زیوینە
هەر مژدەبەری شیرینە
لە هیچ عەردێک دەرناکەوێت
شوێنەواری نابینرێت و زەنگی مێخوشی نابیسرێت
دیارە ئەمساڵیش درەختی
حەزی مام گۆدۆ-ی بەسەزمان ناپشکوێت
ئەمساڵیش بەهەوپای ساڵان و چاوەڕێ
هەموو شەوێک لەسەر هەمان
شۆستەی پڕ قونکە جگەرە و
پێخەفی ڕەقدا دەخەوێت
١٩٨٩/٣/٣٠

## ئێوارەوەختێکی درەنگ

ئێوارەوەختێکی درەنگ
مرۆڤێکی دڵ بەقەد زیندانی تار تەنگ
بەکۆمەکۆم دەڕۆیشت و
جەستەی شەکەت و گرمۆڵەی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا
دەڕۆیشت و بەڕێگاوە چاوی سەرسامیی دەگێڕا
لە ناخیدا، لەگەڵ دەوروبەردا، لەگەڵ خۆیدا دەدوا:
[هەمان شەقامی جارانە... دەڵێیت تەرمە ڕاکشاوە
هەمان دارتەل
هەمان ریزە ماڵی ئەوسان
هەمان کوکوختی و دارکاژن
واگۆن و کولیلکە نیسان
ماتن خۆڵەمێشی من و ئیشتار- یان پێوەرکراوە
هەمان وەنەوشەی ئاسمانە لە دووکەڵیان هەڵکێشاوە
ئێرە کونە ئەشکەفتێک بوو
ئێمەش دوو نێچیری فەرخەی بێ دەرەتان
خۆمان تێدا حەشاردەدا
وەک دوو مەلی دابڕاو لە ڕەوی کوێستان
باڵمان لە یەک وەردەهێنا
دوور لە چاوە قولاپەکان: دڕندەکان
ساتێک سەرمان لە قەپێلک دەردەهێنا
بێ ترس و سام
نهێنیی سنگمان هەڵدەڕشت
خەم و پەژارەی شاراوەی بەقەد کێومان
بەنوکتەیەک



بەسترانێکی خۆش دەناشت
ئەوەتا وا
هەر سایەو پەنا دەوەنن
مووچڕکم پێدا دەهێنن
بوومەلەرزەن دەمهەژێنن
ڕابردوو دەگەڕێننەوە:
- بەسە چیتر شەودرەنگان مەچۆرەوە
هەر ناشتوانییت
لە ماڵەوە بخۆرەوە
- بۆچی ئەوەندەت خۆش دەوێم؟!
- تۆ نەبووایت کوا ئەم ژیانە دەگوزەرا؟!
تازەش کە تۆزێک دواکەوتیت
بەجارێک ئۆقرە و ئارامیم لەبەر بڕا
ئەم شوێنانە چی بەبیردا ناخەنەوە!
چ ئاگرێک لە مێشکدا ناکەنەوە!
کوانێ خۆ هێلێکی ئاسنین
لێرەوە بەرەو خوار دەکشا!
جار جار پیرە شەمەندەفەر
فیتوویێکی دوورودرێژی دەکێشا
گوڵە حاجیلەکان نابزوون
ڕەنگاڵەکان کپن... مردوون؟!
چریکەیەک
کزەبایەک
خشپەیەک
سرتەیەک نایێت
تارمایی کەسێک نابینرێت

تیشکەمەلی بەختی شایان بۆ کوێ چووە؟!
لە کوێ بەداوەوە بووە؟!
بۆ کوێ هەڵێم؟!
هێلانەیەک لە کوێ دانێم؟!
دنیام پێ ناسووتێت دەبا جگەرەیەک داگیرسێنم
گۆرانییەک... شتێک بڵێم...
ڕۆژیش خەریکە ئاوابێت
وردە وردە تاریک دادێت
جا شەوگار چۆن بەسەر دەچێت!
کێوی غەریبی چۆن دەجمێت!]
تاوێک وەستا و بەچاوی پڕ ئەشکەنجەوە
لە ژوانگەی چۆڵ و کپ ڕاما
ڕاما... ڕاما...
پاشان پێڵووی ناڕەزایی و ژانی جێ تیغێکی لێکنا
ئینجا کەس نازانێت بۆ کوێ هەنگاوی نا...
لەدواشییەوە
تک
تک
تک
تک
خوێنی دەتکا...
١٩٨٨



## بەفر

ڕۆژێکی پیرۆزە بەفرە...
بەفرە... بەفرە...
لە پەنجەرەڕا لێم دیارە:
بەتالووکە
بەسەر شاردا دێتە خوارێ
شۆستە و شەقام
درەخت و دیوار و سەربان
ئۆتۆمبیل و سەر و شانی پیادەڕۆیان
دنیا... سپی هەڵدەگەڕێت
دەبێت بەفر
دڵ و دەروونی ڕەشیشی پێ سپی بێت؟
یا چەرخی کێشەی گەردوونە و هەتا هەتایە دەگەڕێت؟
١٩٨٨

## ئاگردان

هەموو ئێواران ئەم وەختە/ جگەرەیەک بەلالێوەوە
دەنێیت و شەقام بەشەقام دەگەڕێیت/ شەوانیش
ئاسوودە و ئارام... خۆت لە کونجی پیرە مەیخانەیەک
دەنێیت/ ئاگاداری شیوەنی نیت... چاوی
تەڕ و سەروقژی بژو شێواوی نابینیت/
ناتبزوێنێت کوێربوونەوەی ئاگردانی/ فریادی/
گەمارۆدانی/ باوەشی بۆ ناکەیتەوە و هاڕژنێکت
لێوە نایێت/ کوانێ وایە؟!/ هەورازە ڕێ و/
گۆشەی لاپەڕی مەیخانە و شەقامەکان
وەدەنگ بێنە/ ڕازی قەدەغەو نهێنیی
ژوورەوە و ناخ/ بەئەستێرە و شێت و
سەرخۆشی درەنگان/ درەختەکان/ بدرکێنە/
کالبتۆس و ڕیشۆڵەی سەریان گەواهن
بیاندوێنە/ بزانە کێ بەسەرهاتی/ سەرگوزەشتەی/
لە تاشەبەرد هەڵدەکەنێت/ تا پشتاوپشت/
دەماودەم بناسریتەوە؟/ لە هۆش و یادی
زەماندا نەسڕێتەوە؟/ بۆی دەسووتێت؟/
هەیە لە ئاست کانیی جەزرەبەدراو و کوێربوونەوەی
ئاگردان و/ ملی بەکوێنی دڵداریا/ نوشوستیا/
ڕۆندکیا/ شانی بێ باکی هەڵتەکێنێت؟!/ لێو
لە خاچ و کووڕبوونەوەی منداڵان و ڕوخساری
مات/ خەزانی خۆی هەڵقورتێنێت؟!/
لەوەتی ڕێویان هەیە من بۆ هەتوانێک/
بۆ دەرمانێک/ لاشەی ئەم خەونە دێرینە/
دار و بەردە/ جگەرگۆشە بریندارەم بەکۆڵەوەیەو



ساڵ بەساڵ/ قۆناغ بەقۆناغ/ شار بەشار/
دەیگێڕم و لە پێناویا فرمێسک و ئارەق دەڕێژم/
سترانی مەرگ و ژیانی بۆ دەبێژم/ ئەمە
عیشقە هەتا ڕادەی نوێژ و نزاو پاڕانەوە/
تالاّونۆشین/ توانەوە/ ماڵ و جگەرگۆشە بەخشین/
بوون بە پەرژین/ هەتا ڕادەی سەر بەمێرگ و
نێرگسەجاڕ گۆڕینەوە/ مەرگ و سووتان/ چۆن دەتوانین وەک دوو غەریب لێک... هەڵبڕێین؟!/ هەریەکەو بەڕێگایەکدا هەنگاو بنێین؟!/ تۆ دەتوانیت هەر ڕۆژەی یارێک بگریت و شەوە و دەمامکێک ببەستیت؟!/ ڕیا بۆ شیش و کلیل و دەرکەوانی زیندانی خاکت هەڵبەستیت؟!/

**«دیارە هێشتا نەگۆڕاویت؟**
**هێشتا جاڵجاڵۆکەی ڕۆژگار**
**بیر و خەون و یادگاری نەتەنیویت؟»**

هەمان خوێن و سۆزی جوانن بەپەلوپۆ و قەد و
گەلامدا دەگەڕێن/ هەمان هەسپی بەرهەڵدایە
سمکۆڵ دەکات... زریان ئاسا دەحیلێنێت/ هەمان
نەهەنگی بەفیزە و تەنیا زەریا بەشایانی
خۆی دەزانێت/ هەمان کەڵەو قۆچ لە
تەمومژی ئاڵی هەڵگورد دەسوێت/.
دڵم لێی دەشکێت
لێی بێزار دەبم
لێی زویر دەبم
لێی دادەبڕێم و سایە و میچێکی تر هەڵدەبژێرم
کە نێویشی دێت ڕوو وەردەگێڕم
وەک هەر نەمدیبێت
هەرنەمناسیبێت
بەلاّم کاتێک کە داد و هاواریم دەگاتە بەرگوێ

دەقیژێنێت: « ئای بۆ فریادڕەسێک!»
لەگەڵ ڕووبار و مێروو و کەڤردا
لەگەڵ خەنجەر و داس و بەفردا
هەڵدەسمە سەرپێ
لافاوی سووری ڕق و توورەییم
لە هی نووح زۆرتر، شێتتر هەڵدەسێت
ڕەگی دەستم (پەنجەکانم) خاک بەرنادات
نەمبیستووشە خوانەخواستە دڵی نالی
ڕۆژێکیان بەشارەزوور و حەبیبەی وتبێت: ماڵئاوا
هەوایە و چەندی هەڵمژم لێی تێرنابم
ئاسمانە و بۆ هەر کوێ دەڕۆم لەگەڵمایە

**«بێهوودەیە**
**واشەو داڵی قەڵای ڕەشی**
**جەرگی سەدانیان خواردووە**
**سەدان... سزای شکاندنی**
**ئەم تەلیسمەیان چەشتووە**
**دادت نادات**
**گریە و خوێن و ئارەقت بەفیڕۆ دەڕوات**
**بۆ خۆت پەرداخێک ژار هەڵدە**
**بۆ وەی ئیتر ڕزگارت بێت**
**لە پیش خواردنەوە و ئەشکەنجە.»**

ئەوە کێیە دەقرێنێت؟؟

کەی خۆرەتاو بەفوویێک کوژاوەتەوە؟!/ کوا ئەم زەوییە فراوانە جێی لە نێو چنگێکی زبرا دەبێتەوە؟!/ تا هاڕەهاڕی ڕووباری سەرەوژوور و ورشە و گمە و سروودی خەمڕەوێن هەبن/ زێ بخوێنن/ کێ گوێ لە قرەی قەل دەگرێ و بەخوێندنی کوندەبۆ دەگەشێتەوە؟!/ تا ڕێبوانی ڕاست بەرەو مەنزڵ هەڵبکشێت/ یەکەم تیشک و دوا تیشک بەدوند بشێت/ کێ نشێوان هەڵدەبژێرێت؟!/ منداڵێکم بەیاری و شەقشەقەی تایبەت بەخۆم نەبێت/



ناخافڵێم و ژیرنابمەوە./

... گوێت لێمەو دەنگمت دەگاتێ؟

هۆ سایەوان/ ڕۆژ و شەوگار/ هەنگوین و ژار/ هۆ تاقەسان/ پەلکەزێڕینە/ شکۆدار/ ئەوا ئەمڕۆ شپرزەم و هەر سترانی غەریبییەو لە قووڵایی برینەوە هەڵدەقوڵێت/ ڕۆح تەیرێکی جووت بزر و بێ داڵدەیە و پڕ بەشاخوداخ دەناڵێت/ دەشزانم سووتانە باجی گەیشتن بەجیلوەی جوانی/ گیای نەمری و سەرکەشی/ چوار بزمارە/ دۆزەخە باجی ئەوین و تێکچڕژانی دڵداران و ئاو لەکانیی پاک خواردنەوە/ دەخیلتم تۆش نیوچەوانت لە ڕووی خازیدا توند لێکنێ/ ئەوا بەرد هێزی داومەتێ/ باز دووربینی/ هەڵۆ و شەهێن بەرزەفڕی/ بەتوورەکەی پڕ سێوەوە بەڕێگاوەم/ ئاو دەڕژێنمەوە وشکە چەم/ کێ لێمشت دەگێڕێتەوە؟/ گەردنە و لە کۆت نابووریت/ تەلیسمەکە بەتاڵ دەبێ و شەبەق دەدات/ مرۆڤ و زەمینێکی تر چاو هەڵدێنن/ سەردەمێکی پڕ یەکسانی دێتە دنیا/ بەمنداڵی ڕەوڕەوەشم شکا، کەچی من هەر پێم گرت/ دەستم لە هەڵچوون هەڵنەگرت.

ئەوە چیم بەخەیاڵدا دێت!
شەوێکی سارده نەبارێت
خۆزگەم بەگوێ ئاگردانێک!
بەئەشکەفتێک ناحەز بەدەرگای نەزانێت!
گورگە مرۆ و خێو نەیگەنێ...
دەبێت ڕۆژ هەڵبێت؟
سیرەی هەڵۆ: هومایەکم بێتە بەرگوێ؟
هاوخەمێک لەگەڵما بدوێت؟
منداڵەکانم بۆ خۆیان نووستوون
دەڵێیت پەپوولەی سەر زەلی سەوزن
ئەوان وەکو من لە گۆلی خوێنی خۆیاندا ناگەوزن
دایە سەرمامە و خەوم زڕاوە
مێشکم بەنینۆک چێنراوە
لە لانکێم نێوە
هەتا دەخەوم

یا ئاسۆی نووتەک ڕوون دەبێتەوە و
مرۆڤ و گورگ... لێک... دەکرێنەوە
بملاوێنەوە
هەمان لایلایەم بۆ بلێرەوە
خەوم ز.. ڕ.. ا.. وە
خە.. و.. م.. ز.. ڕ.. ا.. و
خە.. و.. م.. ز
خە.. و.. م
خە.. ە.. و
خـ.. ە
خـ..

١٩٨٨



## لوتکە

شەوەهای شەو
پاڵتۆکەی بەشان داداوە و
شەقام بەشەقام گەڕاوە
شینی بۆ باز و کانیاو و مێرخوزاری دوور گێڕاوە
تا شەوێکیان
بینیم وەخت بوو لە تاوان
سەری خۆی بەدیوار وردکا
ناڵە و نرکەی
مامزی بریندار ئاسا
ئاگری لە گیان بەردەدا
کێوی بووبوو، چەمابۆوە، لێوی دەکرۆشت
خۆزگەی بەشتەها دەخواست
لەبەرخۆیەوە داخاوت و دەیبزرکاند:
«خاکی خەونە
بەخەون پێکدەگەینەوە
بەخەون دەبووژێینەوە
بەخەون بەردی ئازاری ئەم ڕۆژگارە
سەردەخەینە سەر ئەو کێوەی
کە لوتکەی دیار و نادیارە
لەوەتی پێم بۆ خوڵقاوە
من هەر بەرەو خۆەتاوی ئەو لوتکەیە
هەنگاوی مردنم ناوە
ڕێگا نەما ئارەقی منی لێ نەتکێت
بەرد نەما سەرمی پێ نەکرێت
لەو هەورازە بەفر لێی دام
ئیدی لە سەری من نەبێت

لە هەموو بەرزاییيان چۆوە
لە هەموو دۆڵێک ڕەش بۆوە
هۆوەتانێ ئاگردانم
بەژیلە دانەپۆشراوە و داپۆشراوە
کوچکاوری چامان هێشتا
ڕەشە و لە جێی خۆیدا ماوە
چرای دڵیش
شەوگار بەشەوقی وێراوە و نەوێراوە
کێ بەسەرمای ڕۆحی من و شاخ دەزانێت؟!
کێ دەزانێت چ چڕنووکێک
دەموچاو و مێژووی پاکم دەڕنێتەوە و
مەزاری پڕ نووری چاکم...
قارەمانم لە ڕەگڕا هەڵدەکەنێت و دەشێوێنێت؟!»
وا ئەمشەویش
لە تاو هەمان نیگەرانی
هەمان ژان دەچڕێت گۆرانی
گۆرانییەک
جار جار لە شنەی شەماڵ و
جار بەجاریش لە زڕەی زنجیران دەچێت
کێ دەڵێت شەو ئارام دەنوێت و هەناوی
بەردی بێدەنگیی ناقەڵشێت؟!
شوانەوێڵەی کامە زۆزان
بەدیار کۆزی بەلوورەلوور تەنراوەوە
بێ خەم و خەیاڵ نووستووە؟!
کام ڕەوکەوان
بەهەڵدێرانی کەحێلی
بەچینی عەرددا ڕۆنەچووە؟!

١٩٨٧



# دوو نیسانی جیا

(١)

وریتەوریتی ڕەنگاڵان دێت؟
لەقلەق هێلانە دادەنێن؟
منداڵ پەپوولان ڕاودەنێن؟
ئەمساڵ نیسان
یەک تاقە گوڵاڵە سوورەی ناخی من ناپشکوێنێت
حەزێکی بچووکی گەڕان
ئارەزوویێک
بۆ دەرەوە و شەقامەکان...
بۆ خواردنەوە...
هەنگاوم پێ هەڵناهێنێت

١٩٨٧/٤/١٠

(٢)

باوبۆران نامبەنە ژووری
چاوی بەرهەڵدای پاش قەفەس
بەچوار دەوریدا دەگەڕێت
چ جوانییەکە گوڵووکی
دارخۆخ و
چواڵە و
هەرمێ و
سێو
گوڵووکی پەمەیی و سپیی
دوور لە دەستی دڕندە و دیۆ
پشیلەن...

بارانی نیسان
خۆش خۆش دەستیان
بەسەر و پشتدا دەهێنێت
منیش لەم چەمە ڕوابام
دارخۆخێک بام
تا بەیانی
باران دەستی لە قژ دەنام

شەقلاوە ١٩٩٢/٤/١٧



## سێ کاتی دڵ

(١)

سبەینێ
کە هاتمە دەرێ
دڵم زەنوێری چیابوو
سەدان تەرزە گوڵی دابوو
کەچی لە ڕێگا هەر تابلۆ و سیمایەکی گرژم دەدی
گوڵێکی جوانم دەوەری
تا ئێوارە زەنوێری دڵ
هەموو گوڵەکانی قرتا
تاقە گوڵێکی تیا نەما
خۆشەویستێک
بۆنی بکات

(٢)

ئێوارە بەهەڵەداوان
خۆم لە قوژبنی تەریکی گەوەڕە مەیخانەیەک نا
چیلەیەکم لە نێوانی خودی خۆم و
پرۆتیۆس و بارە ژاراوییەکان هەڵنا
بەئارەزووی خۆم خواردمەوە
تا قوڕولیتەی زێی لێڵی هزر نیشت و
وەکو جاران ڕوون شۆڕبۆوە
لەبەر خۆشمەوە بەنزمی
ئەو گۆرانییەم وتەوە
کە خەریک بوو
بەدکار لەبیرمی بەرنەوە

سوپاس شووشە بەتاڵەکان
تەنیا ئێوەم بەخشندە دی
لەم زەمان و ڕۆژگارە مشت قووچاوەدا
یەک یەک بێ باکانە خۆتان
بەنائاسوودەییم بەخشی...

(٣)

شەوێک تا درەنگان بیرم لە گرفتی شتەکان و
پاشقولی تەنافبازان و ئاسۆی ونی خۆم کردەوە
تا درەنگان
مەلی لانە ڕووخاو بووم و
لە هیچ کوێ نەحەوامەوە
لە ناکاو لە پەنجەرەوە
سەیرێکی ئاسمانم کرد و ئەستێرەیەکی گەشم دی
نەرم نەرم... بە ڕوومەوە پێدەکەنی
هەر تێم ڕوانی
فەرامۆشیم پێدا هات و
کۆنەکاژی خەفەتم لەبەر داماڵرا
بایەکی خۆشیش لە دووڕڕا هەڵی کرد و
گەسکێکی لە پەلکە سیس و ڕزیوەکانی ناخم دا

**١٩٨٦**

گەوەڕ: کەلێنەشاخ، شکێر.



## پیر

یەکەم: بیستوومە مامز زویرن
مێگەل... مێگەل... سەرهەڵدەگرن
باز دوندی تر هەڵدەبژێرن
بیستوومە بۆ هەر کوێ بڕۆیت
ئێسکوپرووسکی کەحیلی هەڵدێرراوە
پەڕوباڵی زێڕینی هەڵۆی خوراوە
ئاگرێک هەڵناکرێتەوە
درووودێک نابیسرێتەوە
دووەم: جا چ سترانێک... هۆزانێک
شکستی وای پێ دەردەبڕرێت!
چ لاوکێک... بەم کارەساتە دەوێرێت!
بێ پەروابیش دادمان نادات
دارەکان
شتەکان
خۆمان
بێشکە و ماڵمان
گوڵەکان بەکێ بسپێرین؟
گڵکۆکانمان بۆ کوێ بەرین؟
ئا... دیارە پیر
دڵی لێمان ڕەنجاوە و پشتی تێ کردووین
بۆیە ئاوا تووشی ئەم ڕۆژە ڕەشە بووین
سێیەم: بۆ وا ڕوخسارتان تێکچووە و
دڵی خۆتان تەنگ کردووە؟
ئەم بەیانییە خۆم بینیم
کڕ وەکو بەرد دانیشتبوو

گوێی بۆ قسەو باسوخواسی
خاک و خۆڵ و گیاندارەکان هەڵخستبوو
دەستی بەسەردا دەهێنان
هەوری خەفەتی ڕادەدان
هۆوەتانێ ئاسەواری
بەشەوەزەنگیش ون نابێت ڕێگای دیاری
هەتا بەردی ژێر سەریشی
چەشنی شاخی شوور
ساڵ بەساڵ
و
ت
ێ
چ
ە
د
ڵ
ە
ه
خەڵک پۆل... پۆل...
لێی دادەتاشن و پارچەی بۆ مووفەڕک دەبەنەوە
بینیشم مامز لە هەمان کانی و ئاویان دەخواردەوە
ڕەوە... بژویاڵیان دابووە بەر کزەبا
چریکەی باز و زرینگەی زەنگوڵەی ملی مەرەزان
سەدای خۆشیان
دەگەڕایەوە لە چیا
کوانێ ڕەشەبا دەوێرێت



سلێمانی نارەحەت کات؟!
بشێوێنێت باخی گوڵان؟!
چی دەتوانێت
لێک... بکات هەوار و دڵان؟!
بگۆڕێت ڕێگای زێی سیروان؟!
یەکەم: سوپاس قوربان
بەرخوردار بیت
ئومێدت پێ بەخشیمەوە
پشتی کووڕت ڕاست کردمەوە
دووەم: ئۆخەی منیش ئاسوودە بووم
ئەمشەو دڵنیا... تێر دەنووم

١٩٨٦

## خۆر و شەوگار

### خۆشخوان

- نەمزانی بۆ ئەمجارەیان
چەندم گوێدایە...
سترانی لالۆی خۆشخوان
برۆی پێ جووت نەکردم و نەیهەژاندم
فرمێسکی دووری و غەریبیی پێ نەڕژاندم
پەنجەرەیەکی لە ڕوودا نەکردمەوە
بۆ هیچ زەمان و شوێنێکی نەبردمەوە
- نەتزانیوە
ئەم سترانە... کانیاو ئاسا
لەخۆڕا هەڵنەقوڵاوە
خۆریش ئاسا
پرشنگی لە شەوگاری شار نەئاڵاوە
لالۆی خۆشخوان
سترانی ئەم ئاهەنگەی بەزۆر
بەنێزان
پێ گوتراوە

### بلوێر ئەنگێو

- هاپۆ ئەم گەشتە و سەفەرە دوورەش
بلوێرئەنگێوی ئەم کۆنە شارەش
تارمایی ترس و خەمی ڕاونەنام
تەزووی ئۆخژنی پێدا نەهێنام
دار و باڵندەی نەخستە سەما
شوورەی بڵندی شەوی بەسامی خەڵکی پێ نەڕما



- کەواتە ڕۆڵە بکەوەوە ڕێ
دیسان شار بەشار
هەوار بەهەوار
وڵات بگەڕێ
وڵات بگەڕێ و هەتا نەگەیتە بلوێرئەنگێوێک
شەوگاری تاڵی زەمانی دێوودرنج دەنگێوێت
خورجەت دامەنێ

### شمشاڵژەن

- دەروێش عەبدوڵڵا هاوارە!
ناخ نێچیری بریندارە
ناخ داربەڕووی کلۆرە و تەویڵی بەندیی
پشت شیشی دەرگا و دەلاقەی
زیندانی قەڵای خونکارە
ناخ شەوگارە
چادرگاو کوانووە دەروێش
ناخ بۆتە مشتێک خۆڵەمێش
دە بەگوریت بم شمشاڵی ئەفسووناویت
بەلێوەوەنێ و گۆرانی و ئاوازێکی
شینڕەوێنمان بۆ بژەنە
کۆرپەی پەڕیوەی هەمیشە بەڕێگاوەین
پەڕیوەی لانک شکاوین ڕامان بژەنە
گوێلێکمان تیشکی گەشبینی بۆ بهێنە
تۆزێکمان بەختەوەری بۆ بخولقێنە
- شمشاڵ ژەندنی چی گەلۆ!
کوا شمشاڵی لە سەد جێ شکاو گۆرانی و ئاواز دەڵێت؟!
کوانێ دەستوپەنجەی قوت کراو دەجووڵێت؟!

١٩٨٩

## هەستەدرۆزنە

بەخ ئەو چوالەیە چەندی گوڵ داون!
ئەو هەموو گوڵە سپی و ناسکانەی لەکوێ هێناون؟!
وا کێشکەیەکی لێ نزیک بووەوە
گوڵەکان نەخوات!
نەیانوەرێنێت!
کش کش... کێشکەی بەد
دەست ڕاوەشاندن بێ سوود بوو... چاکە
لەنزیکەوە هەڵی بفڕێنم
ئای خۆ گوڵ نەبوون!
بەڵکو بەفر بوو
لە لقوپۆپی ڕووتی نیشتبوو
دیارە دوێنێ شەو
من خەوتبووم و بەفر باریوە
تەماشا بەفر
چەند جوان کۆڵان و ڕەز و باخی دێ و
شاخی شیشار- و
ڕێی دەرەشیر- و
هەورێ- ی پۆشیوە

بالیسان- زستانی ١٩٨٣



## خانەخوێ

تا شەو ڕاشکا
ئەنیی خانەخوێ
لە پێشوازیمان
خوڕ خوڕ ئارەقی گەرمی لێ تکا
تا چاو چووەخەو
بەپێوە وەستا
چرای بەخششی
گەش و شین سووتا
یاخوا خانەخوێ
قەت ئاگردانت نەکوژێتەوە و
ئەستوندی توندی ڕەشماڵی واڵات بەکەس نەکەوێت!
بۆ هیچ زۆردارێک سەرت نەنەوێت!
بەڕێوە و هێشتا بای شەفەق لەپی
پاش دەستگوشینی ساردنەکردبۆوە
وشەی ماڵئاوا
لە دەمولێوان کاڵ نەبووبۆوە
لە خۆمم پرسی:
[دەبێ بەپیریش
جارێکی تریش
گەر ڕێم بەم کێو و کوێستان و ماڵە بکەوێتەوە
خانەخوێی گۆرین بمناسێتەوە؟
هەر بەهەمان ڕێز ڕام بگرێتەوە؟]

١٩٨٣

## ڕێ

بەسەرماوسۆڵ بڵێن: نەیێت
بە بەفریش بڵێن: نەکەوێت
با ڕێوبان سەختتر نەبن و
هاوڕێکانم ڕەق نەبنەوە لەبن کێوێک
بەمانگیش بڵێن: زوو هەڵبێت
چونکە قۆناخ گەلێک دوورە و
هاوڕێکانم نیازە بەشەو بکەونەڕێ
دەنا با بەفر لە خاکم سەرهەڵگرێت و
با مانگیش
چیدی لەو کەل و ئاسمانە
دەرنەکەوێت

شێنێ ١٩٨٣



## ئەمەک

دوێنێ لە ڕێی هاتنەوەمدا
لامدا و چەپکێک نێرگزم لە مێرگ و نێرگسەجارێکی
ئاقاری «شیوە پیران» خواست
گوند بەگوند... هەڵەت بەهەڵەت
لەگەڵ خۆمدا هەڵم گرت تا گەیشتمە ئەو کوێرە گوندەی
زستانی پار پەنای داین و
دامە ئەو کیژە کرمانجەی ماڵنووستنان
ئاگری بۆ کردینەوە و چای بۆ لێناین

گوندی نێرەگین– نەورۆزی ١٩٨٣

## شەوبا

پیرە شەوبا
بەکۆمەکۆم دێ و هەواڵی گەڕانەوەی
پەڕەسێلکە و پشکووتنی گەڵای داران دەچرپێنێت
با لێی بپرسم دەوێرێت
لەودیو شوورەی ستەمەوە
لەناو تاریکی و تەمەوە
لە هەگبەیدا
نامەیەکی ژنەکەمم بۆ هەڵبگرێت

گوندی نێرەگین ١٩٨٢/٣/٥



## مان گرتن

لە کزەبام پرسی: لەکوێیت؟!
مانت گرتووە ئەوێستا زوو زوو نایێیت؟!
پووش و تووک و
کاغەز و پەردەی پەنجەران ناجووڵێنیت
خۆت لە داران نائاڵێنیت
گوتی:
«دیارە نەتزانیوە
نەتبیستوە
پرچی چەند کچیان بڕیوە!!»

# سێ باڵندە

## تیترواسک

چی رووی داوە؟!
چی چنگی لە ڕۆحی ناوە؟!
بەم ئێوارەیە ناوەختە
چ ترسێکی لێنیشتووە
دیسان تیترواسکی شەوگەڕ
درکی بەچ مەرگ و پێشهاتێک کردووە؟!
کێ لە دەوشەرغە بانگ دەکات؟!
جگە لە من کێ لەم دەڤەرە شک دەبات؟!
کێ دەبێتە هاوبرین و برادەری؟!
ئەستێرە ناس و ڕێبەری
کێ لە فیغانی تێدەگا و پەنای دەدات؟!
منی بابردە و پەڕپووت نا
مەگەر خودا...
مەگەر چیا...

گوندی نێرەگێن ١٩٨٢/٣/١٣



## قەقنەس

- ئەوەتا وا بەم ڕۆژە تۆف و دژوارە
لە دوورەوە
ڕاوچییەکم لێوە دیارە
بەچنگەڕنێ بەخڕو
لاپاڵی ڕژد و
کۆچەڕێی
شوێنی عاسێی
بەتەمومژ و هەوردا
هەڵدەگەڕێت
چاوی پڕ لە ڕق دەگێڕێت
با هەر بست بەبست بگەڕێت
بگەڕێت و پێی بەتیشەبەردی ڕێگای
کەژە مەزنەکان بکوترێت
بێهوودەیە
چۆن باوکە قەقنەس ڕاودەکرێت!
ئاگر دەپێکرێت؟
دەگیرێت؟

١٩٧٨

## بارانبرە

هەمان دیمەنی دوێنێیە
چاوم لێیە:
بارانبرە
تاک و جووت لە دەوروپشتی قەڵای دێریندا دەگەڕێن
تیژ تیژ لە ئاسمانی شاردا تێکدەسووڕێن
لەمێژە باڵندەی تاین
وشکاتییان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە
تەنیا دیدەی کز و بەقووڵداچووی پیرێک
هێشتا پڕ کڵۆڵی و ئاوە
چاوی ئەمیش وشکاوی دێت؟
یاتا هوما-ی پیرۆزی شار نەبێتەوە و
هوما دەرنەکەوێتەوە
هەوری خوێن نارەوێتەوە و بارانی سوور
هەر:
د د د د د د د د د د د د د د
ە ە ە ە ە ە ە ە ە ە ە ە ە ە ە
ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب ب
ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا
ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر ر
ێت ێت ێت ێت ێت ێت ێت ێت ؟
١٩٩٠- ٢٠٠٢/٤/١٥



## دەنگی هۆنراوەیەک

(١)
بۆی دەگەڕێم
تێر تێر لە باوەشیا بگریم
بۆ خۆم... بۆ ئەو
بۆ ئەو ڕابەرەی هەر کە هات
لەبەر دەرگای شارەکەماندا فرۆشرا
بۆ ئەو پەیکەی ئەمرۆ تەرمیشی نەنێژرا
بۆ خۆشەویستێک دەگەڕێم
وردە بارانی شەونمی شەوێکی شاد و پڕ شکۆ
بەسەر پێڵووی خەونەدیوما ببڕژێنێت
لە شەوانی سارد و سڕی تەنیاییمدا
مشتێک پشکۆ
مشتێک هیوا
مشتێک خۆشبەختیم بۆ بێنێت...
(٢)
ئێستاکە نۆرەی ئێمەیە
بێینە سەر شانۆ
ناو ئێستگە
بەر میکرۆفۆن
هاوار بکەین
دەنگ هەڵبڕین:
بۆ گەرووی هەوری وەڵامی
پرسیارەکانمان بێدەنگە؟

(٣)
بازگەردانە
دەبێت بازی خۆشپەروازمان
بەسەر کێوە هەڵبنیشێت؟
دەبێت ئەمجارەیان کێ بێت...
کامە پاشا
جۆگە خوێنی لاشەی شاری بێ دادگامان هەڵبلووشێت؟
١٩٧٢



## سێ باران

(١)
تا برینم
کانیی خوێنی جۆگەکان بێت
تا گرینم
بارانی وشکێتیی دەغڵی کێڵگەکان بێت
تا ئاسۆی خاکی هەورامان
تینووی ماچی هەتاوێک بێت
تا چیمەنی دەشتی ژیان
شێتی نمی خوناوێک بێت
هاڕە و گرمژنی بروسکە
چرپەی نەرمی خۆشەویستمە
خاک سەرفرازی و کۆتمە
(٢)
گیانە ئاوی دەریا دیسان
بۆ نساری شاخ هاتەوە
باران نم نم
بۆ گوڵووک و باخ هاتەوە
خۆر بۆ ئاسۆی کەونارای جاران هاتەوە
تا سالم -یش ڕێگای گرت و
بۆ خاکی بابان هاتەوە
تۆ کەی بۆ لای من دێیتەوە؟
تۆ کەی بۆ لای من دێیتەوە؟
(٣)
ڕەهێڵەی بارانێک بێنن
ئاوی کانی و ڕووبارەکان بشواتەوە

مژدەنامەیەک بنێرن
نالی بەشاری شارەزوور شادبکاتەوە
سترانێک... لاوکێک بێژن
قاسپە بکات بەهاژەی با
ورشەش بکات بەبروسکەی
هەژان و توورەییی چیا

١٩٧٤

# هەژانی بەرد

## گاوگەردوون

بەگورگەلووری شەیپووران بڵێن: بێدەنگ
بڵێن: بێڵن تاوێک لەژێر سێبەری پەلکەزێڕینەی
ئاڵووالاّی باڵی هومادا بخەون
بێڵن لەگەڵ فریشتەی ئەودیو کاتشوێندا بکەونەڕێ
بێڵن هەرداوهەرد... دەشتاودەشت
دوای پەپوولە سپییەکانی مێرگی بێ مین-دا بکەون
بێڵن هەندێک پەڕەمووچەی میهرەبانیی شاتاوسیان
لێ ببارێت

هێشتا زووە
هەڵیان مەسێنن با بەردی بێداری دڵیان نەشکێنێ و
دڕندەیی.. مەملەکەتی منداڵییان نەگرێتەوە
فۆبیا جوانیی گەمەکانیان نەسڕێتەوە
با بەشەرمەوە... بەدزی زبڵدانەکان نەگەڕێن
لەسەر پووشێک... قلە گەنمێک
نەتۆرێن لە چۆلەکەو شارە مێرووڵە
گەر بێداربوونەوە و گریان گەر بەکزی
(وەک تاقە کوکوختیی سەر دار)
لە گۆشەیەکدا هەڵکورمان
کەس نیوچەوانی بەرامبەر خۆڵەمێشیان گرژ دەکات؟
کەس هەلاّلەی گوڵی گەردن لار هەڵدەمژێت؟
مەگەر ئاوازی شمشاڵێک
لاواندنەوەی پیاوچاکێک
چرینی بەکەفوکوڵی سترانبێژێک
نەرم نەرم وەک لایلایەی شەودرەنگان
لە دوورەوە



لە تەنووری کڵپەداری سینەیەکەوە هەڵقوڵێت
مەگەر خامەیان لە جیاتی شەقشەقە بۆ بشەقێنرێت
بەکۆتری نامەبەریشدا هەواڵی هاتنەوەیان بۆ مەنێرن
حاجی لەقلەقی دڵشکاو بێتەوە کوێ؟!
بێنەوە کوێ؟!
پاشان بێنەوە دەپرسن
بێنەوە دەپرسن لە با
لە پەنجەرەکانی قەلاّ
بۆ شاخ گرژە؟
بۆ چڵە زەیتوون عادزە؟
بۆ چامەنووسی بەوەفا لانەوازە؟
بۆ دەمولێو وەک پێشوو خۆڵ ڕاناموسێت؟
ژنێک... بەردێک لە سنگ و سیما هەڵناسوێت؟
بۆ دەفزەنانی ئەڵقەی سۆز
موریدانی ڕووگەی هەق و خێر خەمبارن؟
بۆ مامزە قۆچ زێڕە میسکدارەکان بریندارن؟
لە شۆستە و شەقام دەپرسن...
بێنەوە دەڵێن: لەو باخە شۆخوشەنگە
ناوکە سێومان بۆ هەڵمەدەن
جۆلانەیەکمان لە چێژی ئاسوودەیی
لە خەرمانەی تریقانەوە بۆ هەڵخەن
شەوگارێکی تەڕ و تووشیش
ڕۆژگارێکی تاڵ و ترشیش
بەگۆلمێک ڕووناکیی خەندە و چەپکێک ئاوی بەزەییەوە
لە ژێرزەمین
لە زیندانی دەرگاوالاّ وەرنە ژووری

با جارێک پەنجە لە جیاتی خوێن هەنگوینی لێ بچۆڕێت
با هێندە مۆرانەی گومان
پایەی بەنەخشونیگاری یەقین نەخوات
خوێن چەشنی جۆگەلە نەڕوات
سڵاو لە تەرمەکان بکەن
لەوانەی هەمیشە پردن
هەمیشە زێ
هەمیشە ڕێ
ئەوانەی بۆ خولقانی ئێرەمێک مردن
ئەها وا تێکەڵی دنیای جوانیی تاقانە بوونەوە
فریشتانە بەرەو تاقی ناکۆتایی هەڵچوونەوە
چیتر سامی پەیدابوونەوەی دێوەکان
نایانکاتە گڵۆڵە بەن
تووڕەیی واشەی ئاسنین
گوڵە خەندەیان ناشکێنێ و
گەمەو سەیرانیان تێکنادات
هیچ چرنووکێک کاسەسەریان هەڵناکۆڵێت
قاچ و دەستی بووکە شووشە شکاوەکانیان ناتەزێت
بەگاڵتەوگەپ و تەوسەوە
دەڕواننە مۆمیای بێ کۆیلە و دەسەڵات
دووسێ موورووی وەفاداریش
پێشکەش دەکەنە پیری لات
لەوێ شا... مامز نادۆشێت
جان فالجان-یش چەرخاوچەرخ
ژاری کلۆڵی نانۆشێت
دە پاکانی دۆزەخ نشین...



دەقی داستانی گاوگەردوون
گەشتی قوربانیی گیای ژیان
بەسەرهاتی کۆچ و ڕەوی مان و نەمان
بێزاریی مانگ
گەمارۆدان
هەناسەی سارد
بەخشندەییی قەڵغان و دڵڕەقیی شمشێر
بنەخشێنن لە تاتە بەرد
پێکەوەش ڕێی دەرگای پەرستگەیەک بگرین
نەمریی ڕۆژ ببەخشینە مەرگی پیرۆز
هەردوو لقی باڵای نزای گەڕانەوە...
دیدەی تەڕی پاڕانەوە بەرز هەڵبڕین:
... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ...
... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ...
... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ...
... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ...
... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ...
... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ...
... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ...

١٩٩٦

گاوگەردوون: قوربانی، سەربڕینی ئاژەڵ لە پێشوازیی مرۆی هێژادا.

## دەربازبوون

ئەوا قەد قەد گۆشتی ڕانم
یان زمانم
دەبەخشمە ئەو سیمرخە فریادڕەسە میهرەبانەی
بەتەمامە پێی کۆرپانە لە قەپێلکی هێلکەی پیسی
زەمانی زڕ
لە ئاگردانی دۆزەخی پڕ بێ گوناه
بترازێم و بێمەدەرێ
لە تەوتەمی ژێرزەمینی تاریکی سڕ
لە کێوی قافی دالآشی جگەرخۆرە
لە چاوەڕوانیی بێهوودە و قووڵایی وشکی ئەم بیرە
دەربازبم و زریانانە بکەومە ڕێ
شوێن پێی پەرییەک هەڵبگرم
کە پەلکە زێڕینەی جەستەی
کە تەڕاییی دیواری کووپەڵەی نەرمی تازەکوورەی
بۆنی پێگەیشتنی مەی
بۆنی بەڕیا
بۆنی شین بوونەوەی گیا
بۆنی گەرا و لمی لێ دێت
شاری: خۆرێکی خۆشتر و ڕووناکتری تێدا هەڵدێت
شەوی: ئەستێرەی زۆرتری لێ دەچۆڕێت
تەماشای شینباوی نەیی
گوڵە لیمۆی لە گەردن و سنگومەمکی مۆنالیزا
بەشەوق و بەسەماتری لێ دەبارێت
نا... بێ توێشوو
بێ کەروبار



گەڕیدانە
بەچل ساڵەڕێ دەچمەوە بەهەشتی قۆزاخەی ئەوسا
بەر چرای هەمان پەرستگا
زەمانی منداڵیی باران
سەردەمی تارماییی ڕەش و ترسی جاران
سەر دەخەمەوە سەر ڕانی ئارامی شاژنە زوڵەیخا- و
بەهەر پێنج پەنجە شیلاوی هەناری دانە مرواریی
حیکایەتی تەلیسمەکان دەلێسمەوە
بەپێی پەتی
بەنێو لێڕەواری چڕدا
بەنێو دڕکەڵان و قوڕدا
تیژ... تیژ... تیژ... تیژ... کەروێشکی ڕاونراو ئاسا
لە کەند و لەند و خەرەندی بێ ئامانیش دەپەڕمەوە
دەچمەوە ژێر چەتری یەکەم گەرمەلان و
چرپە چرپی گوڵدانەکانی سەر تارمە
چەقەچەقی چۆلەکە داوەڵدزەکان دەبیسمەوە
دەفتەرێک گەوهەر بەمشتێک هەڵمات و جگ
بەچەند گوێ شەیتانۆکەیەک دەگۆڕمەوە
ڕادەکەم و کۆڵلارە بابردووەکەی خۆم دەگرمەوە
دەچمەوە سەربانی ماڵێ
ئەی کێ پەری و
کێ کۆترە تاوسییە بن باڵ سوورەکان هەڵبدات؟
کێ هەڵیان بفڕێنێتەوە؟
کێ بەدوای پشیلۆکە پایزەی نامەبەری
دەم بەقلە جۆدا غاربدات؟
کێ بەدیواران هەڵزنێت؟
کێ بڕوانێتە پەنجەرەی پەردەداری کۆشکوسەرای خانم نشین

سەر هەڵبڕێت و بەتاسەو بەترسەوە و لە دوورەوە بۆی پێبکەنێت؟
بەدزی پڕ هەردوو گیرفان
مورتکی مۆرهەڵگەڕاوی تۆزلێنیشتووی
ئەمبەر و ئەوبەر شەقامی بەلەنجەولاری بۆ بڕنێت؟
ناوێرێت لێمی وەربگرێت
دەرگاکە توند توند دادەخات
چیتر کراسی پەمەیی: هەنگوینی خەونی نماویش
لەسەر ستارەی بەروە با و ڕۆژ هەڵناخات
هۆدا... بۆ فڕفڕۆکەی من باش ناسوورێت؟
بۆ هەمیشە بلبلی هەزار ئاوازی هاوڕازی بەناز و فیز و
هۆگری پەنجەرەی پەنجە و شان و دیوانم دەخورێت؟
بۆ خاڵخاڵۆکە لە پەنجەی من نانیشێت؟
هەر ئەو منداڵە چڵمنە لە خانووچکەی دادەنیشێت؟
بەپیریش گوێ سووکتربووە و دڵ ناسکتر
ددانی شیری دەنێژم
چاو زووتر ئاوی تێ دەرژێت
گۆلی چاو قەوزە دەگرێت بێ گریانی کاوێژکردنەوەی
شتەکانی دەمەومەستی
بازی خەیاڵی نامۆیی
تیژتر و بڵندتر دەکشێت
بەتەوسەوە
بەتاسەوە
بەرێی هەوری جوانیی ئاماژەدا دەخشێت
مامزی هزر گورجتر
هەڵەمووت و هەورازی ئەفراندن دەبڕێت
پەنجە وردتر شەنەبای هێما و پیت دەکات
بەپیریش سەروریش چەرموو



زێی پێ دەهێنرێت لە بێژنگ
لە چوار نکالی دنیاوە
لە سەد لاوە
بۆی دەکوترێت هاونی دەرمانی مەرگ
بۆی دەگیرێتەوە ژاری ئەژدیهایی
بۆی دەهەژێنرێت زەنگوڵەی ماتەمینی
دەچنرێت تەونی ئەندێشەی پیرێژنە سەرئاسنینە
بەشمشاڵ... نا... بە کەرەنا
تووڕەییی گاڕان دەردەخەم
ئا... پەشیمان بوومەتەوە
لە تەلاری دوورگەی دووری شاپەرییان نانیشمەوە
دەچمەوە کوختەی بلوورین
پێخەفی پووشوپەڵاشی لە پەڕی قوو نەرمتری
بۆ ڕادەخەم
دەچمەوە پێش ئاستانەی خێری چل کەزی
بەبێ بووکە بەبارانە
جەستەی گەرمی
هەمووم لە ئاو هەڵدەکێشێت
مێروولانە
پ... یـ... ت... پ... یـ... ت... پ... یـ... ت... پ... یـ... ت...
یەکە یەکە چامەکانم دەکێشمەوە
تۆش هەتا زووە دوو باڵی پەرەمووچ و
شەمێ لە ڕۆحت بروێنە و سەرهەڵگرە
گۆی گوانی چک... یەک تنۆک شیری لێ ناتکێت
خۆشخوێن لە باخاتی کەڕ و گوڵزاری بەردیندا دەچرێت
تۆڕی دڕاو ماسیی شای ئەجندان ناگرێت
ناڵی زێرینی هەڵکێشرا ئەسپە ئاویی هەنیە سپی

سووتووی دەفزەن دەگاتە کوێ؟
کەی کۆرپەی هەستی بریندار
بەلایلایەی ناساز دەنوێت!
هەرداوهەرد... دەشتاو دەشت بڕۆ
شاخاوشاخ... شاراوشار بڕۆ
بەڕێوە تاڵیشک بخۆ
مەگەڕێوە
هەتا هەتایە چەرخانە بسووڕێوە
بۆ خۆم و خۆت
بۆ وەجاغی کوێر
بۆ سێوێک
بۆ نیو سێو
لەتێک بگەڕێ
هەموو ڕۆژێک بە درەختی ئومێدێکدا هەڵبگەڕێ
برۆی سەرسامی هەڵمەبڕە
بێ دوو دڵی
بەهەویای دیدەنیی سیمای نوورانیدا
هەنگاو هەڵێنەو بگەڕێ
بێ کاڵەی ئاسن و زرێ
هەتا خوێ لەسەر بەرد دەڕوێت
هەتا گیای ئاسوودەییت دەست دەکەوێت
خێرا... بگەڕێ... بگە... ڕێ...
بڕۆ... بـ... گە... ڕێ... بـ... گە... ڕێ...
بڕۆ... بـ... گە ...ڕ... ێ... بـ... گە... ڕ... ێ...
بـ... ڕ... ۆ... بـ... گە... ڕ... ێ...
بـ... گ... ڕ...

کۆتایی ١٩٩٥



## مۆمیا

... (با کۆسەبەبەی بە ودمی ئەم سیاساڵە نەبارە
تک تک ئاوی کۆتکی دەستی میهرەبانتی لێ بچۆڕێت
بەرانی مل بەزەنگۆڵەی مێگەلی مۆڵ
بەهەڵدێری دۆزەخاویی دەروونتدا هەڵبگەڕێت
ڕەوتی جیاوازە ناکۆکی
ڕەوی ڕێگای هاتونەهاتە بۆ سێوێک
دەست هەڵبڕینی زیندانیی ژێر زەمینە بۆ هەتاوێک
شەقام باخچەی تاوسی لەخۆباییە
پڕ گۆی سەری ئاساییە
جیاوازی: لە ناسینەوەی ڕوخساری
ئەودیو دەمامک و بینینی پشت کێودایە
لە جیاکردنەوەی ساکاریی پەری و فێلزانیی دێودایە
لە هەڵکردنەوەی چلچرای زەردەپەڕی ئاسۆی شووم و
پاک کردنەوەی موغەکان و خۆش کردنەوەی زەویدایە
لە زیندووکردنەوەی تەرمی بووکە شووشەی تووڕدراو و
پەڕینەوەی ئەسپی لە قوڕاوچەقیوی هزردایە
لە هالاواردنی دەقی پەڕپیرۆزەی بەرزەفڕ و نەویدایە
لە دۆزینەوەی گەنجینەی پڕ ئەستێرەی مانای هێمای بزردایە
ماسیگری دەریای مردوو بۆ تۆڕ هەڵدات؟
هەنگی مێرگی خۆڵەمێشین کوێ هەڵمژێت؟
جەمشید لە جامی بەتاڵدا چۆن بڕوانێت؟
خەییام-ی تینووتر لە لم
لە نێو سواڵەتی کووپەدا چی ببێژێت؟
کۆرپەی بەر مەمکی مۆمیاژن کەی شیر بمژێت؟
هاو ئاهەنگیی دەست ودەف و وەکاز و نابینا نەبووین

له نزیکیی مردن و بوون
له سیرامیک و بەرد دەچووین.)
شەوانی سووتان و لەرزی فێی توورەیی و خواردنەوەش
جگەرەی وەڕسی دەکێشا و خۆی دەدواند:
(من هەمیشە نەمامی نەزۆکم ڕواند
هەر تۆوی پووچەڵم وەشاند
بەر دەگاری باخچەی بابل-ی میدیا-ی خۆمم
بەنووشتاوی بەتاڵ ڕشاند
باوەشم بۆ تارمایی و داوەڵ کردەوە
هەڵبەستم بۆ ئەجندە و گڵکۆ خوێندەوە
کەڕەتێک زایەڵەی زەنگی ژەنگنی جوانی نەبیسرا
تیری کوشندەی سەردەمی وێکهاتنەوە
عەزیای زێی هەستی نەپێکا
ستەمە پەنجەی نابەڵەد ساز بژەنێت
حەیفە دەنگ ناساز لە ڕیزی کەڵەشێری
پۆپنە و هێلکەزێڕ بخوێنێت
دەبینە دووانەی سەفەری گەڕیدەی بێ پەروای دنیا؟
یا بەدگومانی دەمانبان بۆ دوور... دوور... دوور...
بۆ دوو مەنزڵگەی لێک... جیا؟)
ئەوێستاش بەتەنیا و تاقەباڵ دەگەڕێت
بەتەنیا ناوەوەی لە ڕەنگ و مۆسیقا هەڵدەسوێت
بەتەنیا تەماشای گۆرانی و فیلمی ئۆسکاری شەو دەکات
دەنووسێ و ڕەشنووسی پڕ تەونی هێڵکاری دەگۆڕێت
بەباڵی سیمرخی سپیی پاک هەڵدەکشێت
درەنگان... پاش یەک... دووش... بەتەنیا کشومات
لەبەر مانگ (مانگێکی ناسکی هەناری) ڕادەکشێت
بێداری نەمری گەردوونیش گەواهە:



جار ناجار... لەناکاو لە خەودا دەشێوێت
گەواڵە بەردینی مۆتەکەش
تا وادەی موناجات
تا سەحەر نارەوێت...

١٩٩٥

## هەڵدێر

بیستووتانە؟!
سامناکترە لە تووکەی کوندی
شەوانی تاریکی چڕی دارستان
ناسازترە لە گەفی ڕەشەبا و جیڕەی کتوپڕی دەرگای زیندان
پەیتا پەیتا خەوی شاری مات دەزڕێنێت
داچڵەکینی کۆرپەی خەوتوو
گرمۆڵەبوونی داربەڕوو
مێژووی میری بەیداغ داگیراو نازانێت
خاچی کڵێسا ناناسێت
لوورە لووری شەیپوورە دار و بەردیشی پێ دەتاسێت
دێوەرەیە و دەرگا بەدەرگا دەگەڕێت
کەس گوێ لە شەیپوور ڕادەگرێت؟!
کەس شەپۆڕ و کفن دەکڕێت؟
دەفتەری ڕەش
یەک لاپەڕەی بەتاڵ و سپیی نەماوە
لە کوێ لاوک و سەردولکەی کارەساتی تر بنووسین؟
نیشتمان بۆردەچێتەوە
کوێی لەشولاری پەیکەری خەڵووزی پەتی ڕامووسین؟
ئەوەتا وا باڵمان بەسەر بێچووی ترساودا کێشاوە و
توند توند دەرگا و پەنجەرەمان
بەڕووی جاڕی ثاناتۆس- دا داخستووە
گوێمان بۆ گمەی سترانێک، سەمفۆنیایەک هەڵخستووە؛
سەدان دیمەنی کرێتی تاسێنەری هۆش لابەرێت
بیری شێلووی نائاگاییی تاک و کۆیی بپاڵێوێت
سەمای فریشتەی بالێیەک



بسرێتەوە دەنگە ناخۆشەکانی گوێ
ئەفسوونی گریانی دایکێک
زەنگی دێرێک
پاڕانەوەی بوولێڵانی شەوبێدارێک
دڵی خواوەند نەرم بکا و بە پەرجووییێک
چارەنووسی بەد بگۆڕێ...
چارەنووسی بەد بگۆڕێ و
نەبینینەوە دووکەڵی گڕژیی سروشت و نیوچەوان
نەبینینەوە شکانی پەنجەرەی بەروە هەتاوی
گەشبینیی شار
بەربوونەوەی گوڵدانی جوان
وردوخاش بوونی چاویلکەی کەمبینایان و
سووتانی نیگاری دەمڕاستی ڕۆژگار
وردوخاش بوونی بووکۆکە
چارەنووسی شووم بگۆڕێ و
نەبینینەوە خامۆشیی ئاگردانی کڵپەداری
سۆزی خۆشخوێن
نەگێڕینەوە چیرۆکی لە گۆچوونی پەنجەی
بلوورینی دەفزەن
نەبیسینەوە فیغانی دارودەوەن
نەبیسینەوە زایەڵەی بارژنی مێگەلە ئاسکی
ساڵەهای ساڵ بەفەرخەوە بێ سەروشوێن
بەرد دەردی دیلی نەچێژێت
بەرد پاش خوێندنەوەی گەشتنامەی با نەهەژێت
دۆزەخ...
دۆزەخ لەوەدایە گوێچکە بێدەنگیی بەردیش دەبیسێت

دۆزەخ لەوەدایە نیگا
پێش کاروانچی... هەڵدێری ڕێ و
پێش خەیاڵی ئەستێرەناس
ئەودیو کێوی ئەمڕۆ و سبەی بەدی دەکات
دۆزەخ ئەوەیە مۆرانەی ترس و گومان ئێسقان دەخوات
قورینگەکانیش لەترسان
قەتار قەتار... هەوار و کوێستانیان گۆڕی
گوڵەکانیش بێ ماڵئاوایی و دەستگوشین
یەکە یەکە گەڕانەوە... گەڕانەوە بەزویری
منیش بەقەد ماوەی سەختی نەگونجان و دابڕانم
بەقەد ماوەی پیش خواردنەوەی
کونجی چایخانە و تۆرانم
چرکە... چرکە... میلی کاتژمێر بۆ دواوە دەکشێنمەوە
چاو بەهێڵە لارەکانی کوژاندنەوەی ڕۆژەکانی
ڕۆژژمێرم دەخشێنمەوە
ئەوێستا دڵ سێوێکە کرم لێی داوە
تەنانەت توانای خوێندنەوەی
ڕۆمانی وەک (زەنگەکان بۆ کێ لێدەدرێن)یشم نەماوە
ئای... خۆشبەختی چ قەوانێکی سواوە!!!
پشتی سیمرخێکی سپیم لەیاددایە
سەرمانی پێ لەم هەڵدێرە کوشندەیە بدزینەوە
جوانی و چاکی و پاکیی پێ بگوێزینەوە
وەرن پێکەوە دانیشین
پێکرا چایەک
پێکرا ساردێک
پێکرا پێکێک بخۆینەوە



یەکە و جگەرە بکێشین
هەناسەیەکیش بۆ مەلی مرداری تەمەن هەڵکێشین
من تێناگەم...
تێناگەم بۆ ناخ بەکینەو زۆر دەتەنرێت؟!
بۆ تانۆکی بەرز و ئەستووری تووترکی خوێن لە نێوان:
دوو زیندانی
کۆیلە و کۆیلە
دەستبەسەر و دەستبەسەردا
هەڵدەچنرێت؟!
ئەمشەو کپە
شەوێکە وەکو شەوانی سەربانی هاوینی ئەوسا
سەربانی پڕ کوللە و چیغی شەوی ئارام
نمەبارانی زیوینی مانگی هەڵکشاو... ڕۆح دەشوات
مانگ ئارایشت دەکات زەوی
بێهوودە ئارایشت دەکات ڕووی لۆچاویی:
ژنەکەم و قەڵاو شەقام
پەنجەش ئاوێنەی گەردگرتووی ویژدانی ساغ دەسڕێتەوە
چاو ئامێز بۆ سێ چوار لاشەی بەتەک یەکەوە ڕاکشاو دەگرێتەوە
ببورن گەر نەمتوانیبێت غەرە بەردێک
چەترێک
کۆزێک
کۆڵیتێکتان بۆ هەڵچنم
دەوارێکی قەرەجانەشتان بۆ بچنم
خانمی لێو سیس هەڵگەڕاو
خانمی ئەڵقە و گەردانە و بازن و مووروو داماڵراو
خانمی خشڵ فرۆشراو

خانمی لەگەڵ بەندەدا بۆ تارماییی جوودی گەڕاو
تۆش ببوورە
هەر لە زنج و ماڵی لەسەر قۆچی سیسرکە وەستاودا
لە پەراوێز و دامیندا
لەتەنگژەی چاوەڕوانیی ژێر درەختی ڕەگ سووتاودا
وێنەی ئەسپ و ماینێکی بژ بەقوڕی گەڕاوە لە گەرمە شینێک
وێنەی ئەسپ و ماینێکی گیان خۆڵاویی
پاش ڕمانی میرنشینێک
شەوەهای شەو... سەری کزمان پێکەوە نا
وێنەی ئەسپ و ماینێکی دوور لە هەوای مێرگی چیا
ئارەزووی خەفە هەمیشە بۆ ڕۆژێکی
بێ ڕاکێشانی گالیسکەی پڕ تاشەبەردی ئەشکەنجەی
ژیان گریا
داری سبەی بەچنگی ڕەشەبا هەژا
کوردستانم تۆش ببوورە
لە کۆنەوە کۆرپەلەی خەونمان ناشتوویت
چەندان خەرەندی دڵڕەقی و
تیغی گوناه و هەڵەمان
لە جەستەدا بەجێ هێشتوویت
خەرەندی ئەم برینانە
ئەم جێ داغە دێرینانە
بەهەتوانی گیراوە لە سووتووی شەوەی
مەلۆتکەی پاش نەزۆکیی چاخ چاک دەبنەوە
ئەی ئەم هەڵە و گوناهانە
پەڵەکانی ئەم بەڵایە ناگەهانە
بەچەند تۆبە و زیکری خەڵوەت



بەچەند پاڕانەوە و نزا
بەچەند نوێژی لە دڵڕا... پاک دەبنەوە؟؟
وا ئاسمانی شەوی ناهەموار ڕوون بووەوە و
وردە... وردە... سامناکی نیشت
بریا دەستی باڵاو پیرۆزی ئایرۆس-یش
بنە زەیتوونێکی گەشی
لە وێرانە خاکدا دەناشت...

١٩٩٤

## جۆشان

جەستەی بنێس و زاخداری
لە قەڵشە بەردی قووڵایی زنارێکی
سەر بەهەورو تەمومژدا ئاخنیوە و
شوورەی قەڵایەکی سەختی نەبینراوی
بەدەوری خۆیدا تەنیوە
بەرگی گومان و بەدکاربی داماڵیوەو
خەرقەی سووتانی پۆشیوە
تا بەدمەستیش بادەی ڕاستیی نەگۆڕاو و
خۆشەویستیی خاکی کەونارای نۆشیوە
ڕێگای پیرێک قیبلەنومای مەنزڵیەتی
چرای بیرێک داروەکازی بوولێڵیەتی
تاشەبەردی ژێر سەری پێ نەرمترە
لەسەرینی پڕ پەڕی قوو
گەوهەر بەتوێکڵی پووچ و
لێوی بەبار و لۆچی ڕوو
ناگۆڕێتەوە بەخەندەی کەم خایەن و
خوانی ئارەزووی بەسەرچوو
ماسیی ڕۆحی کێوی ناخوات چەشەی بەژار
هەڵی ناخلیسکێنێت شەختەی زمانی دووفاقی شۆفار
ماڵە پەرییە پەناگە: خەڵوەتگەیە
تێیدا خشپەی پێی گوێ مووچ و
لوورە لووری خەنیمی نایەتە بەرگوێ
هەست نارووشێت...
کەس چەقۆ لە هاسان ناسوێت
بکوژ بۆ میسکی مامزی بێ گوناه و شووری دووگیان



دار و بەردی گێتی لە خوێن هەڵناکێشێت
خەڵوەت نشین بازی بێچوو دزراو ئاسا هەراسانەو
بەئازاری برینێکی کوشندەوە دەتلێتەوە
لە ئاسمانی چاوەڕوانیی هەتاودا دەخولێتەوە
هەندێک شەوی بروسکاویی بەسام و ترس ئاوسیش
دەستی لەرزۆکی جزمێکی ستەمنامەی قەدنەشکاوی
لە تاق و دەلاقەکەوتووی تۆزاوی هەڵدەداتەوە
ڕازی ساڵەهای لە ترسان زیندە بەچاڵ و وێڵ کراو
پڕ گەردوون جاڕدەداتەوە:
گورگی ڕەهێڵەی خوێن دیدە
دەمەلاسکەی کامە خونکار دەکاتەوە
ئاوا بێ باکانە مێگەل پەڕە دەکات؟
شتەکان دەناسینەوە... بەبیرمان دێت
چۆن لە شەڕ و کوشتارگەدا بەتاڵان چوون
چۆن شۆڕەژنەکان گەچران
بەبیرمان دێت
ڕەوە هەسپی کەحێل کەحێل
لە خوێنی سواران وەردران
پیر و منداڵ
لە دۆزەخی یەخسیریدا بوونە زووخاڵ
جار بەجاریش چەخماخەی بەردەستێی سۆزێک
دەیجۆشێنێ و پۆپەی سەری بەشمشێر دانەوێنراو و
دوو دەستی بەقەفی زنجیر داخوراوی
بۆ ئاسمان هەڵدەبڕێتەوە
باڵی شاپەڕ دەرهێنراوی
بۆ فڕینێکی ئەزەلی دەکرێتەوە:

دەخوێنێت ویردی لە کانگای دڵی ڕوونەوە هەڵقوڵاو
لە ناخییەوە ڕێچکە دەبەستێت قەتاری پاکی سێڵاو
پڕ بەدنیای ناهەوسەنگی
پەنادان و بەزەیی لە خوا دەخوازێت
لە مەنجەنیق و تیردانی نەیارانی بپارێزێت:
«بە پەرجووی خۆت
مۆتەکەی ئەو خازییانە دوورخەرەوە
کە چاوی چەقەڵانەیان تێبڕیوم
تەرمی گڵکۆیان دزیوم
پەنجەی گەف و تۆڵەم لێ هەڵدەشەقێنن
بەکوێرکردنەوەی ڕەچەڵەک دەمتۆقێنن
با لافاوی نەفرەتێک گەمیی گوناهکار هەڵبلووشێت
با چیتر ڕوو تۆزوگەردی گێژەڵووکەی
قۆشەنیانی لێ نەنیشێت
چەشنی کۆسار و داربەڕووم بچەقێنە
وەختی نەهات و تەنگانە و گەمارۆدان نەکشێمەوە
چرنووکی بازرگان نا... هی هەڵۆ و باز و پڵنگم بۆ بخوڵقێنە
لە تۆقەڵەی ئاسمانەوە ژوورەوژێر دانەکشێمەوە»
ڕادەمێنێ...
ڕادەمێنێ و مووشەدەمەی بیرکردنەوە
کوورەی نەحەساوەی مێشکی دەدەمێنێ:
(خۆزیا... خۆزیا
ئەم ئاگرەی دەروون دەبووە چراخانێک
دەبووە پەنگرێکی کوانووی ماڵە هەژاری زستانێک
خۆزیا هەردوو مەمکی چکم
بۆ کۆرپەلە و کارژۆڵەی لە گوان دابڕاو



پڕ شیری وەک شیری پەری
شیری پەتی دەبوونەوە
فریادڕەسێک
گەڕناسێک بەڕووی ڕێگری زێی هەنگویندا هەڵدەشاخا
ئەم زێدە کانیی دیرۆکی سەد ئاگری و
لانەی لاوک و سترانی سەوداسەریی ئەنجام تاڵە
ئەم زێدە تژی ئەفسانە و خڕ ڕۆمانی دێوی زاڵە
وا مسی ترسشکێنی منداڵانیش
شێوەی هەمان ڕمووزن و دێوەزمە لە خۆ دەگرێت
چەکوشی کێ دڵی ڕەقی دێوانی پێ نەرم دەکرێت؟)
هەناسەیەک هەڵدەکێشێت:
(چەند نائاسایی و نەخۆشە ئەو تەوتەمەی
چێژ لە ناڵە و شینی مێیەی
بێ نێرەوەز و جۆگەلەی ئەشکی کناچان وەردەگرێت!
چ عەزیایەکی حەوت سەرە
ئەو خودپەرستەی بەری زێی شار دەبەستێت!
لەولاشەوە ڕۆخانەی خوێن هەڵدەبەستێت
لە زەمینی وا ئاستەنگدا
لە چەرخی وەستاوی تەنگدا
خۆریش دەرۆست تاریکایی ڕۆژگار نایێت
گوڵە مێخەکیش لە شەڕگەی
پڕ سەدان لاشەی بۆن گرتووی
بێ نازکەوتوودا دادنادات
مەگەر بادی دڵنەوایی
هەوری تاریکی مەراق و ناتەبایی
بەردەم مانگی ئاسوودەیی بۆ دوور ڕادا

لە قۆچقۆچانێی بەران و دەستەو یەخەی
کەڵەشێری کۆڵانیشدا
لایەنگری بێ هێزیانم
ئاشقە گوڵی خۆشخوێنی دژە زریانم
بینیویانم
هەموو ڕانم دەرخواردی باوە سیمرخی
هەتاوی بەرهەڵدایی دا
بۆ وڵاتێک... لە جیاتی مشتووی شمشێران
مەچەکی منداڵ بگرێت شا
سەرچاوکە لە چاوی ژێردەستە نەبەستێت
بەڵام... لێم دیارە کوولەکەی ڕۆحی چیڕی دێوە دەشکێ و
ئاو و ئاگر و هەوا و خۆڵ ڕۆحیان بە بەردا دێتەوە
زەمینی لە بڕشت کەوتە
بارانی کڵاوبەسەرەی نوێژەبارانەی کلۆڵان دەخواتەوە
وەرزی پەپووەسلێمانە و گوڵووکان دەگەڕێتەوە
پەلکەزێڕینە و ڕەنگاڵە
نێرگسەجاڕ و گوڵاڵە
تێکڕا... تێکڕا... دەگرنەوە ڕەنگی ئەوسا
تەیر بەهێلکە دێنەوە و دەبڕێتەوە شوومی و پەتا
حەیفە دەهۆی پیرێژنە سەر ئاسنینە
شینوشەپۆڕی شیرینی لێ بڕسکێت
مخابنە کوورەی بەجۆشوخرۆشی سنگی فەرهادان دامرکێت
گوێم لە نرکەی ژانی ماینە حدوودیکە و
ناشێت نیوچەوانی جوانووی ڕانەمووسم
ناشێت... ناشێت... شتێکی لە گوێرەی خۆمی بۆ نەنووسم
ئەها... هەتاو چەند ئاڵ و کۆک هەڵهاتووە!!



ئای چ ڕۆژێکی پرشنگدار داهاتووە!!)
پاش هەموو شەوێکی تاڵی بەئازاریش
پاش هەموو ساتێکی دژ و ناهەمواریش
ڕەشبینی بە: دیداری سپێتیی لەشی درەخشانی
کازیوە دەڕەوێتەوە
تک... تک... دەرگای بەندیخانەی دڵی نەرم دەتوێتەوە
جێ شووی قامچی و
ڕنۆکی تیژی ڕەقیب و
ستەمکاری و
غەدریش لەبیر دەچێتەوە و ناچێتەوە...
١٩٩٣

## دۆزەخنامە

شەقامێکی کپ و تاریکی دەپێوا
بەدەم ڕێوە دی دوو چۆلەکەی مایسی... بەبێ پەروا
مەلۆتکەی برسی و گریاوی جەستەیان دەلاواندەوە
تەمومژی لوتکەی تەنیایی و مۆتەکەی
دوورییان دەڕەواندەوە
لێک... تێپەڕین
بەبینینیان خرۆشایەوە گڕکانی
ساردەوەبووی برینێکی بەسوێی دێرین:
(قەتم بەبیردا نەدەهات، پاش شکانی
قیبلەنومات، دەسەڵات و هێزی
چارەنووس سەرلەنوێ کەشتیی شکاوی
زەریای شێت بەڕێ بخات. چراخانی
بەندەری خامۆش دەربکەوێت. زەیتوونی
سووتاو بە ڕقی بروسکەی نەفرەتی
زیۆس بپشکوێت. کە حاڵم دەگرت و
پڕ بەشمشاڵی ژەنگ هەڵهێناوی پەراوێزی و
نامراد و شۆستەنشینانی زەمین دەمشریخاند:
د... ا... د... لافاوی تەمەن ڕای پێچام
جوودی-ی ژین. فریادمت دەهاتە بەرگوێ؟
زایەڵەی نرکەی نێچیری لە ڕۆندک و خوێن
شەڵاڵت دەگەیشتێ[۱]؟ بە شووشەی
پەنجەرەتەوە دەتدی چۆڕاوگەی خوناوێک؟ تارمایی و
ڕەشاتیی شتێک؟ ئەم دەروازە پۆڵاییینەی
لەسەر پەپوولە و کەحێلی ئالیک ئێسک؟
داخراوە، بە کەللەی کێ... بەچی دەشکێت؟



دام وەرێنەوە با باوکە شووری سم ئەڵماس
دوور نەڕوات و داڵی نەهامەتی نەمخوات.
بیرکردنەوەی بێهوودەیی، هەنیەی سپیم پێ لەسەر
مەچەک و چۆکی باریک و لەرزۆک ڕانەخات.
تاقە ڕۆچنەی بەروە بای داراوسی گیان دانەخات.
بۆ نەبانی و جوانووی خۆت نالێسیتەوە؟
تا ڕووباری سوور هەڵنەسێت لە هەللاج ناپرسیتەوە؟
تا سووتان و ژیلەمۆی جەستە نەناسیت
بەخەیاڵتا نایێت قەقنەس؟ تا فیغانی
بەردهەژێنی شار نەبیسیت، تێناگەیت
لە جەزرەبە و ستەمی قەفەس؟ سبەینەیەک
لە شێوەی پەریبە کۆتری ناوازەدا لە لقوپۆپی
ژوور سەرم هەڵنانیشی و پەلکێک... پەلکێک...
بۆ چاوی نابینای نەوزاد ناوەرێنیت؟؟
لاڵ نادوێنیت؟ داییسێ... دا... داییسێ
با بەگەرمایی و شەوقی جیلوەت شەختەی
نێوان بکشێتەوە و تاریکیی ئەبەدی بڕوات.
بۆنی گوڵە بخووری دروست بوونەوە جیهان بشوات.
نەتدەزانی هاڕژنم لە نێڵەنێڵی هەڵەمووتی بەندی
دەچوو؟ ئەوپەڕی نائومێدی بوو؟ چۆن ڕابگرم
گێژەنی لە خۆبیانی؟ لە کوێ هەڵڕێژم
گەنجینەی لەعلی زمانی زەمانی کۆیلەیەتی؟
کام ڕێگای تووش بگرمەبەر؟ چی بەوردی ببێژێت
هێڵەکی سەودای شکاوی سەر[۲]؟. هەندێک
شەوی گینگڵاویش خەونی سەیر سەیرم دەدی:
جەردە لەپکە و پیرۆزەی شانیان دەڕفاندی.
ماسک زەندەقیان دەبردی. لە خانووچکەی

بن دیواران گەمەت دەکرد بە بووکە شووشەی
بێ مەمک. بەیانییان تێم ڕامابووایت...
نیگام مامزی لە ئارەق و خۆڵ گەوزاو یا پلووسکی
بەشۆڕەشۆڕی برینان بوو. پشقۆژەی
پشکۆ هەڵدەچوو. تەروادەی ڕۆحیش بەردەوام
نەخشەی دۆزەخیی بۆ کێشرا. گورگ و
ئەسپە ئاسنینەی پڕ نەیاری بۆ داتاشرا...
تا بازی پەڕەمووچ زێڕین... تا ئەستێرەی
سەرکێش بکشێت... هەر کوند لەسەر
تەختی شاهانە دانیشێت... ببینە کەوڵە پڵنگی
ناواخن پووش: داوەڵی شان بەڕیقنەو پەڕکووری
مۆمیا: کۆتەڵی دەم و لووت قنجاو. کەو چوزانێت
کێ دێوجامەی هەڵگرتووە و چەند ڕاوچی دەوریان
داوە؟؟ پاساری کەی درک دەکات کام دانە
هی فاق و داوە؟ بەرامبەر سمکۆڵی پیسی
عەزیای ژاراوی و سام ڕێژیش، بەرامبەر تەڵەی
بەدبێژیش... خۆشخوانی گەمارۆدراو سترانی
موغانی دەگوت. بەئاگردانی پیرۆزی
کڵپەداریدا هەڵدەگوت... تا پزیسکی سوور
ئەنگوت و پاش سەدەها مۆمیابوونی شنە و
گوانی کانی و درەخت... پاش ساڵەها بە بەردبوونی
دەستوپەنجەی پیانۆ ژەن و دزینی منداڵی و
جوانی... ڕامان لە جواناوی بەور و ئاوزینگ
دانی مەل و مێرخوزار و بەیبوون، مرۆڤ
گروون، دیم: تەلیسمی کرێت دەشکێت:
دڵۆپ... دڵۆپ... مۆمی ئەفسوونی ڕەش
دەتکێت. قەف... قەف... زنجیری چلوورە...



لـ... یـ... کـ... د... ە... پ... چـ... ڕ... یـ... ت...
دەپچڕێت و لەژێر پێدا دەڕزێتەوە. کێشەی
حەتمیی خودان و بەندە پێدەگاو خەراباتی
شۆڕەزاری پڕ سەرکە گا بەبارانی
کۆسەبەبەی قوربانی دان دەزێتەوە. باڵندەی
پیرۆزی هوما بەسەر شارەوە خول دەخوات.
ئاسمان ڕەنگ دەکات بە سەما. پاش
نەزۆکی بینیم کۆرپەی شەوی یەلدا... گەش گەش
جوان جوان ئاورینگان داوێت و نووری سەرهەڵدەدات.
ئەم موریدە ڕەفتار و خووی شێتانەیە. پاش
پچڕانی ژێی کەمانچە و تێکشکانی تەمبووریشی
چەناگە بەشانی شەکەتەوە دەنێت... پەنجەی
ڕەقی وێکهێنراو بە تەلی ئەندێشەدا دێنێت.
سەوزە گەڵای خەزەڵوەر و هەرەسیشی هەر سەربەرەو
ژوور هەڵدەکشێن. بۆ ڕێگای کاکێشان دەشێن.
قۆزاخەی دوورەپەرێزی و گۆشەگیریشی ئارمووشە.
جادوو و ئیکسیرە زمانی. گرژی و ژانی
لێک... ترازان دەگۆڕێت بە نەخشی هۆزان...
درووود لە پەنجەی خوڵقێنەر... درووود... درووود...
ئەوە چییە زەردەواڵەی دەغەزداری بیرەوەریم
تێ دەورووکێت؟! بەمنداڵی دەمم بەرامبەر هەناری
دەستی منداڵانی کوڵان ترش دەبوو... ئێستاش
لە ئاست تۆی نێو چنگی نازانم کێ. تەلبەندێکی
بێ بوارە. ناهەموارترین لەمپەرە. پەردە با وەلام
نەدەنا. بەتووڕەیی ڕام دەکێشا. چ واهیمە و
تێکچوونێکە!! چ عەوداڵی و سەرنگوونی و
ون بوونێکە!! شەپۆلی ورێنەی هزرە.

وێڵ پەناگەشیان باگرە. پیرێتییە: ئەنکیدۆی
چرکەی فێگرتووی ئەم لێڕەم بۆ لە عەرد نادرێت...
تێپەڕبوونە. پەیکەرە هێسکی خەرمانی ڕاوە ماسیی
ئۆقیانووسە[٣]. خەڵەفانە. مێروولەی بیر ڕادەکێشێت
تۆوی پووچەڵ. کرۆسکی ڕۆژگاری تاڵە. دیارە
توێشوو تا دوا مەنزڵ نانی گاڵی یەک خەیاڵە.
لە ئاست دۆزەخی ڕامان و هەستم باخچەی
هەڵواسراوی بابلە هی (هێنری باربۆس) لەچاو
داڵی مێشک خۆرم، کۆتری میهرەبانە هی
(پرۆمیسیۆس).
تەحا!!
مانگ لێرەڕا
دەق لە کڵاوی پڕ ماستی بەڕوو دەچێت. ئای
بەهەشتی تافی کاڵی!! ئای منداڵی بەسەر
لێژیی بەساڵدا چووندا چەند زاڵیت!! بەم
شەوگارە هەر پشیلەی چاو گڵۆپە و
دەپشکنێت زبڵدانی بەر دەرگای ئەم ماڵ و
ئەو ماڵ، منیش زبڵدانی خەیاڵ...)
بە ڕووگرژی و بینایی نماوییەوە
لە پێچی نیوە ڕووناکی کۆڵانێکدا
بەهەنگاوی پێ بەزنجیران وەرچەرخا
هێندەش تووڕەیە پێم وایە
هەر بگاتەوە ماڵ بەچەند لاپەڕەیەک
بۆ زیندەوانانی جوانی
بۆ دڕندەی هۆی خامۆشیی فلووت و زەنگ و گۆرانی
بۆ شێوێنەری ناخ ڕەژوو
ئاومالڵکانی ڕەوتی مێژوو



دۆزەخی نەفرەت دابخات
بەکوڵێنگی خامە دوا قەڵای ئەشکەنجە
دوا نموونەی مەینەت بخات

---

(١) ڕۆمانی (جین ئیر)ی شارلۆت برۆنتی.
(٢) دەورانییە وەک هێلەکی سەودا سەری گێژم
بۆیە بەدەقیقی مەثەلە هەرچی دەبێژم
نالی
(٣) ڕۆمانی (پیرەمێرد و دەریا)ی ئەرنست هەمنگوای.

## باڵ

بەرێگاوە
بەدەم خوێندنەوەی سۆفییانەی چامەی باڵا و ڕۆمانەوە
بەدەم خواردنەوە و نووسین و گینگڵی خەوزڕانەوە
بەدەم بیرکەوتنەوەی کرمی لاشەی جوانی ئەنکیدۆ- وە
بەدەم بیستنەوەی زایەڵەی بەرد هەژێنی
فیغانی شەودرەنگانی تیترواسکێکی نامۆوە
لە هەر کوێ:
لە پۆل
لە بازاڕ
لە چایخانە
لە پیشانگا
لە هۆڵی شانۆ و سینەما
کە لە دنیای نا ئاگاییەوە دێتەوە
کە پاش سەفەری تاریکی
ئەستێرانە
بەرز و
نەوی
نزیک و... دوور... هەڵدێتەوە:
پەردەی تەمێک بەرچاو دەگرێت
جەستەی مۆمیایی نوقمی هەست
(مەلی ماڵی) بۆ پەڕوباڵێک دەگەڕێت
باڵێک لەگەڵ جووتی دابڕاوی خۆیدا
ئاسمانا و ئاسمان... پێی بفڕێت

١٩٩٦



## دڵەبەردینەکان

هەندێک دڵ هەن بەڕامانێکی پڕ هێما نەرم دەبن
هەندێک بەسۆزی گریان یا زەردەخەنە و دەست گوشینی
پیاسەی دەمەو زەردەپەڕی شەقامێکی دوورە نیگا
هەندێک بەزەبری تەلیسمی نەخشونیگاری نامەیەک
هەن بەئەفسانەی چامەیەک
بەگەمەیەک
هەن بەپاڕانەوە و نزا
هەن لە خۆڕا
بەرێکەوت لە دیدارێکدا
هەن بەدرۆی ستایشێک
بەکڕنووشێک
بەفیشاڵێک
بەپێشکەش کردنی گوڵێک
نواندنێک
بایەخ دانێک
بەجادووی تۆزێک ئاخاوتن نەرم دەبن
دڵی بەردینی هۆلاکۆ-ی هەموو شوێن و زەمانێکیش
تەنیا نێڵەی ئاگری دۆزەخی مێژوو
دەیکاتە چنگێک خۆڵەمێش
ئەویش ڕای دەماڵێت یەک فوو

١٩٩٦

## ماڵێک

چوارچێوەی پەنجەرەی داری سەر کۆڵانی
پڕ قوڕ و چڵپاو ڕزیوە... ڕزیو... ڕزیو...
شیشەکانیش (درەوشانەوەی ناوەوەم)
دیارن ژەنگیان هەڵهێناوە
جەستەی دیواری سەربردەی بەشەوگەڕانی گورگانەش
لۆچ و چاڵی تێکەوتووە و لە زۆر جێگادا وەریوە
هەنجیرەکەش: لقی ئێسقانی پەراسووی ئەسپێکی ڕەق هەڵگەڕاوە
دەرگاکەش ناڵەو نرکەی دێت...
ڕەنگ و ڕوخساری گۆڕاوە
لە پەنای ئەم دەرگایەوە
لەم درزەوە
بەترسەوە
بەتاسەی تاوسانەوە
سەرنجی تیشکانەی دەدام
لە پشت ئەم شوورە نماوی و ماندووەشەوە
نیوەڕۆیان
دیاری و نامەی بۆ هەڵدەدام
هەموو نەخشێکی ماڵی کپ
بیری تۆزلێنیشتووی زەمان دەبزوێنێت
هەموو شتێک خۆڵەمێشی و کۆن دەنوێنێت
تەنیا... تەنیا... تەنیا بوونی ئەو نوێیە
هەمان برین
هەمان پەلکەزێڕی دێرین
هەمان هەتاوی دوێنێیە
ئاخۆ... ئێستا... ئێستا... ئێستا...
لەم چرکەیەدا... لە کوێیە ؟!

١٩٩٥/٢/٢٨



## گوناهەکانی منداڵی

... «کۆڵلارەی گەردەلوول بردووی داوپچڕاو و
ئەو کۆترە نابەڵەدە نامۆیانە مەگرەوە کە بەترسەوە
لە لێواری تارمە و تاقی پەنجەراندا دەنیشنەوە و
چاوی سەرسامی دەگێڕن... گوناهە
هەڵمات و شتی منداڵان مەشارەوە و
بەسەر سنگی گڵکۆی بێ شوورە و بخووری جگەر گۆشەی
ڕەشپۆشی چاونماویدا مەپەڕەوە... گوناهە
بەرد بەشەربەی هاوینانی سەر دیواری سەربانی ماڵان مەکێشە
سەری گوڵە پەمەییە لە تەلبەند ئاڵاوەکانی ڕەیس تاوس[١] هەڵمەکێشەوە
شەڕ بەدۆمە دان ئاڵتوونە تیرۆکگێڕە فاڵگرەوە و
کافرۆشە خاچییە ڕووتۆزاوییە بەسەزمانەکان مەفرۆشە
گوناهە
دەفری دەستی کچانی کۆڵان مەڕژێنە
زەنگە سوورە لە پیادەڕۆی ئەرخەیانی ئەم کاتانەی
شەقامەکە مەورووژێنە... گوناهە
ڕێ بەو بەدمەستانەش مەگرە کە ئێواران
بەلارەلار لە ئاوی میری[٢] دێنەوە... گوناهە
... گوناهە
... گوناهە
... گوناهە»
هەتا ئافەریدەیەکی ڕاست و گوناهی لێ خوڵقا
کە گەورەش بوو
کە تەمەنیش بەرەو ئاوابوون داکشا
دۆن کیخۆتانە و بەتەنیا
لە ڕووی ئەژدیهای حەوت سەری

دزێوی و لاسەنگیی دنیا
شمشێری داری هەڵکێشا

١٩٩٥

(١) Rest House

(٢) کارێزێک بوو، کەوتبووە پشت (ڕەیس تاوس)ی ناو ئیستگەی شەمەندەفەری هەولێر. بەرەو ڕۆژئاوا شۆڕدەبووەوە.



## ژوورێک

مۆرانەی زۆرانی ئەم چەرخە ئەستەمە
مۆرانەی زەمانی ئەم شوێنە تەریک و پڕ تەمە
ئەم ژوورە پڕ خەونی بەتاڵە
ئەم ژوورە پڕ درز و کتێب و بۆن مەی و
کاغەزی گەچراوی ڕەشنووس و
فلتەری جگەرە و دووکەڵە
تا ڕمان برپرەی پشت دەخوات
لێرە کات: گالیسکەی بێ ئەسپ و چەرخەیە
لێرە کات: ڕەوەزی قەدپاڵە... شەختەیە
ڕەوەزە بەرد دەڕوات؟
شەختەبەند گەرماییی ڕۆژ دەدات؟
مەملەکەتی سووڕانەوەی فڕفڕۆکە
مەملەکەتی هەلووکێن و کەلایانێ
مەملەکەتی فڕاندنی پۆلە کۆتر و کۆللارە
مەملەکەتی بەدواداچوونی زیکزیکەو خاڵخاڵۆکە
مەملەکەتی بێ (تاوان و سزا) و تەناف
مەملەکەتی شەوی حیکایەتی پەری و
دێوی ڕەشی پشت کێوی قاف
مەملەکەتی دۆزینەوەی زەڕنەقووتەش
بەرهەڵدایی و دەربازبوونە: یۆتۆپیایە
گەڕانەوەش بۆ قۆزاخەی یەکەم ماڵ و یەکەم کۆڵان
یەکەم نامە و یەکەمین ماچی دەزگیران
خۆشترین چێژ
چەقی ئارامیی دنیایە

١٩٩٥

## خزینی تاج

پاش سەدەها چنگەڕنێی بێهوودانەی
وەستاندنی چەرخی دنیا
هەڵکێشانی سەرشێتانەی
شاپەڕی باڵی سیمرخی دووره ڕێگا
تەنگ هەڵچنین بە بەرد و دار
نەزۆکیی بێگیان و گیاندار
تاودانی ڕەشەبای شوومی قۆشەنی فێگرتووی تالان
فڕاندنی لەپکەی کۆرپە و
داماڵینی گەردانەو مووررووی ئیناناو
لستنەوەی شیلەی خرمژنی شمشێر و ناڵینی کۆیلان
پاش سەدەها گەردنیشتن لە پەڕەمووچ و بلوێر و دەف
بنیات نانی گوتاری پڕ مزگێنیی هەنگویناوی و گەف
دادی نادات سامناکیی کۆشکی بلوورین
واشەی چارەنووس پاش ناخات
مەنجەنیق و جادووی شوورەی تەختی دێرین
زەق زەق بینی:
کلۆرەداری کرێتی بەخوێن ڕسکاوی تەمەنی



گەلا
گەلا
د
ا
د
ە
و
ە
شـ
ێـ
ت
بالۆنی دەسەلات نەوی
نزم
دەکشێت
تاجی خزیو کانزایەکی ئاساییەو لە عەرد دەخشێت
نیوچەوانی گرژ زەنگوڵی جواناوی
لـ
ێـ
د
ە
چـ
ۆ
ڕ
ێـ
ت
ئەهریمەنی خودیشی لە ئاوزینگداندا
بزەی تاساوی تێدەگرێت

پاش سەدەها
دێوی دۆزەخەوان چووەوە
چالێکی چەند پێیی باریک
گومەتە خۆڵێک دای پۆشی دڕندەییی جەستەی مۆمیا
ئەوسا لە نۆژەن ئاسۆگەی دەرەوە و ژوورەوەی تاریک
وردە وردە ڕۆشن بووەوە و شەبەقی دا
دەرگای قەفەسی خامۆشی نەغمەخوێنان کرانەوە
ئەسپ، ئاسک... ڕەوە... ڕەوە... گەڕانەوە
شینەشاوە، ماسیگرە، تیتواسک... هەتادوایی
بەسەر گۆل و چۆمانەوە بینرانەوە
... هەوای ئۆخەیان هەڵمژی
کۆیلەش بۆ یەکەم جار سەریان هەڵبڕی و
خۆرەتاویان دی

١٩٩٤



## شکانی قۆزاخەی ئارام

ئەوەندەم دووکەڵی ڕەش و
دەشتی سارای خۆڵەمێش و
گێژەڵووکەی داروپەردووی جوانی دیون
هێندەم گەڵای خوێن بەسەردا هەڵوەریون
ئێستا دیتنی دیمەنی تەیارۆکەی
ئەم وەختانەی پایزان هیچ چێژ نابەخشن
لە دەروونددا شەوق نین و
لە خەیاڵدا ناکەنەوە پەنجەرەیەکی ئۆخژن
گۆماوگۆم... گیا بەگیا... بەدوایاندا هەڵوەدابووین
بەئەسپایی و بە ماتەمات و پێدزە بۆیان دەچووین
تەڵەی پەنجەی وێکهێنراومان بۆ دەبردن– دەمانگرتن
تەیارۆکەی سوور و زەردباو و سەوز و شین
دەتلانەوە و بەدەستمانەوە دەلەرزین
پاش تۆزێک لێوردبوونەوەش
پاش تاوێک هەوەس و خۆشیش
من بەڕەڵڵام دەکردنەوە و ئازارم پێ نەدەبەخشین
کوورەی هەنگوین بوو منداڵی
ڕۆژانی تەنگانەو تاڵی
لە دوورەوە و لە هەر کوێ بام
بەپەلە بۆی دەفڕیمەوە
چاو لێکنانێک...
یادێک...
هەموو خەمەکانی دەسڕیمەوە
ئەم قۆزاخە ئارامەشیان لێ شکاندم

ئەم خانووچکە ناوازەشیان گەمارۆدام
جا خاپوورکەری بەهەشتی
مندالّی و بیرەوەریی کۆن
دۆزەخیترن یا... نیرۆن؟

١٩٩٣



## شوێنکات

(ئەوەتا لە هەمان شوێندا
لەبەر هەمان پەنجەرەی بەچەتر و دەرگای
کووژەکە پێوەکراو و تاقی قۆچ پێدا کوتراوی خێورەوێندا
لەبەر هەمان شنەی دەمەو چێشتەنگاوی
بەپەڵە هەوری تەنکی وەرزی خەزان و هەناردا
لە هەمان بازگەی هەمیشەی تێپەڕینی چاوخوماردا
لە گەمەیەک ورووکاون و شێتگیرانە بەیەکدا دێن
لەمسەرەوە بۆ ئەوسەری کۆڵان هەڵدێن
دەنگ و ڕەنگیانم بەگوێچکە و چاودا نامۆن
وەکو ئەو هەموو ڕێبوار و سەفەرییە شەکەتانەی
تاوێکی تر لە فارگۆنی شەمەندەفەر دادەبەزن و
نازانین لە کوێوە دێن و بۆ کوێ دەڕۆن
ئەو منداڵە چەتوونە غەریبانە کێن؟
لە کام کۆڵانەوە هاتوون؟
ئەی هاوڕێکانی من لەکوێن؟)
لە پڕ گاڵەی ماندووی گالیسکە لێخوڕێک
هێنایەوە و سەرنجی پێ دایەوە لە خەڵک و دنیا:
(ئاشەکەی ئەوبەر ناگەڕێت
ژەنگێن پەنجەرە و دەرگا
دیوار و سواندەکان کووڕن
زۆربەی خانووەکان خاپوورن
نە قەڵغانی کووژەیەک
نووکەتیری چاوپیسان دەگێڕێتەوە
نە فڕفڕۆکەی ڕەنگاوڕەنگ
بەدەم باوە جوان و تیژ دەسووڕێتەوە

نە درزی دەرگای کچی شەنگ
بەبیانوویێک بۆ چاوبڕکێ دەکرێتەوە
نە ئاشناو ناسیاوێکیش بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە
گەرەک ئاشکرا ڕنۆکی دڕندانەی دەورو زەمانی پێوەیە...
ئەو دڕندە ناقۆڵایە بۆ ڕوخسار و ڕۆحی منیش بەرێوەیە؟)
١٩٩٣



## نژار

چ ئەفسوونێک
دەسەڵاتی دێوی چ بەهرە و ئەزموونێک
ئەم نژارەی بنیات ناوە؟!
کۆسار ئیرەییی پێ دەبات
ئەستێرە بەبەرزیی ناگات
خۆر لە شەوقی چاو لێکدەنێت
مانی-ش لە ئاستیدا بڕۆی
حەپەسانی هەڵبڕیوە و
قامیش لە ڕەنگان وەرنادات
چ کۆشکێکی پایەدارە!
هێلانەی ورد ورد نەخشاوی کام هوزارە؟
مەگەر پەیکەری نەسرەوتووی مایکۆڤسکی
مەگەر کۆشک-ی فرانز کافکا...
ئاڵ نانوێنێت
چین
چین
بەخوێنی منداڵان
بەتەرازووی لەنگ و تاڵان
بەئێسقان و کاسەسەر بنیات نەنراوە
سام ناهێنێ و بەمۆتەکە نەتەنراوە
خەڵوەتخانەی ئەفراندنی جوانیی تاقانەی نالی- یە
خەراباتی پڕ سترانی پەروازەیی و تاڵییە
چاخ چاخ... مەست و سەوداسەران بەرێ دەخات
دەرگاش بەڕووی: دەف شکێن و دەنگ شێوێن و
ڕیابازاندا دادەخات
١٩٩٣

## بارانی سوور

بارانێکی سوور دەباری و
مرۆڤ بەدەم باڕێزەوە
بەدەم ترس و تاسانەوە
بەسەر دەشت و چیاوچۆڵ و
گوند و شارە دوورەکاندا هەڵدەوەری
منی سەرماوسۆڵ بردەڵەش
دەگەڕام بۆ پاسارێک
پەنا دیوارێک
بۆ باوەشێک
بۆ ئاگرێک
بۆ کۆڵیت و
درزە بەردێک
ئارامیی ژێر باڵی مەردێک
کە لێرەشدا گیرسامەوە
مام هێمن-م بیرکەوتەوە و
پاش سۆراخ... بەهەڵەداوان
دام کێشا بەرەو گەڕەکی بداغ سوڵتان
کەچی بینیم
ماڵی ئێرەشی وەک ئەویی
تەنگ و... تاریکە... تەنانەت
جەستەی بنێسی گرمۆڵەی
بەئەستەم تێیدا دەسرەوێت
ناچار گەڕامەوە دواوە و
چادری خەم و ئازاری تێکشکانم
لە شوێنێکی تردا هەڵدا
لە دەرگایەکی ترم دا

سابلاخ ١٩٩١



## ڕامانی سیزیف

حەفتاو چواریش
هەر لێرەوە
هەر لەپشت شووشەی پەنجەرەی
ئەم قاوەخانەی شەقامە ئاپۆرەوە
ڕێک بەرامبەر ئەو دیوار و دوکانانە هەڵدەکورمام
لەو سپینداره ڕادەمام
لە دەوروبەر دادەبڕام و
بەبێ دەنگ لەگەڵیا دەدوام:
(دەبێت سپینداری تەنیا
هاوچەرخی مێژووی بێ نەوام
جارێکی تر
لە بارودۆخێکی تردا...
سبەی چۆنت ببینمەوە؟
دەتبینم ڕوخسار پڕ لۆچ و گرژتریت؟
بەبێ گۆچان پێ ناگریت؟
بەدەم هەنسک و نرکژنی ڕێی هەڵەمووت بڕینەوە
بەدەم جۆشی کولانەوەی چەندان گەرمە برینەوە
دڵی یەکتر دەدەینەوە؟
سەر لەسەر شانی گرانی یەکتری دادەنێینەوە؟
یا بوویتەتەوە جەوان و
تازە سترانی لاوێنی و عیشق دەچڕیت؟
چاو لە کناچان دادەگریت؟
یا دنیایە...
چارەنووسی سیزیفانەو تاهەتایە
لە چوار ڕێیەکدا... یێک... نا... گرین؟

بەکەسەری دەستگوشینی
پیرۆزباییەکەوە دەمرین
گەواهی سابلاخ-ی برین؟!)

سابلاخ - مایسی ١٩٩١



## بینین

(١)

با (با) دەمامکی خۆی نەکات
چاو لە ڕۆژی نووتەکیشدا
ڕووی ڕاستەقینەی شتەکان بەدی دەکات

(٢)

دەڵێن: «کوا دۆزەخی دانا؟»
نازانم بۆ بازی هەستی من دەیبینێت
هی ئەوان نا؟!.

(٣)

بێ داروەکاز
بێ پەروا گرتویێتی ڕێگا
خاڵخاڵۆکەی سپیی دڵە قیبلە نوما

(٤)

هەندێک بەدەف و بەسەما
دەگەنە بەر هەتاوی جوانیی پڕ هێما
ئەویش لە خۆی ڕادەمێنێت
لە بەردێک
لە پەلکێک گیا

(٥)

- گرژیی ڕوخساری نارەوێت
لە هیچ عەردێکدا ناسرەوێت
- دیارە یەکسان نین هەردوو تا
دیارە لەنگە تەرازووی پاداشتی دنیا

(٦)

- نابینین شمشاڵی گۆڕین
شاخی ئاسن ببزوێنێت...
نارەزاییی داروبەرد بکاتە داستان
بەبا بدات تامەزرۆییی زارۆکی گریاو بۆ ئێسقان
- هۆ: دەستوپەنجەی گۆڕاوی شمشاڵژەنە
جوان ناجوولێت
هۆ: هەناسەی شمشاڵژەنە
لە هەمان سنگی پڕ نێڵە و بەزەییەوە
هەڵناقولێت

(٧)

ئەوەندەی ستران بۆ مەچڕە
گۆمی چاو لێواو لێو خوێنەو
سۆتەکدانیش پڕ فلتەرە

١٩٦٦



## حەوت تێڕامان

(١)

لە بێشەڵانم دووردەخاتەوە
لە مێردەزمەی نائاسوودەیی و
شوومیی ساڵانم دووردەخاتەوە
بووکەبارانێی زیندووبوونەوەی کاولگەشار و
جادووی لە نۆژەن دروست کردنەوەی
جەستەی شکاو و ڕۆحی شێواوە
جودایی نێوان کلۆڵ... و... زاڵە
دووریانی خواستی مامز... و... داڵە
قەڵغانی تیغی تووکو نەفرەتە
کوورەی ڕەنگکاری...
ئەفراندنی ئەم ژوورە خەڵوەتە
زێیەکی ترە
منیش ڕەگەزە ماسییەکی ترم
تاقە چرکەیەک
لە ئاوی هزر دابڕێم... دەمرم

(٢)

چاوەڕێین وردە بارانی جوان جوان
بژێنێتەوە زەویی کەنەفت و مێرخوزاری گیان
شەوێکی سپی
شەوێکی کپی بێ گەف و گرژی
لە تەک مێماندا
بەمەستی و تێری پێڵوو دابخەین
گوێ لە زرینگەی دووری قەتاری خەون هەڵبخەین

نەترسێن باران لافاو هەڵسێنێت
نەترسێن ڕۆژێک خاچ و منارە
تەلار و کوختە
داروبەرد ببات
بێ بەزەییانە بێچووی ناوازەی ئایندە بخوات
لە ئەزەلەوە چاوەڕێین باران دزێوی بشوات

(٣)

بینیوتە ؟! ئەمڕۆ...
دار زەیتوونەکە باری گۆڕاوە
کزە و پەلوپۆی سیس هەڵگەڕاوە
دەڵێیت شاشوورەو
تیری ناگەهان دڵی سمیوە
بیدوێنە ئاخۆ هیچی بیستووە ؟
دێوی خەونێکی ناخۆشی دیوە ؟
قەیناغی پەنجەی چ بەدبینییەک
بینی گرتووە ؟

(٤)

بەهار پڕ مەلە
مێرگ پڕ گوڵە
ئەو حەز و چێژی پێچەوانەیە
خول و گەڕانی کاتی باران و
زریان و سەرمای شەودرەنگانی
شەقامەکانی شاری بەدڵە



(٥)

ئەوەتا هوما
بەسەر شارەوە وێڵ وێڵ دەگەڕێت
چریکەی تیژی ئاماژە دەکات:
تا خود نەگۆڕێت
دەروون نەشۆڕێت
هەتا هەتایە نانیشێتەوە و
لەنگەر ناگرێت

(٦)

ئەمشەویش شووشە چۆڕی لێ بڕاو
هاتنی کەسی چاوەڕوان کراو
نەیخستە سەما
ئەمشەویش بەدیار مێزی چۆڵەوە
گریا و دۆش داما

(٧)

چایخانەیەو
کەسیان ئەوی تر ناناسێت
پاش ماوەیەک
مووشەدەمەی ئاگردانی دەنگوباسێک
سەفەرنامەی کەشتیی زەریای چارەنووسێک
داشی دامەی مشتومڕێک
لێکیان نزیک دەخاتەوە و
دەیانکاتە دۆست و هاوڕێ

١٩٩٥

## ڕۆژئاوای شار

(١)

بەشەقامێکی هێور و چۆڵدا دەخشێت
هەرمێی ئاڵی گەواڵە هەوری خۆرنشین
تامی ڕامووسانی ئەوسای پێ دەبەخشێت
تا بەدمەستی
جوانیی دنیاو
شیلەی وەنەوشەی کزەبا هەڵدەمژێت
پڕ بەهەستی
هەراوزەنای کۆرسی ڕیشۆڵەی باخی
کۆشکی نوقمی کپی و تاریکی دەچێژێت
بوولێڵان شار
پاش کشانەوەی گیانەوەر
تاجی شاهی دەکاتەسەر

(٢)

بەم ڕۆژپەڕە نائاسایی و تەمتومانە
بەو سەرمایە
لە بڵندایی قەڵاوە
شار: ڕانێکە
لە ترسان پاڵی پێکداوە
چ گورگێک خۆی بۆ دەرفەت
لە حەشار ناوە؟!

زستانی ١٩٩٣



(٣)

ئەم زیرِژنە
هی بەرەژانی کام ژنە
لە ڕۆژئاواوە ناهێڵێت شار بسرەوێت
ئەی خولّقانەوەی ئاستەنگی گوڵی ڕاستی و
لە دایک بوونەوەی زەمین
دەبێت چەندیان نرکە و گرین
چەندیان چەندیان گینگلّدان و هاوار بوێت؟؟

١٩٧٧

## نیسان

(١)

وەرزی ڕەهاییی نیسانە
ئای لەو هەموو کولیلکانە!!
وەختە لە نێویاندا بنووم
لە خۆشییان
لە سنگ و ڕۆحمیان هەڵسووم
میهرەجانە
کام شایلۆک-ی خاوەن ئەوەندە سامانە
بەقەدەر من
بەبۆن و پەلکە زێڕینەی ئەم زەنوێرە
بەختەوەرە؟
١٩٩١

(٢)

ئەمڕۆ بەفرێکی زۆر باری
پاشان نەما شوێنەواری
کە وام بینی
گوتم: خۆزیا
ڕێگری کانیاوی هەست و نەستی منیش
هێندە دەژیا!

(٣)

کەویە بەفر
خۆیان لەسەر قۆپکەکاندا ئاخنیوە
لە نۆژەن قەڵای زیوینیان هەڵچنیوە
مام بەفر دنیا دەورانە



بێهوودەیە پەلەقاژەی لاسارانە
نیسانە و ڕۆژت ئاوابوو
زەمانی تەختوتاراجی
سەدان پاشاو قڕاڵی وەک تۆ بەسەرچوو...
١٩٩٢/٤/١٦

## پرسیار

### خۆڵەمێش

هەتا ڕادەی بوون بەخۆڵەمێش نەسووتا
چۆن دەگاتە پلەی ئۆخژن موریدێک
پەرداخی بەتاڵ هەڵبدات؟!

### دارکونکەرە

گەر لە دێرڕا
ئەو دەنووکەو ڕەنجەم دیبا
ئەو دەرسە قووڵەم زانیبا
منیش ئاوا
کۆڵیت و درزی خۆم دەبوو
سوپاس دارکونکەرەی ماندوو

١٩٩٢/٤/٢٤

### لایلایە

– بۆ ناخەویت؟!
چییە دیسان نیگەرانیت؟!
– قوربان چۆنم خەوبێت کە تۆ
تۆزێک لایلایە نەزانیت!!

### ئووچ

لە زەنوێرێک
پونگجاڕ و باقژۆکجاڕێک
ڕەنگ و بۆیان کردمە دیاری
منیش لە پاداشت
بەئووچی وشەتاشی



یاخود بەخوێن
پێیان دەبەخشم نەمری

١٩٩٢/٥/٤

### تەرازوو

هەموو دارەکانیان شکاند
هەموو گوڵەکانیان ژاکاند
باز لەسەرم هەڵنیشتبا
بەقسەم بەرد ڕۆیشتبا
چاوم لە ئاست بکوژی جوانی لێکدەنا؟
یا گۆی سەری گوڵشەمزێن و ئەڵقە لەگوێم
لە تەرازوویێک دادەنا؟

١٩٩٢/٥/٢٩

### شەمزان

بەلاڵووکێک
هەر پێنج پەنجەی لە خوێن وەردام
گوڵی سەربەخۆییی ئێمەش
لە هەوەڵڕا
لە ئەزەلڕا
ئاوا بەستری و تانۆک با
بەم جۆرە و هێندە دەشەمزا؟

### پێشبینی

سبەینان پێش چوونە دەرێ
چاو بەرامبەر نیگارێکی سارد دەتاسێت
زبرە بەفرێک
بەئاوێنەی ڕیش تاشینمەوە دەنووسێت

هێندەم بەفر لێ کوتووە
ئەوەندەم سەرمای کوشندەی ئەم بەفرانبارە چەشتووە
دەست لە گرتنی جگەرە و ملی خامە و
پەرداخی سپی دەترازێت
سەری سەرسام
لە ئاست تێکچوونی خانووچکەی تافی منداڵی و ژیلەمۆی
خەونی لاویدا دەلەرزێت
ئەی پێشبینیی گەڕانەوەی گەمارۆدان و دڵڕەقیی
کام خازییە وا لە زنەی نیگا دەکات
(زنەی کوێرەوەبووی نیگا)
پاش تاوێک سەرنج و ڕامان
ئاوا دەریای سووری هەژانی تێبزێت؟

جۆزەردانی ١٩٩٣



## چیا

(١)

ئەو چیایە چەند سەرکێشە!
چ بەوەجە!
ئێستا پاش تێکەڵاوبوونی تێگەیشتم
ئەوەی بۆ دزینی تاجی
پێیدا هەڵزنێت چەند گەوجە!

١٩٩١/١٢/٩

(٢)

لەسەر تەختی شاهانەی خۆیدا دڵنیا
بەشکۆوە ڕۆنیشتووە پیرە چیا
لە حزووریدا لە کڕنووش ڕادەوەستام
زەمانی بەندی و گۆڕهەڵکەن
قەد و باڵای نەکردبام بەدارەبەن

١٩٩١/١٢/١٣

(٣)

بازی چاوم ڕاهاتووە
هەموو ڕۆژێک بەتاسەوە
لە چیای نوقمی سپیاتی و مژ و بەفردا بگەڕێ
بەئاسمانی بەرهەڵدادا
بست بست هەڵگەڕێ و داگەڕێ
چیا... دەترسم ئەوەندەت ئاوێزان بم
هێندەت سەرنج دەم پەڕکووری
دیدەشم سپی هەڵگەڕێ.

١٩٩١/١٢/٧

(٤)

پیرەمێرد لە ژێر برۆوە
لە چیای نۆڕی و هاڕاندی:
«کەری نێرییانە... ها... ها... ها...
چاو دەنێ... وا بەفری هێنا»
قاقای پیرەمێرد یەکەمین هەنسکی بیرهێنامەوە:
(تۆش تاڵەمووی سپیت لەسەردا پەیدابوون
یەکەم نوا نیشانەیە بۆ زستانی بەساڵداچوون)
١٩٩١/١٢/٢٢

(٥)

لەپەنجەرەڕا سەرنجی ماڵئاواییی
دڵدارێکی پشت شیش و ئێستگەت دەدەمێ
چیای شیرینم دەزانم
کات خوڕ دەڕواو
هەرگیز ئاوا
لە دیدارێکی وا کورت و ئەفسووناویدا ناتگەمێ
١٩٩٢/٣/٤

(٦)

سبەینێ کولیلکێک خۆشیی
یاریی منداڵی پێ بەخشیم
ئێوارەش زوو لاشەی بەخوێن...
ژاراوی مەرگی پێ نۆشیم
دەستی تەوتەمان پۆڵایە
دەروونیشیان
یەک ئەستێرەی بەخشینی تێدا هەڵنایێت
بۆیە ناهێڵن نیشانە جوانەکانی شاخ... شوێن بڕوێن
١٩٩٢/٥/٣



## گۆشەگیری

– گەر ئازاری سەختی ویژدان
چاوی بەگورگە مرۆڤ و کوند پەرستیش کوێر کردبان
چەندان ئۆدیب–ی کۆماوەت
لە بن دیوار و چایخانە و بەردەرگای ماڵاندا دەدین
لە تاریکیی گۆشەگیری و دووره پەرێزیدا دەژین
یا لە کۆڵان و شەقام و بازاڕدا بەتاقی تەنیا
دەست و پێ و گاڵۆک دەکوتن
– چۆن بەتەنیا ؟!
ئەنتیگۆنا–ی بەوەفاش لە تەکیانەوە
هەنگاوی هەڵنەدەهێنا ؟!
– ها... ها... ها... ها...
توتکێکیش نا
١٩٩٣

## کێشە

«دە ڕادیۆکە نزم کە با
تۆزێک گوێ ڕادێرین بۆ با»
(ئەو کوڕەمیان نەبێتە من!
ئەویش نەباتە ژێر زەوی
چەندان کێشەی ئاڵۆزکاو و
دەیان خەون!)
١٩٩١/١٢/٣

# باڵ لە فڕیندا سووتاوە

## زریزەدەبەستن قورینگ

گوڵەوانی تانج دڕکەزی
ئەوەی پەنجەی ئەفسووناویی
بەدەم ژەندن و دەستبازیی شاژنە بلوێرەوە ڕزی
ئەوەی نهێنیی سووتانی دزی لە دار
هەورانە پیشی خواردەوە و چەخماخەی دا
چەخماخەی داد
دەمولێوی بلوێرەکەی بەلێوەوە ناو ڕەهێڵەی پشکۆی ب
ا
ر
ا
ن
د:
«کلیلی قەڵای سێگۆشەی بووکەبەبارانەی شیرمان
نەداوەتە دەستی خازی
ئێمە چڵەزێڕی بەهاو
شووشەنووری بادەی وەفاو
دڵی فریشتەتاوسمان نەشکاندووە
دەست/ خوێنی هەتاوپەروەری نەتکاندووە
سێوی نەفرەتی ئەبەدی و
نانی دێوی فێڵبازیمان نەخواردووە
باڵی خۆری سوبارتۆ-مان نەبەستووە
سەولەجانی چنگ سوورمان خۆش نەویستووە
کەوڵەگورگی سڕینەوەی ئەوی ترمان نەپۆشیوە
ئێمە کارێزی کافووری کاری سپی و
بیری سپی و
قسەی سپیمان لە پێستی



زەمانی ڕەش هەڵبەستووە
ماڵ بەماڵ گوێزی مزگێنیی لە دایک بوونی ئاگرمان وەرگرتووە
قوربانیمان بەئەرزو ئاسمان بەخشیوە
دڵی خاک نا... قامیشمان کون کون کردووە
چریکەی ساز و سەنتوورمان
ماڵە مردووەکانی لە خەوهەڵساندووە
توند توند توند توند... دڵدارانە...
تەموورەمان بەسنگەوە نووساندووە
ژێ/ ئاهونالەی بێ دالدەو سەرگەردانی لێ چۆڕاوە
پێ/ لە گەڕان بەدوای ڕێگای فیردەوسی گومدا گووراوە
لەپ/ لە بنیاتنانی ئوور-ی پایەداری هەق ڕووشاوە
باڵ/ لە فڕیندا سووتاوە
هەمیشە بەدەم کڕنووشی سرووتەوە
بەدەم مەستیی دەفژەنانەو سروودەوە
قانە خوێنمان هەڵسویوە لە کەڤرە شاخ
چامەی کەحێلمان نووسیوە:
بەردەنووسی قۆچقۆچانێی کولێنگ و بتی ڕۆژهەڵات
سەهۆڵی کات
ئاوری ناخ
ئاوازی چاخ

بەدەم هەنسکی نزاوە
دەرکەی مرازمان کوتاوە و
دەستوپەنجەی دیواری قوربانیگەمان ڕامووسیوە
نزا... نزا... بۆ قڕانی شەمشە کوێرەکانی سزاو
گەڕانەوەی پەپوولەی سپی بۆ ڕوخسار
شین بوونەوەی پەلکەی زێڕین لە سەری شار
بۆ هەڵگیرسانەوەی ڕووبار

بۆ هەڵقوڵانەوەی نادیار
هێشتاش دومووزی و...... ئینانا... لێک زویرن
کۆترەکانی پەیامی مزگێنی... دوو ...... رن
مراویی ژێر سۆزی دڕو قازی پێکراو لە تۆقەڵەی ئاسمانەوە
خۆشەویست پارچە جگەری بەدندووکی داڵەوەیە
خورجینە خوێی فۆبیاکان بەکۆڵەوەیە
گوڵایەتی/ بووە جێگای قرتاندنی بێ کۆتایی
مامزایەتی/ بووە ڕێگای... ڕاونان... ڕاونان...
ڕاونانی هەتا هەتایی
مشت لە مشتووان نەترازا تا لاسک نەچنەوە بن عەرد
چاو هەڵنەگیرا لە کەوان... ئاسک لە ترسان نەبنە بەرد
کوشتن فڕێ نەدرا لە شان... زریزە نەبەستن قورینگ
یادگەی پڕ خوێن... پڕ هەتیوی بسڕنەوە و

قەتار
قەتار قەتار قەتار
قەتار قەتار
قەتار قەتار
قەتار قەتار
قەتار قەتار
قەتار قەتار
دەشتاو دەشت... کۆسار بەکۆسار... بەشەلەشەل... بەپەلەپەل
...نەپەڕنەوە

***

لە باتی ئامێزوەرێنان لە ملی هەسپی تەنگانەو
تەمەن شووشتن لە زیواوی چێژەکانی دانووب–ی شین
(ڕنینەوەی کولیلکەجاڕی ڕوومەت و چەمەری و شین)
لە جیاتی بۆنی هەڵاڵان



(هەڵمژینی غەریبیی دەمەوخۆرنشین)
هەر قەتماغەی نەگرت برین
هەر خولانەوە بەدەوری ئاتەشگەدەی ساردوسڕی واهیمەدا
نووشتانەوە بەسەر ماسیی ژاراویی کەناری بینین
دەنکە هەناری نەزۆکیی هەڵگرتەوە... بانگ ئاڵتوونی
هەر بازی فەڕ... سووڕایەوە... سووڕایەوە... سووڕایەوە...
سووڕایەوەو دوندی سەری بەلقوپۆپی شوورانی پێ نەزانی
نەگەیشت قافڵەی ئارمووشی بانەکانی چاوەڕوانی
هەر چاوگرتن بەپارچە پەڕۆی یۆتۆپیا
هەر پووشوپەڵاشی بەر با
با بردی با... لەگەڵ پەڕە ئاڵەکانی ئیکارۆس– دا
هەر مەلە لەگەڵ نەهەنگدا
هەر تۆپین لە خولگەی دینگدا
هەر لەگەڵ قەیچیدا سەما
لەبەر نەینۆکی جیهانی خوارەوەدا ڕزی سیما
هەر تێڕوانین لە سێرەو لە نۆرینگەوە
تەماشا لە هەستونەستە ناسکەکانی! پڵنگەوە
نەهێڵرا بەستەی زێ بڵێین
تاوێک لە دەریاچەی قوو–دا تێکبئاڵێین
هێشتاش لە بێشکەداین یێژن: «چی دەخوازن؟»
یێژین: «گەرەکمانە بمرین.»
ئۆف... سیبیللا... لە دەست ژیان!
لەتاو هەست کردن بەکۆیان!
وەک جووتە لەقلەقی جێ ژوان
ڕۆژێک لە کەیفان نەگریاین
وەی بابەڕۆ... چەند تاریک دادێت پاش کۆچی
وەنەوشەی پێکەنینی تۆ!

لە وەرزی نەوجەوانیدا نیوچەوان پڕ پیری کرا
پەندەکان بەدەستمانەوە لاربوونەوەو
تیشکێکمان لێ وەرنەگیرا
قەوانەکانی باخەڵی سەردەمی منداڵی ئێستاش شەقەیان دێت
***
گوایە سبەی هەتاو هەڵدێت
گوایە چڵ سەری بلبلی بەدیاری بۆ نایەتەوە
گوایە بەهار بەتلیانەی پڕ ماچەوە
بەهاواری: «های گوڵ... های گوڵ... های گوڵ»ەوە
بە بەدمەستی... بەکۆڵان و دالانەکاندا دەگەڕێت
گوایە شمشێر... قەرەبووی مل دەکاتەوەو
شێر فرمێسکی خوراو دەسڕێت
گوایە پەتی هەڵکشانێک بەلای بیری یووسفاندا تێدەپەڕێت
گوایە دەردی دووریی نابینا دەپەڕێت
گوایە بەرماوەی ئاهەنگ و شایلۆغانی
زەماوەندەپیرۆزەکانمان پێ دەبڕێت
داری مێژوو... ئاوس دەبێت و ئەستێرەی مێخۆش دەگرێت
***
مەگەر شوولکێکی ئەفسوونی ڕۆحت پێدا بکاتەوە
مەگەر کەوشێک لە چەرمی بات بێتە هانا
مەگەر هەورێک لە توورەکەی پڕ بەزەییی
پشتیت بنێ و بڵێیت: چەکەکان ماڵئاوا
دەشقەم جادوویەک بتکاتە پەڕەسێلکەو
بەدڵی شکاوو باڵی لەشەمێی خەم
بڕۆیت و نەگەڕێیتەوە
گوێت نەدایە ئەو ڕەنگاڵە هۆشمەندانەی
وانەی فڕینیان پێ وتیت:



وەرە دەرێ لە ڕیتمی بەنجداری لانکە
لەمل داماڵە بەروانکە
بدڕە کۆچکە
شەقێک لەو قووتووە هەڵدە کە هەمیشە
بەکرێ و بەگەردنکەچی لێی دانیشتیت
سێبەرانە... شەبەنگانە...
بەشەقامی بۆن سەردینی ئارەزووەکاندا ڕۆیشتیت
خۆت بەقاچی سیمرخێکەوە هەڵواسە و
گەنجینەی مەرجانی جوانیی ئەو دیو ئالۆزی بناسە
دووڕگەکانی سانێتی بدۆزەرەوە و
دوڕەکان بەقلە گەمنی تەپکە مەدە
پەپوولەش لە گیانەڵادا وەسیەتی کرد:
مردم تەرمم مەبەنەوە
تەرمم مەبەنەوە باخچە
***
واتدەزانی گەر لە دەرکەی قەفەسەوە دوورتر فڕیت
گەر بوولێڵان نەچیتەوە هەمان کۆڵیت
چەقەڵی نامۆیی دەتخوات
ڕەق دەبیتەوە گەر دایکت شەوی باران پێتدا نەدات
واتدەزانی هەر لەکەلی کاولگەدا کلوا دەزێت
مانگ هەر بەپیر فریادی شاری تۆوە دێت
کەڵەشێری ماڵە هاوسێ زەنگ لێنەدات
چاوی پڕ خۆڵ هەڵناهێنیت
***
دەستم دامێنت غەیبگۆ
دەموچاوی خواروخێچی زڕکوڕەکانی نیشتمان بخوێنەوە
بەهێمایەک... بەئەفسوونی ئاماژەیەک...

پەنجەرەیەک لە دیواری بێهوودەیی بڕوێنەوە
بەستەڵەکی پەنجا ساڵەی سەر شانوپیل
تەڵەی قاچی مامزی کەزیی بەساچباخ
مامزی دیل ب
ت
و
ێ
ن
ە
و
ە»
منیش... نم... نم... ئەم ڕازانە
ئەم شیننامەو مرازانە
دەگێڕمەوەبۆ هەژار و شێت و دانا
ئەوانیش بۆ بەلەم و با
باش بۆ قەرەج و دێوەران
بۆ گەرۆک و هەواڵبەران
پەیڤگەران
دەربەدەران
تا دەگاتە نەوی و سەران
وشکی و زەریا
تا دەکاتە هەتاو ئاوا
چۆڵوبەڕیا
تا دەگاتە هەموو دنیا
هەموو دنیا...
هەموو دنیا...

٩ی مایسی ٢٠٠١



## نەگونجان

نووسیویەتی:
بوولێلێیک گزنگی نەدا
بەسەر لقی ڕووتوقووتی چاوەڕوانییەوە نەگەڕا
پەڕەمووچێکی هەتوانی بۆ نابیناکان نەوەراند
دەنووکی زێڕین گوڵاوی گمەگمێکی نەباراند
ئاسکە بەردینە شولکێکی لێنەدرا تا بارژنێک هەڵقولێتەوە
کوولەکەی ڕۆحی دێوانیش نەشکێنرا تا زەوی ستران بلێتەوە
پاشان زانیم سەر خۆی گۆڕستانی خەونە
زانیم زێی پێشهات لێخنە
پاشان زانیم زستان دوورە و
خۆرەتاویش وا خەریکە وردە وردە دادەمرکێت
تاریکایی سەهۆڵبەندان بێ سنوورە و
مانگی خودیش ئەوەندەی نەماوە بشکێت
پاشان زانیم پیرو ژێر ئاویان لە بێژینگ پێ هێنراون
نیگاری دێوجامە سەدان پێکەنینی بەکوشت داوە
پاشان زانیم شووشەی پڕ شکێنران بۆوەی
مەیکەدە نەچنە مەیخانە
هێلکەکان دزران تا هەڵۆی بەرەبەیان
نەگەڕێنەوە هێلانە
دالآشیش جگەرمان بخۆن
دادە...... بڕێین لە تۆزی سواران
ونیش بێن دەشکێنێن شەختەی ڕەوتی جاران
لە قەپێلکی ئاسنینی منی ژووروو
لە بیری گەشبینیی مردوو دێینەدەرێ
پردی ماندوو و

بەردی سووک و
مەلی کوێر و
کەروێشکە تۆقیوەکانیش لەگەڵماندا دەکەونەڕێ
ئەوەی شاری لەراندەوە
ئەوەی بەربووەوە گوێز نەبوو
گوڵدانی سەر ڕەفکە نەبوو
ئەوەیش تەقییەوە دەبدەبەی منداڵان و
بەرووی گوێ ئاگردان نەبوو
ڕەوە هەور
فڕندە بەسەر سەرمەوە دەبنە چەتر
بێ گوێ دانە تیری گەفی خێوی ڕێگا
بێ گوێ دانە بانگی زەنگوڵەی پرستگا
دەڵێم: میزۆپۆتامیا-ی سوور
ئەربائیلۆم-ی هەمیشە دەم بەویرد و
دەست بەرز بۆ یەک دڵۆپ نوور
مقەستی نەگونجان داوی سێوی هەست
و
شاری بڕی
نیسان ڕۆیشت
ڕۆیشت و پەلکەزێڕینەی زەردەخەنەی
کچی کافرۆش- مان نەدی
پێشبینیی ئەستێرەناسان نەهاتەدی
تەمەن بەگیانەڵای هێدی
بەلاواندنەوەی قوربانی
.... گەڵارێزانی ئەبەدی
تەمەن بەگەمەی ناخۆش و
بەزمەساتی قۆچقۆچانێی شەڕ و ئاشتی



بەتەماشای ئاسۆی جامی جەمی بەتاڵ
بەژێرکردنەوەی پەپوولان
بەئاشت کردنەوەی
ماسی و ئاو
لەپ و دەف و
ئاسمان و باڵ
بەدوورینەوەی گۆزەڵەی وردوخاشی خەونی دێرین
بەبۆن کردنی کراسی خوێنینی یووسفەکان ڕۆیی
زەمان بە ئاخ هەڵکێشانی پەنجەرە بۆ پیاسەی هەوا
بەڕاژاندنی لانکی نالی-ی برسی بۆ مژێک خۆڵ
بەشەقاندنی شەقشەقەی حاجی -ی گریاو
بۆ گوڕەی بەهاری ئەولا
بەپینەکردنی برین
بە لەچۆک دان
بۆ دەمووزی
بۆ ئێسقانێک لەژێر گڵی خەمدا ڕزی
بۆ چیاوچۆڵی پڕ تەرم
بۆ سالارێکی دڵ نەرم
بەهاواری ساویلکانە
لەگەڵ منداڵی کۆڵاندا:
«ئەستێرە پەنگرە ستێرە
ئاگرەکی باوێ ئێرە»

گ
ل
ۆ
ر
بـ
و
و
ە
و
ە
تا ئەو خۆشبێژە لاڵ نەبووە
تا تووک و پەڕی ئەو کۆترە پەرییانە پەڕە نەکراون
هەتا دێڵەورچ ژێرپێی کاهینی نەلستووەتەوە
هەتا دوعای بارانبڕە
زاوای پەردەی باوبارانی نەبەستووە
تا لافاوی کانیاوی چاو هەڵنەساوە
تا بەرانی پیتوفەڕیش نەخەساوە
تەلیسمی ڕێ دەشکێنم و
لە سنووری تووکونەفرەت دەپەڕمەوە
چیتر قل قل فرمێسکی زێ ناژمێرمەوە
ژێرزەمین هەڵنابژێرمەوە
سبەینان شەقام بەشەقام
بەکووڕە کووڕ
لاشەی ڕیشۆڵەی کوژراوی
تەقەی شەو هەڵناگرمەوە
دەپەڕمەوە لە تەلبەندی کەڵبەو برین
ئەو هەموو گوڵە گریاوە



ئەو هەموو لێوە بەبارە
ئەو هەموو دەنکە خەمبارە
ئەو هەموو کەوە هەتیوەم
پێ ناهێنرێنە پێکەنین
چیترماڵی تێکچووم بۆ ناگوێزرێتەوە
لە جیاتی کاسەسەر کووپەی لیرەم بۆ نادۆزرێتەوە
چیتر پووشم بۆ ناخورێت
تەنەکە زبڵی دیرۆکی دزێویم بۆ فڕێ نادرێت
م
هەرەم
هەرەم هەرەم
هەرەم هەرەم هەرەم
هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم
هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم
هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم
هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم
هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم
هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم
هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم
هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم
هەرەممان پێ بنیات نانرێت
سەردوولکەم بەشی ئەو پۆلە دۆستە ناکات
گریان بەشی پرسەی دڕانی پێڵاو و ئازاری کەمانچە ناکات
چی ما بیبەخشینە بتان
لە دیلی و بەچۆکدا کەوتن؟!
لە کڕنووش و خوێن و منداڵ؟!
چی ما بێجگە لە چەند نمایشێکی تاڵ؟!

هەتا پەپوسلێمانەش لە حەژمەتان تانجی داگرت
بەفریش لەتاو بێوەفایی
ئاڵەکۆک سەری خۆی هەڵگرت
خۆم و ئەسپی سووڕانەوەی بێهوودەییی
لە دینگی شار دەکەمەوە
دەخیلی نەیژەن دەدزم و دەڵێم گەردنم ئازاد کە
تامی ماچ و برژانگی بەنمتم لەبیرناچێتەوە
ئێوەش گەردنم ئازادکەن
دۆزەخی هۆش بارم پێ دەپێچێتەوە
بەرەو شیرەی گەنجینەی تووت عەنخ ئاموون نا
بەرەو شیری مامزە نەباڵقەکانی شانشین نا
بەرەو خەنی بوون بەدیاریی دایکە دەریا
بەرەو خواردنەوەی پەرداخێک بۆنی گۆڕان
بەرەو خۆشووشتن لە کانیی پاکی وێران
بەرەو بیستنەوەی چریکەی بازی بەندی نائاگایی
هەڵکردنەوەی ئاگری ئارەزووی سەوڵ
بەرەو تیشکێک بیخۆمەوە و هەرگیز تینووم نەبێتەوە
بای وەستاو دەبێتە زۆنگاو
سەفەر کاژی پەڕەسێلکەو
ڕەنگاڵە و لەقلەق دەگۆڕێت
با سەرسوڕمانێک دام بگرێت
سیحری جوانیی دوێنێ ڕماو
پێ متمانەی بەعەردی میناوی نەما
دەشزانم هەر بەرێگاوە دڵی کون کون
هەموو قلە گلەییەکانی لێ دەرژێت
بەرێگاوە دڵ حەیران بۆ خاک دەبێژێت
نووسیویەتی:



ئەوسا ژیان سواربوونی چەرخوفەلەک و
خولی تیژی فرفرۆکە و
دۆزینەوەی دوومەڵان بوو
حەمامۆکێی منداڵان بوو پیرەمێرد لەقەیان لێدا
ژیان دیوانی مامزان بوو
شەوێک گورگ
لە خوێن و بەفریان وەردا
قورینگی ماڵی بوو.... تۆرا
قەتێی دەستەمۆ بوو.... خورا
لێم دەپرسێت:
پشتی نەهەنگ بوو ئەو ڕۆخەی
گەمیی فریادی لێ وەستا یا جوودی بوو؟
کێ ئاگری لە خواوەندە زیۆس دزی و
کێ خۆی پێ گەرم کردەوە؟
کێ پوورە هەنگی دژترین... درێژترین
سەرمای مێژووی گرتەوە و
کێ بەکۆش هەنگوینی بردەوە؟
کەس وێرا بەشێرێک بڵێت: دەمت سوورە؟
کەس بەکوریکە گاگورۆی وت: هێشتاکە بەهار دوورە؟
دەڵێت: ئەو کوێرە ڕێیانە مەگرنەوە کە دەتانبەنەوە زیندان
دەتانبەنەوە بەر مەمکی دێوی گومان
دیسان گالیسکەی؛ پڕ کۆست و
باج و جەنگ و خشڵتان پێ ڕادەکێشرێت
ڕۆحی بەرد و دار و ئاویش هەڵدەکێشرێت
نووسیویەتی:
.......................
.......................
١٩٩٨

## فریادڕەس

بەبڵندبوونەوەی شاخدا
بەکاژداماڵینی بەردا
بەگەشانەوەی ئاسماندا
بەزەردەخەنەی پەنگری ئاگرداندا
بەشەوقی ڕێی کاکێشان و هەڵهاتنەوەی خۆرەتاودا
بەهەڵقولانەوەی مانگ و هەڵگیرسانەوەی کانیاودا
دەمزانی دەگەڕێیتەوە
وەک قلە بخووری جەژنان
بۆنی شار خۆش دەکەیتەوە
... بەسەر خاکی نەزۆکدا دەسوورێیتەوە
پرچی ئاڵۆز دەکەیتەوە چەپکەکەزی
دەرمانی چاک بوونەوە بۆ:
ئۆرۆک–ی کەنەفت و نەخۆش دەگریتەوە
دەستێک دەسڕیتەوە تەنیی دەموچاوی
بووکەبەبارانەی تینوو
دەکرێتەوە پەنجەرەی جیهانی ژووروو
دەبڕێتەوە هەڵواسینی سەرەوژێری زیندووی مردوو
ببەخشە ئەگەر نەتوانین
لە پێشوازی و بەر پێتاندا قوربانییەک لەعەردبدەین
ببەخشە ئەگەر نەتوانین پەلکە گوڵتان بۆ ڕابخەین
کولیلکی تازە باڵقتان بۆ بەدەرگا و تاق و پەنجەرەوە بکەین
هێلکان ڕەنگ کەین، بنەخشێنین.
خوانێکتان لەپێش دابنێین...
جگەرەیەکتان بدەینێ
پاش سەرهەڵگرتنی ناوادە



چاخی درێژ و زێڕینی کوللە داهات
هەر سوارێک هات
ڕمێکی لە ملی گای پیتوفەڕ چەقاند
پیر دەستیان بەچۆکدا کێشا
قورینگ خۆیان لە گۆلی ڕۆندک هەڵکێشا
کۆسار و باز شینیان گێڕا
کۆتری هێلانەشێواو
ئەم سەرو ئەو سەری دنیا بۆ سێبەری پووشێک گەڕا
موغ لە گوێ ئاگردانی سارد گرمۆڵە بوون
لە تەک بێچووی مردارەوە مەل هەڵکورمان
پەڕەمووچی ڕەنگینی تاوسی پیرۆز
قژی پەلکەزێڕینانە... بارانانە:
د د د د د د د د د د
ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا
و و و و و و و و و و
د د د د د د د د د د
ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا
و و و و و و و و و و
د د د د د د د د د د
ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا
و و و و و و و و و و
د د د د د د د د د د
ا ا ا ا ا ا ا ا ا ا
و و و و و و و و و و
بەسەر زبڵ و زەلکاوەوە دەنیشتەوە
جێ نەما سوورهەڵنەگەڕێت

مێ نەما یەخەی دانەدڕێت
سەرابی نەهات ئاوی کوشت
ڕەشەبای حەوت ساڵەی نەهات
هیچی پاش خۆی بەجێ نەهێشت
ڕەشەبای نەهات سپیاتیی هەنیەی بردین
کرمی نەهات ورده ورده ڕۆحی خواردین
پاش کۆچی پایزانەتان
نیوچەوانی ئەو ئەسپانە ڕانەمووسران
کە پێیان لە دۆڵی مەرگ پەڕینەوە
هەناسەیەک بۆ خۆشخوێنە
بێ ناز و دڵشکاوەکان هەڵنەکێشرا
سەری پڕ خەونۆکەی خۆشیش
وەک گۆزە بەعەرددا کێشرا
بە بەرچاوی زەقمانەوە
هەنارە دەنک دوڕەکان یەک یەک وەرین
لە چاوەڕوانیی هەتاودا
مرد کەڵەشێری بێداری قەڵای دێرین
بەدیارمانەوە شاژنە ئیریش کیکاڵ
قاچ لەسەر قاچ دانیشتبوو
قژی تەڕی بەشانەی ئێسقانی گەنجان دادەهێنا
چاوی بەکلی ژیلەمۆی ڕۆژ ڕشتبوو
بەپەیتوونی ئاڵووالای ناوازەوە
بەبازاڕدا... بەناو ڕیزی یەخسیراندا تێدەپەڕی
بەفیزەوە پێدەکەنی:
«لاشەی ژێر کەلاوە و دیوار
پەتاکانی ئەودیو تەلار



گەردنی بەکۆت و زنجیر
ناڵەو هاواری بریندار
بەئێمە چی؟!»
دڵەکان بێ دەرگای هەست بوون
دەنا جارێک بەگریانێک
بەلێدانێک
بەنزایەک
بەداوایەک
دەکرانەوە
شەختەبەندیش بان دەچۆڕان
تەنیا مامزی بەخشندە
دایکەزێ ئاسا نەگۆڕان
ڕەق هەڵاتوویان داڵدەدا
کەوڵیان بەخشیبە بێ پەنا
کۆرپە دەمیان بەگوانی مامزانەوە نا
بانگیان کردنە شکێری ئارامی خۆیان
میهرەبانیی پەڕەسێلکان
تۆزێک سەبووری پێ بەخشین
ئێمە ئاگرمان نەپەرست
ئاگرە سوورەمان خۆش نەویست
لە شیلەی ئاگر نەورووکاین
بۆ سبەی ئاگرین نەژیاین
تا خەرمانی ئارەقەی ڕێی
هاتونەهات بسووتێنێت
تا بەجگەرەوە بچزێت
تا دڵ دووکەڵی لێ هەڵسێت

به بامان نەگوت وەرەوە
تا پەڕ پەڕ دیرۆکی مەزنان لە قوڕوەردات
بشکێنێت درەخت و چرا
خۆ پێڵاومان بەئاوەژوو دانەنابوو
تفمان نەکردبووە کانی
چەمۆڵەمان لە مەزارگەو ڕووی نوورانی نەگرتبوو
بۆ بەرد باری؟!
بۆ بووە قەفەس گۆی زەوی؟!
تۆ بەم قرچەی نیوەڕۆیە
تازە بەتازە فانۆست
بەدەستەوەیە و شاراوشار
لەچی؟!
لەکێ؟!
بۆ دەگەڕێیت؟!
بەهەورازی چ خواستێکدا هەڵدەگەڕێیت؟!
ئێرە کێوی قافە قوربان
هەموو پەرییەکان خوراون
ئێرە کەڕولاڵ نشینە
گشت هوزار و سترانبێژەکان تۆراون
ئێرە جیهانی تاریکی سەرەوەیە
هەموو مانگەکان گیراون
تەواو... تەواو...
مارەکان گیاکەیان دزی
گلگامش-یش بۆ خۆی لە تاوان گیانی دا
ئینانا- لەبەر دەروازەی حەوتەمیندا
خشڵ و مەمک و کچێنیی لەبەر داماڵرا



یەک جۆلانە بۆ دڵدارەکان نەماوە
پەپوولەی ساکار چوزانێت لە تیشکی مردن ئاڵاوە
تەواو... تەواو...
یادگارەکان... ئەشکەوتەکان... زۆر شتی جوان
بیرچوونەوە و تەلیسم و نووشتە بەتاڵ بوون
ئێستاش خەریکین چەڵتووکە بابردووەکان
حیکایەتی سوێنراو بگێڕینەوە
لە سیمای لۆچ لۆچی تۆشدا دەخوێنمەوە:
«چ شوومییەک بەهەشتی کردە کاولگە؟!
بۆ تەرازووی خێرو شەڕ هێندە لاسەنگە؟!
ناخ هێندە پیسە ئۆقیانووس
بەشی پاک بوونەوەی ناکات
لافاوێک هەڵدەسێت لافاو
لافاوی نوێژە بارانەی ویژدانداران
کەس بەفریای دێوان ناگات
گەمیی فریادڕەس هیچ بەدێک
هیچ گوناهکارێک هەڵناگرێت
لافاوی نەفرەت هەڵدەسێت
نەهەنگی لافاو خراپەو پیسی دەخوات
لافاو... لافاو
هەڵدەسێت... دێت
جارێکی تر زەمین دەشوات»

١٩٩٧

## خۆڵەمێشی فرمێسکەکان

چڕین نییە بۆ کەڕو لاڵ
سەما نییە بۆ هۆڵی پڕ کورسیی بەتاڵ
ڕاو نییە بەبازی مۆمیا
جریوەی ئەستێرە نییە بۆ نابینا
چەخماخەی هەوری دەروونی سووتاوانی ئەڵقەی ئاگری فێنکە
نارەزاییی تینووە لە گەمەکانی تراویلکە
گوێ ڕادێرن نەی ژیاندنەوەی تەرمی قوربانی دەژەنین
بێشکەی لە داد داتاشراوی خۆرپەروەران ڕادەژەنین
نامانەوێت قردێلەی کردنەوەی دەرگای زیندانی تر بقرتێنرێ و
بێ زمان، بێ قەڵغان، بێ دۆست... فرێ بدرێینە بێشەڵان
نامانەوێت کۆشکی پێکەنین لە گریان
بەهەشت لە دۆزەخی کۆیلان
بەهار لە سووتووی پەپوولان
مێژوو لە سەربردەی کرێت
پەرستگە لە خەتاو گوناه دروست بکرێت.
لە میهرەجانی هاتنەوەی ئۆدۆسیۆس-دا
پەڕەسێلکە و دار و بەرد شیوەن بگێڕن
کوکوختی کوێن بکەنە مل
ڕەنگاڵە بەرگ بگۆڕن
نامانەوێت کەزیدار قوڕبگرنەوەو
پەلکەزێڕینەی پەڕەمووچ بشارنەوە
هەڵۆ بەدیار توێکڵە هێلکەی شکاوەوە هەڵبکورمێن
هەسپی تەروادەی ڕۆژگاری دێوودرنج
بەئەسپایی لەژێر بەفری ڕەشی خەمۆکیدا برزێت
پەنگخواردنەوەی چ ژانێکی ژاراویشە بپرسرێت:



«ئەو هەموو کرمەو یەک برین؟.
ئەو هەموو داوەو یەک شیرین؟.
ئەو هەموو شکارەو یەک شێر؟.
ئەو هەموو باجەو یەک شمشێر؟.
ئەو هەموو خاچەو یەک شمشێر؟.
ئەو هەموو تانجەو یەک شمشێر؟.
ئەویش لە چەپکێک ویردو خێر؟.
ئەویش لە گۆلمێک چریکەی گەرمی بلوێر؟.»
یا ڕۆچوونی چ ڕمێکە بەهەناودا
پشتی ماندوو بزیڕێنێت:
«چیتر بەسەرمدا مەڕۆن!.»
ڕووباری پیرۆز بناڵێت:
«با پیس خۆیانم لێ نەشۆن.»
نیشتمانی نێرگز بڵێت:
«ئاوێنە چەند درۆزنە
کوا ئەم سیمایە هی منە!.»
خۆ بەردەستێمان لێک نەدا
ئاگری کوشتار هەڵگیرسێت
خۆ مالاو ماڵ، کۆتەڵ و بووکە بارانەی سیاساڵمان
نەگێڕا تا لافاوی کوشندە هەڵسێت
وترا: زەنگێک... زەنگێک... زەنگێک...
لاشەی ژیان، هەڵدێراو و خنکاوان بانگ دەکاتەوە
وترا: سبەی ڕەشەبای جادووەکان دەشکێ و
گەمیی هەستێکی میهرەبان
بێنەوایان هەڵدەگرێت و فەنەری ڕۆخێکی ئارام
توند توند لە باوەشمان دەگرێت

وترا: سبەی کۆنەکاژو ناوکی ڕزیو دەگۆڕڕێن
چوزانین ڕێگای ئاوریشم
دارەبازی زیندووەکانی پێدادەڕوات
پشیلەی واگاهاتنەوە
کۆترە پەڕزێڕەکانی خەون دەخوات
چوزانین ئاوی ئەفسوونیش سکی تەرم ناجوولێنێت
خۆڵەمێشی فرمێسکەکانیش وێرانە و داروپەردوو ناخەملێنێت
چوزانین هەمیشە مەلی گەردن بلوور
لەو قۆرتانە دەخۆنەوە کە تکەتکی ڕۆندکی تەنبوورڤانێک
هەڵی کەندوون، ئەوانیش بەکوڵ دەخوێنن
سەرجەلەمان دەچێتەوە سەر مامزان بۆیە تیرەکان بەخوێنن
چوزانین هێڵی نیوچەوان دەگاتەوە سیروانی چک
چارەنووسە.... هەمیشە ڕاوەشاندنی داری وشک
خوازەڵۆکی پێش قاپیی میهرو مرازی لە مانگ دوورتر
گیتارژەنی چاو لە پەنگری گەش سوورتر
ماسیگری دەریای تۆپیو
ئەسپسواری بەهای چەقیو
چاوەڕوانی خۆلێکدانی (لەیل و مەجرووم) و هاتنەدیی
خەونی ڕاستی... خەونی ژوانێکی ئەبەدی
ئەو سپییانەی بەئاسمانەوەش هەڵدەفڕن
پۆلە کۆتری سپی نین
وردە پارچەی پەیامی دراوی جوانین
بانوماش نازانێت بۆ کوێ سەرهەڵدەگرن
وەک منداڵی پۆلی یەکەم
ساکارانە... بەشەوقەوە بەرەو دنیا دەڕۆیشتین
چی جۆگەی ڕوانینی کوشتین؟.



سەما... سەما...
تاویژدان بارانی پاکی دەخواتەوە
تا ڕووناکی... ڕۆح و جەستە دەشواتەوە
تا زەوی دەسووڕێتەوە
تا کەژاوەی دەمووزی دەگەڕێتەوە
تا بەردی ئەو هەڵەمووتە
بەردی ئەو هەورازە ڕکە
تاشە بەردی ئەو هەورازە نەفرەتییە
سەر دەخرێتەوە بان لوتکە
سە... ما... سە... ما...
سە... ما...
سە...
ما...

١٩٩٨- ١٩٩٩

## قەپێلکە تەوتەمییەکان

سبەینان کە دەژییێمەوە
کە لەگەڵ یەکەم پرشنگی قووقەکاندا دەڕوێمەوە
کە وەک پەنجەرە بەروە با...
وەک پەنجەرە بەروە خۆرەتاو و گیا... دەکرێمەوە
لە جیاتی چەشتنی باخچە
لە جیاتی ستران چڕین و لە ئامێزنانی کەمانچە
لە جیاتی دۆشینی هەور
لە جیاتی درەوشانەوە و یادگە شووشتن
بەخوناوە زێڕەکانی تەراتیلی ئەوەل سەحەر
لە جیاتی موناجاتێکی لە ئامێزی پڕ چێژی دەملوون
خۆشتر و جوانتر لە گەمەی پەپوولەو زەل بنووسم
لە هەواڵی دارزەیتوونە نەخۆشەکەو
دارخورمایە پەناهەندەکە بپرسم
لە جیاتی گۆلمێک سووتان بۆ پەرییەکانی
دەلاقەی سرووش ڕابگرم
لە جیاتی کۆتری وێڵی جوانیی شتێک بگرمەوە
لە جیاتی بەدەم کێشانی یەکەم جگەرەوە... چێژی
سێوەکانی ڕامووسانێکی دایکانە بگێڕمەوە
مۆتەکەکان لە مێژووی خۆم و دار و بەرد بسڕمەوە
لە کووپەگۆڕ بێمەدرێ و تێر تێر ئەفسوونی پەیکەرو
شیلەی سەماو مۆسیقای نەخشونیگار و
شیری هزری ڕەنگاوڕەنگم لێ ببارێت
قورینگی هەست... ئاسمان بەئاسمان بگەڕێت
لە جیاتی...
لە جیاتی...



دەچمە سەر گۆڕی دەمووزی و شیننامەیەک دەخوێنمەوە
دەگرمەوە پەڕوباڵی بابردووی تاوسی خەنین
بەیەک تاقەبروسکەی بەهاکانەوە:
یەک تاقە پەڕەمووچەوە
لەگەڵ خۆمدا... دەچمە شەڕی مەنجەنیقی گەمارۆدان
شەڕی ئەژدیهای حەوت سەری... لێڕی ژیان
شەڕی پانکەکانی بەڵا
شەڕی قەڵا لەدوا قەڵا
شەڕی زرێکانی بەرم
شەڕی داڵ و دڕکی سەرم
شەڕی گوڵەبەدەکانی باخی ئیرەم
شەڕی منەکانی دەروون
شەڕی بەمۆمیاو بیابان بوون
شەڕی تەنگوتاریی زەمین
ئەو قەفەسانەی نەیانهێشت وەک باز بژین
شەڕی قەپێلکە بەردینە تەوتەمییەکان
........ ئاوی بەردین
شەڕی...
شەڕی...
شەڕی...
شەڕی...
هەموو ڕۆژێک تا خۆرنشین
شمشێر ناچێتەوە کالان
نەمن جەستەم جۆگەلەی سووری لێ دەتکێت
نە دۆزەخی هەتاهەتاییش تێکدەشکێت
٢٠٠٠/٧/١٤

## پەڕەمووچەی سیمرخ

بەمنداڵی
گوێم نەدەدایە دیمەنی
ئەو پەڕەمووچانەی... قل... قل
لە جێ برینی چۆلەکەو
لە سنگ و باڵی ڕیشۆڵەی پێکراوەوە
لە ئاسمانڕا...
گەڵا ئاسا بەکاوەخۆ... هەڵدەوەرین
بێ پەرواش بەتەنیشت کلووی پەڕەمووچەی
ئەو کوکوختی و کۆترانە تێدەپەڕیم
کە شەو لە باخچە خورابوون
وەک لۆکە پەڕەکرابوون
لە گەنجیشدا بەقێزەوە...
پەڕەمووچەی وردی سەرشانی چاکەتە نوێیەکانم دەتەکاند
چامەیەکم هەڵدەهات و
نازو فیزی پەڕەمووچەی پەلکەزێڕینەی
تاوسی گیڤی دەشکاند
پەڕەمووچەم نەدەناسی...
تا شەوێک پەڕەمووچەیەک
هیسی شووشەی لالەکانی دڵی سڕین
پێی لە تابووتی خەمۆکیی شار هەڵفڕین
پەڕەمووچەی سیمرخی پەنجەی پەرجوویی
پەڕەمووچەی پەنجەی سیحری...
پەڕەمووچەی پەنجەی مامۆستا باکووری
جار... جار... وەک ڕووبار دەیهاڕاند
بروسکانە... کۆساری دەلەراندەوە



جار جاریش ترێی دەباراند
زەمانی پێش نەزۆکیی دەگەڕاندەوە
لە پۆپەی چلووی زستاندا
ویسەویسی دەهێنایەوە ڕاڕەوو ژێر میچی سەر
پیرە عوودە بێ نازەکەی
دەکردەوە کوڕە شازادەی چواردەساڵ
سرووتگێڕەکان...
سەرخۆشە ئاهەنگ پەروەرەکانیشی
دەکردەوە
گۆڵێک...
گۆڵمێک...
کۆزێک...
منداڵ...

شەوی ١/١/٢٠٠٢

## چەژنوارەی فەنا

بەباوەشێک ئاورەوە
بەژێی سووتاوی تارەوە
بەشەوقەوە...
دەچمە بەر گوڵبارانی با
دەچمە بەر مەمکی چلچرای سۆز و سەفا
شکا... شکا...
شکا... تەوق و تەشقی دێڤا
ئاو بەهەنگوین و شیرەوە
بەمێرخوزاری خێرەوە... هاتووەتەوە
دڵ/ گزنگ دان
هەست/ بخووری دابڕان لە شوێن و زەمان
چاو/ چەخماخەی جیلوەی ئاسمان
لووت/ پەرداخی پڕ بۆنی یار
گوێش/ ناڵەو جەزبەی بەرد و دار
شریخەی شار... دەخواتەوە
دەف ژەنینە...
خەوبینینە...
مەی نۆشینە...
نۆشینی پەلکەزێڕینەی لە هۆش چوونە
گمەی ویردی کۆترە یاهوو و زەیتوونە
بۆ کڕووزی موریدانە
کڕنووشی ئافەریدانە
ئەمشەو هەڵقوڵانی وەجدی دڵدارانە
مەستیی دەرەوەی خمخانەی بەدکارانە



مەستیی زیکری تاقە جوانە
چەشتنی نووری دێرینە
چەژنوارەی فەنابوونە
فەنابوونی گریاوانە
فەنابوونی گولاوانە
فەنابوونی (فەرهاد)ی تاقی (شیرین)ە...

شەوی بارانی ١/١٠/٢٠٠١

## قاسید

بیرمە کۆللارەم دەفڕاند و
زیکزیکەو پەپوولەم دەگرت
هێشتا شانەم هەڵدەگرت و هەڵنەدەگرت
هێشتا گیرفانم پڕ جگ بوو
گۆرەوییەکەشم پڕ هەڵمات
هێشتا بۆنی شیری خاوم لەدەم دەهات
هێشتا...
هێشتا...
هێشتا لانکم دەجووڵا
بەیانییەک
بێ ئەوەی ویردێ بخوێنم
بێ ئەوەی موو بسووتێنم
پەپووسلێمانەی قاسید لەبەر دەممدا هەڵقولا
بەکووڕەکووڕ لێم نزیک بۆوە و پێی وتم:
«چاوەکانت بنووقێنەو دەستەکانت بکەرەوە.»
هەردوو مشتی پڕ کردم لە نەمزانی چی و غەیب بۆوە
مشتی ڕاستم کردەوە دیم:
پڕ بەهرەیەو خۆرەتاوی بەختم هەڵهات
مشتی چەپیشم کردەوە
دیم: پڕ داوە پرچی لە مانگ سپیترەو
شەوگاری پیرێتیم داهات
لەو ڕۆژەوەش چارەنووسەو نابڕێتەوە...
نابڕێتەوە ڕێی دوور و درێژی وێڵگەی هاتونەهات.
ئەیلوولی ١٩٩٩



## گمەی هەنار

ئەو ئاگرە هەنارییە هەڵنەفڕیبا
ئەو چلچرایە پەرییە نەسووتابا
بوون دەبووە زاری ئەژدیها
پەنجەکان ڕەق دەبوونەوە و
زرینگەکانی دروودی پەرستگە دادیان نەدەدا
گولینگەکانی ئارمووشی
ڕیشی سانی شوورانیش
تک
تک
تک
تک
تک
یاقووتیان پێدا دەچۆڕا
گمەی ئەو هەنارە نەبا
دادەخرا پەنجەرەی بەربا
ئاسۆگە ڕەش هەڵدەگەڕا و
شەوە سرووشی دەبردین
قەلە سپییەکانی سزا
خەون و بینینیان دەخواردین
قاچ لە زەوی نەدەترازا و
سەری پڕ خەیاڵ نەدەزا
ئەو ئاگرە هەنارییە کۆترییە...
نەزۆک متفەرکی دەخوازن
دۆژنشین و

خەڵەتاو و
خەفەکراو
ئەو سازژەنە سەرکەشانەی
بەرزینی پەنجەیانەوە دەنازن
خورجەیانی پێ پڕ دەکەن لە ئۆخژن
هەڵۆکانیش مێرگی ڕۆشناییی هەڵدەمژن
٢٠٠٢/١/٢٨



## کۆترە ڕووناکەکان

بزانیایە خۆری سرووش دادەمرکێت
زستانێکی تاریک و وشک دادێت و
ئیدی پرشنگ نادات زمان
نازرینگێنەوە پەنجەکان
نابیسمەوە چریکەی سێتاری جاران
نامناسنەوە و ناناسمەوە
ڕێگاو دەرگای زەقوورەی سرووت و باران
بزانیایە جام و کووپەکان دەشکێن و
دار و بەرد ناچن بەلادا
جار جار پەپوولەی نیگەران
دەم نادەنە بەر ئاوراوی شەوبێداری و
شێت و حەیران نافڕنەوە
دەستەکانم ئاونگی چێژ ناگرنەوە
قامیشەکانیش لە نێوان لێو و سووتان نابنە بلبل
بزانیایە....
بزانیایە....
وەکو ئاو ڕاتم دەمووسی
لە باسک و قۆڵمم دەکوتایت
وەک کۆترە ڕووناکەکان... مژدە بەخشەکانی بەهەشت
بەهەردوو دەست توند دەمگرتیت
بەهەر دوو دەست بەسنگمەوەم دەنووساندیت
نەمدەهێشت لە تەرەجەی چاو
لە لیسی دڵ دوورتر بفڕیت
نەمدەهێشت لە با پەلەتر تێبپەڕیت
نەمدەهێشت شەختە بمبەستێت
شەوی ٢٠٠١/٧/١٧

## پەنجەرە

لێیەوە یەکەمین نەرمە باو
یەکەمین پریشکی گوڵاوی
هەناسەی سەحەرم لێدەدات
لێیەوە یەکەمین ئۆخژنی شینایی ئاسمان و
سڵاوی درەخت و کوکوختیم پێ دەگات
لێیەوە دەبینم خۆم و مانگ
وەک جووتێک مامزی بریندار
لەوەتی خوڵقاوین تۆقیوین
هەمیشە شەکەتین
هەمیشە لە ترسان لە غاردایین
لێیەوە چاوی تەڕ
لێیەوە هەنیەی پڕ چاڵ و لۆچ هەڵدەبڕم بۆ خودا
لێیەوە ڕووناکی
ڕەشاییی مۆتەکەی دزێوی جۆراوجۆر لادەبات
لێیەوە خەرتەلی هەست و نەست
دیواری ژوورەوە دەشکێنێت
دەفڕێتە دەرەوە
دوور... دەڕوات
دەڕۆمە پشت تەلی زبڵدان
دەگەڕێم گەلەری و گوێ دەریا و سەماگە
دەگەڕێم شەقامی ناسک و باخچەی جوان
لێیەوەش تنۆکی بارانی خۆرەتاو
گوناهی شەو دەشوات
پەنجەرە نەبووایە



تەلار و کۆشک و زنج
دەبوونە ژێرزەمین
دەبوونە پارچەیەک لە زیندان
پەنجەرە نەبووایە خەونی خۆش دەبینران؟!
پەنجەرە نەبووایە
چۆن دەژیاین؟!

١٩٩٦

## شکان

جادووکار
سەردوولکە و سروودی بۆ دەچڕیم
کفنی ڕێی نەهاتی بۆ دەبڕیم:
«دەرەوەی باوەشم سەهۆڵە
دەرەوەم کوشتارگەی پڕ داڵە
دەرەوەی ماڵی من بۆرانە
دەرەوەی بێشکەی من زیندانە
نەڕۆیتە دەرەوە
پێش دەرگا دۆزەخە
بچیتە دەرەوە
بروسکەی خواوەندە چۆف دەتخوات
شەپۆلی تووڕەیی خواوەندە نپتیۆن دەتنێژێت
کالبسۆ- ی بووکی ئاو دەتگرێت
هاوار و بەزەیی مێنرڤا دادنادات
بچیتە دەرەوە
لە شۆستەو
بن دار و دیواری شارێکدا دەتۆپیت
کەس لاشەی گەنیوت هەڵناگرێت»
تا بووە تالاوگە
تا بووە تالانگە
تا بووە سواڵگە
تا بووە ترسگە
.... کاولگە
تا پڕبوو لە مەردی دۆڕاو و موریدی دڵشکاو
ئەوێستاش



نە دڵ و چاو ماوە نەپێلاو
دەبوو زوو دوو باڵم گرتبا
ئەو هەموو چڵپاوەم نەدیبا
نەدەبوو فریوم خواردبا

١٩٩٧

* ناوەکانی هی داستانی ئۆدێسە-ی هۆمیرۆس-ن.

## فڕینی ئەسپێکی بێ باڵ

(١)

ترپەی هەنگاوی گەڕۆکیم
ئەو ئەسپەیە
جڵەو و زین فڕێ ئەدا
هەموو سوارێ
شۆڕە سوارێ فڕێ ئەدا
ئەو شەوەیە
ئەستێرەکان ئەوەرێنێ
ئەو هەورەیە
چوار وەرزی ساڵ ئەبارێنێ
ئەو کۆترەیە
ساڵ دوانزەی مانگ
بەئاسمانەوە ئەگەڕێ
گۆرانیی ئەو دەروێشەیە
زەرگی ئاگر لە خۆی ئەداو
لە شەقامەکانی شارا
بەڕووتوقووتی ئەگەڕێ

(٢)

- مەڵێن: هاوین
خۆری لە سەرمان ئەلەرزێ
لە سووچێکی
مۆزەخانەی بێدەنگی- دا
خەنجەری هاوارمان ئەڕزێ
مەڵێن تەورات
وشەکانی ئەوەرێنێ



گوڵەگەنم دەنکەکانی
چاو برژانگی
دەست نینۆکی ئەوەرێنێ
بڵێن: کاتێ
گورنەتەڵەی سەر تەختی شار
ملی هەتاوی نایەپەت
خۆشی لەناو چاوی زەقی
بێچووە مەیموونەکانا خەوت
کەڕبووین
لاڵ بووین
- ترساین... ترساین
لە تارماییی مردن ترساین
- ئێوە ترس بترسێنن
تەرمی مردن بۆ تارماییی مردن بێنن

(٣)

لەو کاتەدا
لەسەر شانۆی شارەکەما
شانۆگەرییی سەربڕینی ڕابەرەکان
پێشکەش ئەکرێ
لە یەکەم پەردە و سێهەما
گۆشتی خاویان
دەرخواردی گورگ و سەگ ئەدرێ
پێئەکەنم...
ئەگریم... پێئەکەنم... ئەگریم
ئەگریم... ئەگریم
پێئەکەنم

١٩٧٣

# پێرست


**دارستانی ئەو بنارە** ........ 5
ئێواران هەور دەسووتێت ........ 7
مەرگی کەژ ........ 12
دۆڵی کپ ........ 15
خەون ........ 17
دارهەنار ........ 18
پەنادان ........ 19
کەرک ........ 20
کەپەنک ........ 21
کێو ........ 22
شاعیر ........ 23
هاتنەوە ........ 24
قەڵای دووەم ........ 25
با ........ 26
دارستانی ئەو بنارە ........ 28
چەمی بێدار ........ 30
چۆلەکە ........ 32
هەڵگیرسان ........ 33
دەریا شینە ........ 35
مەرۆ ........ 37
سووتان ........ 38
مەرگ لە زامی مندا دەڕوێت ........ 39
نامە ........ 41
تۆ ........ 42
**نیگەرانی** ........ 43
کوڕ ژن ........ 45
تێکرژانەوە ........ 49
هێشتا درەختەکان سەوزن ........ 52
تارمایی شاخی خەم ........ 58
تۆڕ ........ 62
چراوگ ........ 63
نیشتمان ........ 64





سەفەر و قۆناخ ........ 65
بەفر ........ 67
سەردان ........ 68
عیشق ........ 69
پێکرانی بازی ڕەند ........ 70
سڵکردنەوە ........ 71
گۆرانیی نوێ ........ 72
دیاری ........ 73
دوا ژوان ........ 74
گوڵ ........ 75
ڕەگ ........ 76
سیروان ........ 77
کانیی نەمر ........ 78
ڕیشی ڕیا ........ 79
نەفرەت ........ 80
گورگ ........ 81
سەربەستی ........ 82
زریان ........ 83
مەهاباد ........ 84
وەڕسی ........ 85
لووره ........ 86
گەمارۆدان ........ 87
ئاسکە خەمبار ........ 88
**بەفری گەرم** ........ 89
بەفری گەرم ........ 91
سێ شەوی مەستی ........ 99
ماڵ و خەوزڕان و بەرد ........ 101
باڵ گرتنەوە ........ 103
ئاگر ........ 104
تەبایی ........ 105
دیوار ........ 106
پەیژە ........ 107
باز ........ 108
بازنەی شەو ........ 109

بـازاڕ ..... 112
زیندەخەو ..... 114
جەزبەی پیـران ..... 116
نـاخ ..... 118
تەمەن ..... 120
پرتەقاڵ ..... 121
حیکایەتی هەتاو ..... 122
نەگونجان ..... 123
گـۆدۆی چاوەڕێ ..... 125
ئێوارە وەختێکی درەنگ ..... 127
بەفر ..... 130
ئاگردان ..... 131
لوتکە ..... 136
دوو نیسانی جیا ..... 138
سێ کـاتی دژ ..... 140
پیـر ..... 142
خۆر و شەوگار ..... 145
هەستە درۆزنە ..... 147
خانەخوێ ..... 148
ڕێ ..... 149
ئەمـەک ..... 150
شەوبا ..... 151
مان گرتن ..... 152
سێ باڵـندە ..... 153
قـەقنەس ..... 154
بارانبـڕە ..... 155
دەنگی هۆنراوەیەک ..... 156
سـێ بـاران ..... 158
**هەژانی بەرد** ..... 161
گـاوگـەردوون ..... 163
دەربـازبـوون ..... 167
مۆمیا ..... 172
هەڵدێر ..... 175
جـۆشـان ..... 181




دۆزەخنامـە ..... 187
بـاڵ ..... 193
دڵە بەردینەکـان ..... 194
ماڵێک ..... 195
گوناهەکانی منداڵی ..... 196
ژوورێـک ..... 198
خزینی تاج ..... 199
شکانی قـۆزاخەی ئارام ..... 202
شـوێنکات ..... 204
نژار ..... 206
بارانی سوور ..... 207
ڕامـانی سیـزیف ..... 208
بینـین ..... 210
حەوت تێڕامان ..... 212
ڕۆژئاوای شـار ..... 215
نیـسـان ..... 217
پرسـیار ..... 219
چیـا ..... 222
گۆشەگیری ..... 224
کێشـە ..... 224
**باڵ لە فڕیندا سووتاوە** ..... 225
زریزە دەبەستن قـورینگ ..... 227
نەگـونجان ..... 234
فـریادڕەس ..... 241
خۆڵەمێشی فرمێسکەکان ..... 247
قەپێلکە تەوتەمییەکان ..... 251
پەڕەمووچەی سیـمرخ ..... 253
جەژنوارەی فـەنا ..... 255
قـاسـیـد ..... 257
گـمـەی هەنار ..... 258
کۆترە ڕووناکەکان ..... 260
پەنجـەرە ..... 261
شکان ..... 263
فڕینی ئەسپێکی بێ باڵ ..... 265

* دارستانی ئەو بنارە چاپی یەکەم ١٩٧٨
* نیگەرانی چاپی یەکەم ١٩٨٥
* بەفری گەرم چاپی یەکەم ١٩٩٢
* هەژانی بەرد چاپی یەکەم ١٩٩٩
* باڵ لە فڕیندا سووتاوە چاپی یەکەم ٢٠٠٤ (دەزگای ئاراس)